
WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (350) دووشەممە 2015/3/9 18ی رەشەمێی 2714 (750) دینار

# یەک ملیۆن دۆلار بۆ نووسینگەی قوباد تاڵەبانی



**رووداو- سلێمانی**

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز بڕی یەک ملیۆن دۆلار بۆ راوێژکاریی تایبەت بە نووسینگەی جێگری سەرۆکی حکومەت خەرج دەکات.

لە بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا بە ژمارە 795 کە لە 2015/1/22 بە ئیمزای ئاشتی هەورامی دەرچووە و ئاراستەی بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی کراوە، هاتووە "ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز بەژمارە (8163) لە 2014/12/14: بڕیاردرا بەگواستنەوەی گوژمەی تەنیا (1،000،000) یەک ملیۆن دۆلار بۆ ژمارە حیسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ سەر حسابی ژمارە (2001) بە دۆلار لە بانکی منارە، بەمەبەستی تەرخانکردنی خەرجی راوێژکاریی تایبەت بە نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، پارەی دیاریکراویش لە حیسابی داهات و پرۆسەکانی نەوت و گاز لە هەرێم بە ژمارە 1702 دابەزێت لە بانکەکەتان، لەئەنجام ئاگادارمان بکەنەوە".

تەرخانکردنی ئەو پارەیە لە کاتێکدایە کە حکومەت تاوەکو ئێستا مووچەی مانگی یەکی فەرمانبەرانی کوردستانی نەداوە.

« 2



پارێزگاری نەینەوا بۆ (رووداو):

## بە ئێرانمان گوتووە نابێ بەشداری شەڕی مووسڵ بکەن

5

کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان:

## هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ساڵێک کاتی پێویستە

4

## 8000 کۆمپانیا خۆیان لە باج دزیوەتەوە

8

بێ ئاگادارکردنەوەی بەغدا

# کوردستان 3 ملیار دۆلاری لە پارەی یەدەگی عێراق بردووە

لێژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر هەرێمی کوردستان پێکهێنراوە

« 3





رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (350) دووشەممە 2015/3/9

## تێچووی مانگێکی عومرەکاران 7 ملیۆن دۆلار بووە

**رووداو- سلێمانی**

مەریوان نەقشبەندی، لە راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (رووداو)ی راگەیاند تەنیا لەمانگی رابردوودا 6 هەزار کەس لە کوردستانەوە سەفەری عومرەیان کردووە کە تێچووەکەیان نزیکەی 7 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار بووە. ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە بۆ وەرزی حەجی ئەمساڵیش 3 هەزار و 656 هاووڵاتی کوردستان دەچنە سعودیە کە تێچووی هەر یەکێکیان 4 ملیۆن و 200 هەزار دینارە و لەرۆژی 7ی ئەم مانگەشەوە و تا ماوەی مانگێک وەرگرتنی پارە بەردەوامە.





# ملیۆنێک دۆلار بۆ راوێژکارانی قوباد تاڵەبانی خەرج دەکرێت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز بڕی یەک ملیۆن دۆلار بۆ راوێژکاریی تایبەت بە نووسینگەی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران خەرج دەکات و ئەندامێکی دەستەی نەزاهەش دەڵێت بەدواداچوونی بۆ دەکەن.

لە بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا بە ژمارە 795 کە لە 2015/1/22 بە ئیمزای ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان دەرچووە و وێنەیەکی دەست (رووداو) کەوتووە و ئاراستەی بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی کراوە، هاتووە "ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز بەژمارە (8163) لە 2014/12/14: بڕیاردرا بەگواستنەوەی گوژمەی تەنیا (1،000،000) یەک ملیۆن دۆلار بۆ ژمارە حیسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ سەر حسابی ژمارە (2001) بە دۆلار لە بانکی منارە، بەمەبەستی تەرخانکردنی خەرجی راوێژکاریی تایبەت بە نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، پارەی دیاریکراویش لە حیسابی داهات و پرۆسەکانی نەوت و گاز لە هەرێم بە ژمارە 1702 دابەزێت لە بانکەکەتان، لەئەنجام ئاگادارمان بکەنەوە".

تەرخانکردنی ئەو یەک ملیۆن دۆلارە بۆ خەرجی راوێژکاریی تایبەت بە نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە کاتێکدایە کە حکومەت تاوەکو ئێستا مووچەی مانگی یەکی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی نەداوە.

(رووداو) بۆ وەرگرتنی رای نووسینگەی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیوەندی بە د.سامان جەلال، بەڕێوەبەری راگەیاندنی نووسینگەکەوە کرد، ئەو داوای کرد تاوەکو بەڵگەنامەکە نەبینێت، قسە لەسەر ئەو بابەتە ناکات، بەڵام سەرەڕای ناردنی بەڵگەنامەکە بۆی، تاوەکو ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە وەڵامی نەداوەتەوە.

ئەندامێکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت کە بەدواداچوون بۆ ئەو نووسراوە دەکات و دەڵێت "لەو قەیرانە داراییەدا خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ راوێژکار جێی سەرنجە".

ئومێد حەمەعەلی ئەندامی لیژنەی نەزاهە لەپەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند "لەم قەیرانی دارایی و بێ مووچەییەدا تەرخانکردنی ئەو پارەیە بۆ خەرجی راوێژکاریی تایبەت بە نووسینگەی جێگری سەرۆکی حکومەت جێی سەرنجە، بۆیە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، نووسراوێک ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم بۆ ئەوەی نووسراو بۆ چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە بکرێت، تاوەکو رێکاری یاسایی بگرنەبەر".

# لێکۆڵینەوە لە 500 ملیۆن دیناری رێکخراوە ناحکومییەکان دەکرێت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو - سلێمانی**




دەستەی نەزاهەی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و وردبینییە لە پڕۆژەیەکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان کە 500 ملیۆن دیناری تێدا خەرجکراوە، پەرلەمانیش داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران و چاودێری دارایی دەکات بەدواداچوون بۆ پڕۆژەکانی ئەو فەرمانگەیە بکەن.

کاری فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان کە ساڵی 2013 دامەزراوە، بریتییە لە تۆمارکردنی رێکخراوە ناحکومییەکان و دابینکردنی پشتیوانی دارایی بۆ پڕۆژەی رێکخراوەکان و بەرزکردنەوەی توانایان.

لە بودجەی 2013دا بڕی 15 ملیار دینار بۆ ئەو فەرمانگەیە تەرخانکراوە، فەرمانگەکەش لە هەمان ساڵدا بەدوو قیست و ساڵی رابردووش هەتا مانگی (7) پارەی بۆ پڕۆژەی رێکخراوەکان خەرجکردووە، بەڵام دواتر بەهۆی قەیرانی داراییەوە پاڵپشتی دارایی راگرتووە.

ئێستا دەستەی نەزاهە لێکۆڵینەوە لە پڕۆژەیەکی جێبەجێکراوی ئەو فەرمانگەیە دەکات کە تێچووەکەی 511 ملیۆن دینار بووە.

ئەکرەم محەممەد کە لەسەر پشکی یەکگرتوو کراوەتە سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان بە (رووداو)ی راگەیاند، پاش دەستبەکاربوونی لەگەڵ دەستەی نەزاهە قسەی کردووە بۆئەوەی هەماهەنگی بکەن و ئاشکراشی کرد کە ئێستا دەستەکە لێکۆڵینەوە لە پڕۆژەیەکی فەرمانگەکەیان دەکەن کە پێشتر لەلایەن سێ رێکخراو وەرگیراوە و 240 رێکخراویش لەو پڕۆژەیەدا لە شارەکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی بەشدارییان کردووە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی توانای کادیرانی ئەو رێکخراوانە. گوتیشی "پڕۆژەکە لەبواری تواناسازیدا بووە کە بڕی 511 ملیۆنی بۆ خەرجکراوە و ماوەی 8 مانگی خایاندووە لە ساڵانی 2013 و 2014، بەڵام ئێستا سکاڵا لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنەکەی هەیە".

نووسراوێکی فەرمانگەی کاروباری یاسایی و لێکۆڵینەوە لە دەستەی نەزاهە بە ژمارە (18 لە 2014/11/6) کە ئاراستەی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان کراوە، داوای (هاوکاری و ئاسانکاری) لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان دەکات.

لەنووسراوەکەدا هاتووە "تکایە ئاسانکاری بۆ بەڕێز (ئەحمەد سەعید حەمەغەریب) لێکۆڵەری دادوەریی فەرمانگەکەمان بکەن بەمەبەستی بەدواداچوون و کۆکردنەوەی بەڵگە".

سەبارەت بەڕەوتی بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەکان ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی بە (رووداو)ی راگەیاند، بەو پێیەی دۆسیەکە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە، ناتوانێت زانیاری ورد ئاشکرا بکات.

مانگی تەممووزی ساڵی رابردووش داواکاری گشتی بە نووسراوێک داوای روونکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو پڕۆژەیە کردووە و فەرمانگەکەش وەڵامیان داوەتەوە. بەگوتەی شوان مەحموود، جێگری سەرۆکی فەرمانگەکە "داواکاری گشتی بە (باشە) وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام هەندێک تێبینی ئیدارییان لەسەر فەرمانگە هەبووە نەک پڕۆژەکە، تەنانەت خۆیشمان بەشێوەی مەیدانی ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پڕۆژەکە بووین".

بەڵام ئەکرەم محەممەد دەڵێت پێش دەستبەکاربوونی خۆی "بەدواداچوونی باش بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان نەکراوە، بەڵکو زۆرجار بە تەلەفۆن بەدواداچوون کراوە".

هەرچەندە لەماڵپەڕی فەرمانگەکەدا ئاماژە بەنووسراوی نێچیرڤان ئەحمەد، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران دراوە کە دوای بینینی راپۆرتەکانی فەرمانگەکە دەستخۆشی لێکردوون، بەڵام پەروا عەلی، جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی لەپەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "ئەنجوومەنی وەزیران و چاودێری دارایی بەدواداچوونیان بۆ پڕۆژەکانی ئەو فەرمانگەیە نەکردووە، بۆیە داوایان لێدەکەین کە بەدواداچوون بۆ کارەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی بزانین لەسەر چ بنەمایەک پارەیان داوەتە رێکخراوەکان".

## پەرلەمانتارێک:

# مووچە بە دینار بدرێت حکومەت 67 ملیار دینار زەرەر دەکات

**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

جێگری سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان پێشنیاز دەکات حکومەت مووچەی مانگی یەکی فەرمانبەران بە دۆلار بدات، چونکە لە گۆڕینەوەی پارەدا زەرەرێکی زۆر دەکات.

دوای ئەوەی حکومەتی عێراق مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی بۆ مانگی کانوونی دووەم بە تەواوی نەنارد، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا بڕی 500 ملیۆن دۆلار لە حکومەتی تورکیا قەرز بکات، بڕیاریشە بەم نزیکانە پارەکە بگات و مووچەی مانگی یەک دابەش بکرێت، بەڵام ئەوەی بووەتە گرفت لەبەردەم حکومەت، گۆڕینەوەی ئەو 500 ملیۆن دۆلارەیە بە دینار، چونکە ئەوکات حکومەت لە گۆڕینەوەی پارەکەدا زۆر زەرەر دەکات.

دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان پێشنیازێکی بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، لە بری دینار، مووچەی مانگی یەک بە دۆلار بدرێتە فەرمانبەران. ئەویش لەبەر دوو هۆکار. دڵشاد شەعبان بە (رووداو)ی گوت "ئەو 500 ملیۆن دۆلارەی کە حکومەت لە تورکیا قەرزی کردووە، ئەگەر بیگۆڕێتەوە بە دینار دەیباتە بانکی ناوەندی بەغدا، لە بانکی ناوەندیش نرخی دۆلار جێگیرە و یەک دۆلار بەرامبەرە بە 1166 دینار، لە کاتێکدا ئێستا نرخی یەک دۆلار لە بازاڕەکانی دراو لە کوردستان گەیشتووەتە 1300 دینار".

ئەو پەرلەمانتارە هەروەها دەڵێت "ئەگەر لەو کاتەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو 500 ملیۆن دۆلارە بگۆڕێتەوە و هەر دۆلارێکیش بەرامبەر بە 1166 دینار بێت، ئەوە دەکاتە 583 ملیار دینار، بەڵام ئەگەر لە بازاڕ ئەو پارە بگۆڕێتەوە دەکاتە 650 ملیار دینار، بەمەش حکومەت 67 ملیار دینار زەرەر دەکات".

دڵشاد شەعبان پێیوایە ئەگەر مووچە بە دۆلار بداتە فەرمانبەران، ئەوە دوو سوودی هەیە، یەکەم "ئەو پارە گۆڕینەوەیە لە دینار بۆ دۆلار هەر هیچ نەبێت 10 رۆژ دەخایەنێت، ئەمەش زۆرە، هەروەها ئەگەر 500 ملیۆن دۆلار لە رێگەی مووچەی فەرمانبەران بکەوێتە بازاڕەوە، ئەوکات هاوسەنگییەکیش لە نێوان نرخی دۆلار و دینار دروست دەبێت".

ئەگەر حکومەت مووچە بە دۆلار بدات، بە چەند لەسەر فەرمانبەرانی حیساب دەکات؟ دڵشاد شەعبان دەڵێت "ئەگەر بۆ هەر دۆلارێک 1166 دینار حیساب بکات، زۆر باش دەبێت و فەرمانبەران سوودمەند دەبن".

## لێژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکهێنراوە

# بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر براکەی خۆی سزا نادات

### عەلی عەودی: وەزیری پەروەردە پێیگوتم جارێ بڕیارەکە جێبەجێ مەکە

**سالح قادر**
**رووداو- هەولێر**

لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر دوو لێپرسراوی پەروەردەی دەشتی هەولێر پێکدەهێنرێت بەهۆی ئەوەی بڕە پارەیەکیان بە ناوی ئیفادکردنیان بۆ قوتابخانەکان وەرگرتووە، بەڵام سەردانی قوتابخانەکانیان نەکردووە. بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێریش داوای گەڕاندنەوەی پارەکە و سزادانی ئەو دوو لێپرسراوە دەکات کە یەکێکیان برای بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێرە، بەڵام بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر بڕیارەکە جێبەجێ ناکات.

بەپێی ئەو دۆکومێنتانەی دەست (رووداو) کەوتوون، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر لە 2014/3/31 لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێناوە لەسەر دوو فەرمانبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر.

لێژنەکە دوای تەواوکردنی کارەکانیان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت ئەو دوو فەرمانبەرە سزا بدرێن و پارەکە بگەڕێننەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، هەروەها بگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی دوور.

لێژنەکە پێشنیازی کردووە "سزای گەڤ ئاراستەی (جونەید ئادەم عارف) لێپرسراوی پلاندانان و (وەلی عەودی حەمەدەمین) لێپرسراوی نهێنییەکان لە پەروەردەی دەشتی هەولێر بکرێت". هەروەها گەڕاندنەوەی ئەو پارەیە بۆ خەزێنەی دەوڵەت کە جونەید ئادەم بڕی 426 هەزار دیناری وەرگرتووە، هەروەها وەلی عەودی کە برای بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێرە 415 هەزار دیناری وەرگرتووە. لێژنەکە هەروەها داوا دەکات ئەم دوو فەرمانبەرە بگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی دوور.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر تاوەکو ئێستا دووجار داوای لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر کردووە، پێشنیازەکانی لێژنەی لێکۆڵینەوە جێبەجێ بکەن، بەڵام بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر کار بە بڕیاری لێژنەی لێکۆڵینەوە ناکات.

بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر جاری یەکەم بە نووسراوی ژمارە 199 لە رێکەوتی 2015/1/7 ئەنجام و پێشنیازی لێژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر ناردووە، هەروەها جارێکی دیکە بە نووسراوی ژمارە 3545 لە رۆژی 2015/2/12 جەخت لە جێبەجێکردنی فەرمانەکەی پێشوویان دەکاتەوە.

### "فەرمانەکە جێبەجێ ناکەم"

عەلی عەودی، بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر، پشتڕاستی کردەوە کە لێژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر دوو فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتییەکەی پێکهێنراوە، بەڵام گوتی پابەند نابێت بە جێبەجێکردنی پێشنیازەکانی لێژنەکە.

ناوبراو گوتی "من ئەو فەرمانەی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر جێبەجێ ناکەم، چونکە پێکهێنانی ئەو لێژنەیە وەکو تۆڵەکردنەوەیە لە من".

عەلی عەودی رەتیکردەوە کە براکەی هیچ بڕە پارەیەکی خواردبێ و گوتی "فەرمانبەرەکەی دیکە بە کارێکی پەروەردە بە ئۆتۆمبێلی خۆی دەرچووبوو، تووشی رووداوی هاتوچۆ هاتبوو، ئێمە قەرەبوومان نەکردەوە، لە بری ئەوە ئیفادمان کرد تاوەکو سوودمەند بێت لە ئیفادەکە، براکەی منیش لەگەڵی ئیفاد کرا و پارەکەی ئەویش درا بە فەرمانبەرەکە، بەڵام لێتان ناشارمەوە لە کاتی ئیفادکردنیان نەچووبوونە هەموو قوتابخانەکان و بە تەلەفۆن لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کارەکانیان جێبەجێ کردبوو".

ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە وەزیری پەروەردەی لەو بابەتە ئاگادار کردووەتەوە، ئەویش پێیگوتووە کە جارێ فەرمانەکە جێبەجێ نەکات، تاوەکو خۆی لەبابەتەکە دەکۆڵێتەوە.



رووداو
ژمارە (350) دووشەممە 2015/3/9

راپۆرت



## "بۆ شەڕی موسڵ بارزانی بڕیاردەدات نەک پەرلەمان"

**رووداو- هەولێر**

دلێر ماوەتی، جێگری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند "ناردنی هێز بۆ موسڵ لە دەسەڵاتی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە و مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە هاوکات فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە دەتوانێ هێز بجووڵێنێت و پێویست بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ناکات". دلێر ماوەتی هەروەها گوتی "شەڕی موسڵ هەلێکی لەبارە بۆ ئەوەی هەموو هەرێمی کوردستان مەرجەکانی خۆی بخاتە بەردەم حکومەتی فیدراڵی عێراق و بیسەپێنێ، چوونی هێزی پێشمەرگە بە مەرج دەبێت، هەموو لایەنەکانیش دەبێت لەسەر مەرجەکان رێکبکەون".

### لێژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر هەرێمی کوردستان پێکهێنراوە

# "بەغدا دەڵێ کوردستان سێ ملیار دۆلاری لە یەدەگی عێراق بردووە"

## بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان: ئەگەر بەغدا راست دەکات با بەڵگە بخاتەڕوو

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

حکومەتی عێراق، هەرێمی کوردستان تۆمەتبار دەکات بە بردنی نزیکەی سێ ملیار دۆلار لە پارەی یەدەگی عێراق، پەرلەمانتارێک دەڵێت "ئەگەر ئەوە راست بێ، ئەوا مەترسییەکی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەبێت".

پێش سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی باس لە وردەکاری رێککەوتنی نێوان هەولێر بەغدا بکەن لەسەر هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ دەرەوە و پشکی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق. حکومەتی عێراق مەلەفێکی دیکەی لەسەر هەرێمی کوردستان کردووەتەوە کە تایبەتە بە بردنی پارەی یەدەگی عێراق.

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد کە لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی عێراق دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە لەسەر دیار نەمانی نزیکەی سێ ملیار دۆلار لە پارەی یەدەگی عێراق کە لە هەرێمی کوردستان بووە.

موسەننا ئەمین دەڵێ "بانکی بازرگانی عێراق لقی لە هەولێر و سلێمانی هەیە، ئەو بانکە سەر بە بانکی ناوەندیی عێراقە و نزیکەی سێ ملیار دۆلاری تێدا دانرابوو وەکو پارەی یەدەگی عێراق کە کەس بۆی نییە دەستکاری بکات". بەڵام بە قسەی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق "لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بەبێ ئاگاداریی حکومەتی عێراق ئەو پارەیە بۆ مووچە و پێدانی قەرز خەرجکراوە". گوتیشی "لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانیش قسەم کردووە و ئەوانیش پشتڕاستیان کردەوە. نکۆڵییان لە خەرجکردنی پارەکە نەکرد و گوتیان پێویستیان پێی بووە".

موسەننا ئەمین ئەمە بە "خەرقێکی گەورە" دەزانێت "چونکە دەستبردن بۆ پارەی یەدەگ دەبێ بە بڕیارێکی سیادی بێ و بەهیچ شێوەیەکیش کەس نەزانێ و بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دزە نەکات، هەرێمی کوردستان دەستی بۆ ئەو پارەیە بردووە و دەبێ پارەکە بداتەوە، ئەگەر نا بەغدا لە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی دەبڕێ".

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکی پێشووی (رووداو)دا راگەیاند کە لە 2014 و بەپێی راپۆرتی وەزارەتی دارایی عێراق، حکومەتی عێراق 16 تریلیۆن دینار قەرزداری هەرێمی کوردستانە. گوتیشی "بۆ دابینکردنی مووچە و بودجەی کوردستان ناچاربووین قەرز بکەین".

پەرلەمانتارێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق کە بەشدارە لەو لێژنەی لێکۆڵینەوەیەی بەغدا دایناوە، دەڵێ "بانکی بازرگانیی عێراق دەڵێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ ئاگاداریی ئێمە ئەو پارەیەی بردووە و خەرجی کردووە".

پێدەچێ ئەگەر شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمجارە سەردانی بەغدا بکات، جگە لە مەلەفی ناردنی نەوت و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، بابەتی خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە مەلەفێکی دیکەی مشتومڕەکان بێت.



بەڵام بەڕێوەبەری گشتی بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان رەتیدەکاتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بۆ پارەکە بردبێ. ئەدهەم کەریم دەڵێ "لە 2014 بەشێکی زۆر لە خاوەن کارەکان داوای خەرجکردنی چەکیان کرد، بەڵام کە پارەی کاشمان نەبوو، چوونە لای بانکی بازرگانیی عێراق کە بە TBI ناسراوە و لەوێ چەکەکەیان کردووە بە پارەی کاش".

ئەدهەم کەریم هەروەها دەڵێ "هەموو بانکێک لە هەرێمی کوردستان، حیسابی لای بانکی ناوەندیی هەرێمی کوردستان هەیە، داوامان لە خاوەن کارەکان کردووە کە نووسراوی بانکی بازرگانیی عێراق بۆ ئێمە بێنن، کە سبەینێ نەک ئەو پارەیە لەسەر ئێمە حیساب بکات و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش سویلەی نەبێ بۆیان خەرج بکات، بانکی بازرگانیش نووسراوی بۆ ئێمە کردووە کە ئەوان داوای پارە لە ئێمە ناکەن تاوەکو سیولەیان لەبەردەست بێ".

بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان داوا لە بەغدا دەکات یەک بەڵگە بخاتەڕوو کە پارەی ئەوان بۆ مووچە یان بۆ هەر بابەتێکی دیکە لە کوردستان خەرجکرابێ.

### عەبادی: کورد کێشەی خاکی هەیە

لەلایەکی دیکەوە حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی ئەم دواییەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەبارەت بە کێشەی بودجە و مووچە بۆ سەرۆک فراکسیۆنە کوردییەکان لە بەغدا ئاشکرا کرد.

ئەحمەد رەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق بەشێک لە نێوەڕۆکی کۆبوونەوەی سەرۆک فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق لەگەڵ حەیدەر عەبادی ئاشکرا کرد و گوتی "عەبادی بە ئێمەی گوت، کێشەی سەرەکی کورد لەگەڵ ئێمە نییە کە ئەویش کێشەی خاکە، بەڵکو لەگەڵ لایەنی دیکەیە کە سوننەیە". بەڵام بە بڕوای سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق ئێستا کورد "سێ کێشەی لەگەڵ عێراق هەیە کە هەرسێکی پەیوەندی بە شیعەوە هەیە".

ئەحمەد رەشید دەڵێ "کێشەی یەکەم: خاکە، دووەم: دەسەڵات، سێیەم: داراییە. لەسەر دەسەڵات کێشەی گەورەی کورد لەگەڵ شیعەیە کە ئێستا ئەوان خاوەن دەسەڵاتن، هەروەها لەسەر داراییش کێشەمان لەگەڵ شیعەیە". دەربارەی کێشەی خاکیش گوتی "کێشەی کورد لەگەڵ سوننەیە، بەڵام ئێستا شیعە لەرێگەی حەشدی شەعبییەوە دەیەوێ لە کەرکووک کێشەی خاکیش دروست بکات".

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی هەوڵێکی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە کەرکووک ئاشکرا دەکات و دەڵێ "حەشدی شەعبی بەڵێنی بەخەڵک داوە دایانبمەزرێنن، تەنانەت زانیاریمان هەیە بە نیازن 5 هەزار کورد وەکو حەشدی شەعبی لە کەرکووک دابمەزرێنن".

### عەبادی لە ئاشتی نیگەرانە

حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان نیگەرانە. ئەحمەد رەشید دەڵێ "عەبادی لە ئاشتی هەورامی ناڕەحەت بووە و بە ئێمەی گوت کاتێک بە شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان گوت 250 ملیار دینار ئامادەیە، ئاشتی هەورامی پێیگوتم نامانەوێ و ئەوەش بدەن بە داعش . بەم قسەیە ناڕەحەتی لەنێو کۆبوونەوەکە دروستبوو". بەڵام عەبادی گوتی "ئێمە لەوە تێدەگەین نێچیرڤان بارزانی لە ژێر گوشاردایە و سێ مانگە مووچەی فەرمانبەرانی نەداوە و لە قسەکانی ئەو ناڕەحەت نابین، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانن ئەگەر لە هەرێمی کوردستان سێ پارێزگا مووچەیان دواکەوتووە، ئەوا من 15 پارێزگام هەیە کە مووچەیان دوادەکەوێ، منیش لەژێر گوشاردام".

### لەبارەی چاکسازی نێو یەکێتی

# بۆچوونی کۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح جیاوازە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

هێشتا سەرکردەکانی یەکێتی نەیانتوانیوە لانیکەم کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی حیزبەکەیان رێکبخەن، کار گەیشتووەتە ئەوەی هەر بۆنەیەکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بێتە پێشەوە و دەزگایەکی نێو ئەو حیزبە بەیاننامەی بۆ بڵاوبکاتەوە، دەبێ بەشێکی بەیاننامەکە تەرخان بکات بۆ کێشە نێوخۆییەکانی حیزبەکەی.

دوای ئەوەی لەبارەی دەستنیشانکردنی میکانیزمێک بۆ بەڕێوەبەردنی یەکێتی و ئەنجامدانی چاکسازی و بەستنی کۆنگرە سەرکردەکانی یەکێتی بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتن، ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بووەتە خواستێکی گرنگ. بەڵام بۆچی ناتوانن کۆببنەوە؟

ئەندامێکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی رەتیکردەوە ئەنجوومەنی ناوەندی هیچ پرۆژەیەکیان دابێتە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و گوتی "تەنیا داوامان کردووە کۆبوونەوەیەک بکەن".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها گوتی "کاک کۆسرەت لەو ماوەیە لە دەرەوە بوو، دەبوو دوێنێ یەکشەممە لەو بارەیەوە هەندێک قسە بکرێت، بەڵام بەهۆی بارودۆخی کەرکووکەوە کۆبوونەوەکە دوا دەکەوێت".

بەڵام بابەتەکە زۆر پێوەندیدار نییە بە دۆخی کەرکووک و شەڕی چەکدارانی داعشەوە، چونکە دۆخی نێوخۆیی حیزبەکە نزیکە لەوەی لە گرێژنە دەربچێت و زۆر پرسی هەنووکەیی گرنگ لەبەردەم یەکێتی هەن کە دەبێ بڕیاریان لەسەر بدرێ.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

لە دواییین کۆبوونەوەی چوار سەرکردە ناکۆکەکە، کۆسرەت رەسوڵ، بەرهەم ساڵح، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا بەختیار، لەسەر ئەوە رێککەوتن 6 لیژنە پێکهێنراوەکە راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی بکرێ کە ماوەی ساڵێکە نەکراوە.

هەفتەی پێشوو لێژنەی راگەیاندن بە سەرۆکایەتی ئەرسەلان بایز، بە یەک کۆبوونەوە کارەکانی خۆی کۆتایی پێهێنا و راپۆرتی خۆی نووسی و ناردی بۆ مەکتەبی سیاسی.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی لیژنەی راگەیاندن، باسی ئەو کۆبوونەوەیە دەکات و دەڵێ "دۆخی راگەیاندنی یەکێتی ئێستا چۆنە و چۆن دەگوزەرێ، هەموویمان کردە راپۆرتێک و بەرزمان کردەوە بۆ مەکتەبی سیاسی". گوتیشی هەندێک پێشنیازیشمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو راگەیاندنی یەکێتی نووسیوە "مەرج نییە هەموو پێشنیازەکان جێبەجێ بکرێن، ئێمە پەیوەندیمان بە گرفت و کێشەوە نییە و کاری ئێمە ئەوە بووە راپۆرتی خۆمان بنووسین".

هەریەک لە لیژنەی ئاڵوگۆڕکردنی پۆستەکانی نێو یەکێتی و لیژنەی پەیوەندییەکان دەستبەکار بوون. بەڵام هیچکام لەو لیژنانە هێشتا کاری خۆیان تەواو نەکردووە و راپۆرتیان ئامادە نەکردووە. ئەندامی یەکێک لەو لیژنانە کە هاوکات ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە، پێیوایە ئاڵۆزیی کێشەکان لە هێزی لیژنەکان زۆرترە و نەیشاردەوە "ئێستا هیچکام لە باڵەکان زۆر هیوایان بەو لیژنانە نییە".

بەڵام لیژنەی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان و لیژنەی دارایی و رێکخستن هێشتا دەستبەکار نەبوون. بەبڕوای فەرید ئەسەسەرد "کاری ئەو 3 لیژنەیە ئاڵۆزە و بەو ئاسانییە تەواو نابن". پشووەکانی نەورۆز و بەهاریش هێندەی دیکە کاری لیژنەکان دوادەخەن و لەنێو ئەو هەموو کێشەیەدا، یەکێتی دەگاتەوە بەردەم 1-6 کە ساڵیادی دامەزراندنیەتی.

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی لیژنەی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانە کە هێشتا دەستبەکار نەبووە، ئێستا جگە لەو لێژنانە رێگایەکی دیکە شک نابات لە بەردەم سەرکردەکانی یەکێتیدا بۆ ئەوەی زەمینەی چارەسەر و پێکەوە هەڵکردن بێتە ئاراوە "دەبێ هەر چاوەڕێ بین تاوەکو لیژنەکان کاری خۆیان تەواو دەکەن". ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتیشی "هیوای ئێستا لیژنەکانن".

وەک سەرکردەکانی یەکێتی باسی دەکەن، لە کۆتاییدا راپۆرتی لیژنەکان بەرچاوی سەرکردە ناکۆکەکان روونددەکەنەوە کە دۆخی نێوخۆیی یەکێتی ئێستا چۆن دەگوزەرێ، دواتر کە راپۆرتەکان تاوتوێ کران، بڕیار دەدەن ئاخۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کەی ببەسترێ و ئایا کۆنگرەی چوارەم ببەسترێ یان نا.

هەرێم کەمال ئاغا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی وایدەبینێ ساڵی رابردوو لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە کاری زۆرباشی کردووە "ئەگەر رێککەوتنێک بێتە ئاراوە، دەتوانرێ بە پشتبەستن بەو ئامادەکارییانە کۆنگرە زۆر دوانەخرێ".

مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی یەکێتی، رۆژی 7ی ئادار بەیاننامەیەکی بەبۆنەی ساڵیادی راپەڕینەکەی سلێمانی بڵاوکردەوە. بەیاننامەکە باسی مەترسیی زیاتر گرژبوونی رەوتی کێشەکان دەکات لە نێو یەکێتیدا و داوا لە سەرکردەکانی یەکێتی دەکات لەوە زیاتر تابلۆی یەکێتی نەشێوێنن.

یەکێک لە سەرکردەکانی پێشووی یەکێتی لەو باوەڕەدا نییە لیژنەکان دەرگای چارەسەری بەڕووی کێشەکانی یەکێتیدا بکەنەوە و دەڵێ هەریەکە لەو باڵانە بەبێ چاوەڕوانیکردنی ئەنجامی لێژنە هەوڵی بەهێزکردنی خۆی دەدات "تەنانەت بۆچوونی جیاواز لە نێوان کاک کۆسرەت و کاک بەرهەمیش هەیە، چونکە کاک کۆسرەت پێیوایە دەرفەت و زەمینەی چاکسازی هەیە و دەبێ هێندەش دوورەپەرێز نەمێننەوە، بەڵام کاک بەرهەم بۆچوونێکی دیکەی هەیە".

دوای هەوڵی زۆری نێوبژیوانەکان، هاتن و چوونی شاندە ئێرانییەکان، ئەمڕۆ یەکێتی بە تونێلێکی تاریکدا رەتدەبێ. لێکترازان و گەڕێکی دیکەی بێدەنگیکردن لە ناکۆکییەکان هێندەی یەک دوورن لەو حیزبەوە. لەوانەیە ئەو حیزبە پەلەی نەبێ، بەڵام رووداوەکان خێران و یەکێتی پێویستی بە بڕیاردان هەیە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی داوا لە سەرکردەکانی یەکێتی دەکات رۆژی 6/1 هەڵبژێرن بۆ وەلانانی کێشەکانیان "هەرنەبێ بیری ئەو هەموو شەهید و قوربانییەیان بێتەوە کە یەکێتی داویەتی". عەدنان موفتی ئومێد دەکات لە یادی دامەزراندنی یەکێتیدا گۆڕانکارییەک بێتە ئاراوە "راستە لیژنە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە دانراوە، بەڵام یەکێتی نێو یەکێتی و بەستنی کۆنگرە، دەتوانن یەکێتی لە هەموو قەیرانەکان دووربخەنەوە".

## بزووتنەوەی ئیسلامی: یەکگرتوو و کۆمەڵ تەنیا خەمی کورسیانە

**ڕووداو- هەولێر**

عەبدوڵا وەرتی، گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی ڕایگەیاند تاوەکو ئێستا هیچ قسە و کۆبوونەوەیەک لەسەر پڕۆژەکەی سەلاحەددین محەممەد بەهائەدین ئەمینداری پێشووی یەکگرتووی ئیسلامی نەکراوە بۆ یەکخستنی هەڵوێستی (یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە). ناوبراو گوتی "ئێمە پڕۆژەکەمان قبوڵ بوو، بەڵام تائێستا هیچ کۆبوونەوەیەکمان لەسەر نەکردووە، ئەوان هەر دەڵێن پڕۆژەکە باشە، بێ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت". ناوبراو گوتیشی "دوو حیزبەکەی دیکە تەنیا لە خەمی کورسی خۆیان و بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان، ئەگەر پڕۆژەش هەبێت دەیمرێنن".



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (350) دووشەممە 2015/3/9

کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان:

# هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان 60 ملیۆن دۆلار و ساڵێک کاتی پێویستە



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

پەرلەمانتارێک:

### لە پڕۆژە بودجەی 2015 یەک دیناریش بۆ کۆمیسیۆن تەرخان نەکراوە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، ئاشکرای دەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و گشتپرسی لەسەر دەستوور، پێویستیان بە زیاتر لە 12 مانگە بۆ ئامادەسازی.

ڕۆژی 2015/8/19 ماوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆتایی دێت و تاوەکو ئێستاش باسی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و گشتپرسی لەسەر پڕۆژەی دەستوور لەئارادا نییە. سەرۆکی کۆمیسیۆن دەڵێ لانیکەم پێویستیان بە 12 مانگە بۆ ئامادەسازی بۆ هەر هەڵبژاردنێک لە هەرێمی کوردستان.

هەندرێن محەممەد، سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بۆ هەر هەڵبژاردن و ڕاپرسییەک پێویستمان بە نزیکەی 12 مانگ هەیە بۆ ئامادەسازی و ڕێکخستنی کارەکان و کردنەوەی نووسینگە لە شارەکان و دەرەوەی وڵات و دامەزراندنی کارمەند و مەشق و ڕاهێنان بە کادیران".

هەروەها گوتی "وەکو کۆمیسیۆن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی شەفاف و بێ کێشەو گرفت بەڕێوەببەین، جگە لەوەی کاتی باشمان پێویستە، هەیکەلی ئیداریی کۆمیسیۆنەکەشمان دروست نەکردووە، چونکە تازە ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران سوێندی یاساییان خواردووە و دەستبەکار بوون".

سەبارەت بەو بودجەیەی کە کۆمیسیۆن بۆ هەر هەڵبژاردنێک پێویستی پێیە، گوتی "چ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و چ بۆ گشتپرسی لەسەر دەستوور، کۆمیسیۆن پێویستی بە 60 ملیۆن دۆلار هەیە، ئەو بڕە پارەیەش پێویستە هەرێمی کوردستان دابینی بکات".

ئەوە لەکاتێکدایە کە د.عیزەت سابیر، سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت لە پڕۆژە بودجەی ساڵی 2015ی هەرێمی کوردستاندا هیچ بڕە پارەیەک بۆ کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن تەرخان نەکراوە "لە پڕۆژە یاسای بودجەی 2015 دا هیچ حیسابێک بۆ کۆمیسیۆن نەکراوە، لە کاتێکدا ئەو کۆمیسیۆنە هێندەی وەزارەتێک پێویستی بە بودجە و فەرمانبەر هەیە هەر لە دابینکردنی ستاف و کردنەوەی نووسینگە و دەیان پێداویستی دیکە".

د.عیزەت سابیر هەروەها گوتی "ساڵانە 100 ملیۆن دۆلار لە بودجەی سیادی عێراق بۆ هەڵبژاردن و گشتپرسی دادەنرێت، ئەگەر ئەو پارەیە خەرج نەکرا لە بوارێکی دیکە خەرج دەکرێت، بۆیە پێویستە بەغدا خەرجییەکانی هەر هەڵبژاردنێکی هەرێمی کوردستان دابین بکات، کاتێک دابینی ناکات ئەمە مانای شەڕی سیاسییە".

سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە لە پڕۆژە بودجەی ساڵی 2015 ی هەرێمی کوردستاندا بڕی 150 ملیار دینار بۆ حاڵەتی تەنگانە و لە ناکاو تەرخانکراوە، بۆیە ئەگەر هەڵبژاردن و گشتپرسی لەو ساڵەدا کرا، دەبێ داوای دابینکردنی بودجەی کۆمیسیۆن لەو 150 ملیار دینارە بکەین".

ویلایەتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەریمی کوردستان لە 2015/8/19 کۆتایی دێت، ئێستا سێ سیناریۆ لە بەردەم هێزە کوردستانییەکاندایە، ئەوانیش درێژکردنەوەی ویلایەتەکە، یان ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەی دوو لە یاسای ژمارە 1ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ساڵی 2005، کە دەڵێ: "سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە دەنگدانێکی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردێت".

سیناریۆی سێیەم دروستبوونی کۆدەنگی لایەنە کوردستانییەکان و ئەنجامدانی گشتپرسییە لەسەر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە ئەمەش کات و بودجەی دەوێت.

ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2014 لە 9 کەس پێکهاتوون کە بەسەر 5 حیزبەکەی باشووری کوردستان (پارتی و گۆڕان و یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ) دا بەشکرا لەگەڵ دیاریکردنی نوێنەری پێکهاتەی تورکمان و مەسیحی، بەڵام لەسەر کورسییەکانی پارتی و یەکێتی. ئەم کۆمیسیۆنە سەرپەرشتی هەڵبژاردن و گشتپرسییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان- عێراق دەکات.

# چوار وەزارەت بەدواداچوون بۆ زێدەڕۆیی زەوی کشتوکاڵی دەکەن



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگری لە زێدەڕۆیی سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان، لیژنەیەکی باڵای بە سەرۆکایەتی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت پێکهێناوە، بەڵام جێگری سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت زەحمەتە ئەو زێدەڕۆییە بە لیژنە چارەسەر بکرێ.

ماوەی زیاتر لەمانگێکە لیژنەیەکی باڵا لە وەزیرانی ناوخۆ، کشتوکاڵ، شارەوانی، پێشمەرگە و نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی دادوەری و ئەنجوومەنی شورا، بە سەرۆکایەتی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت پێکهێنراوە بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی خەڵک بە زێدەڕۆیی خانوویان لەسەر دروستکردوون.

د.ئەنوەر عومەر قادر، بەڕێوەبەری گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێ، لەسەرەتای ئەم کابینەیەوە نەهێشتنی زێدەڕۆیی بۆ سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان یەکێک بووە لە بەرنامە گرنگەکانیان "وەزیری کشتوکاڵ فەرمانێکی بۆ سەرجەم فەرمانگەکان دەرکردووە بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ئەوانەی زێدەڕۆییان کردووەتە سەر زەوییەکان".

ناوبراو باسی سکاڵا تۆماکردنی خەڵک دەکات "تائێستا لەسنووری ئیدارەی گەرمیان 500 سکاڵا و لە سلێمانیش 200 سکاڵا تۆمارکراون و لەپارێزگای دهۆکیش دەست بەڕێگریکردن لەزێدەڕۆیی کراوە، بەم نزیکانەش لە هەولێر دەستپێدەکات".

ساڵی 2012 وەزارەتی کشتوکاڵ ڕووپێوییەکی بۆ زانینی ڕێژەی زێدەڕۆیی سەر زەویی کشتوکاڵی کرد و دەرکەوت 24 هەزار و 346 دۆنم زەوی کشتوکاڵی زێدەڕۆیی لەسەر کراوە و 2 هەزار 487 حاڵەتی زێدەڕۆیی تۆمارکراوە. بەگوتەی د.ئەنوەر "ئێستا ژمارەکە زیاتریش بووە".

هەروەها باسی ئەو شوێنانەی کرد کە زێدەڕۆیی کراوەتە سەر زەویی کشتوکاڵی و گوتی "زۆرترینی ئەو شوێنانە ڕێگە سەرەکییەکانن، بۆ نموونە لە هەولێر ڕێگەی هەولێر- شەقڵاوە، هەولێر- کەرکووک، لە سلێمانیش لەناوچەی سیتەک و مێرگەپان".

ئێستا لیژنە باڵاکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای ئەنجامدانی ڕووپێوییەکی نوێیان کردووە بۆ دەستپێکردنی کارەکانیان.

ماوەی نزیکەی سێ هەفتەیە لە سنووری پارێزگای دهۆک دەستکراوە بەڕێگریکردن لە زێدەڕۆییکردنە سەر زەوی کشتوکاڵی. زیاد حوسێن، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ لە پەرلەمانی کوردستان کە خەڵکی شارۆچکەی زاخۆیە، ئەو هەنگاوەی حکومەت بۆ ڕێگریکردن و نەهێشتنی زێدەڕۆیی بە "سەرەتایەکی باش" دەزانێ و دەڵێ "نزیکەی سێ هەفتەیە لەپارێزگای دهۆک و بەتایبەتیش لەزاخۆ هەڵمەتی ڕێگریکردن لە زێدەڕۆیی دەستپێکردووە و لەوکاتەوە حاڵەتی نوێ تۆمار نەکراوە".

زۆرجار بەرپرس و دەستڕۆیشتووە حیزبیەکان تۆمەتبار دەکرێن بە زێدەڕۆیی یاخود کەسانی نزیک لە بەرپرسەکان. ئەوەش وای لە مەلا غەریب پێنجوێنی، جێگری سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانی کوردستان کردووە کە بێ ئومێد بێ لەو لیژنە باڵایەی حکومەت "بەشبەحاڵی خۆم لەو باوەڕەدام کە ئەو هەموو گرفتە بە دروستکردنی لیژنە چارەسەر ناکرێت".

لیژنە باڵاکەی حکومەت دەتوانێت لێپرسینەوە لەبەرپرسان یاخود کەسانی نزیک لە بەرپرسان بکات؟ د.ئەنوەر عومەر، لەوبارەیەوە باسی هێزی یاسا دەکات "ئەگەر یاسا هێزی پێدرا، ئەوا هیچ کەسێک ناتوانێت لەدژی بوەستێ و ئەگەر لیژنەیەکیش لە ئەنجوومەنی وەزیران کار بکات چۆن ئەنجامی نابێت".

لە خولەکانی ڕابردووی پەرلەماندا 6 یاسا بە مەبەستی ڕێگریکردن لەزێدەڕۆیی بۆ سەر زەوی کشتوکاڵی دەرچووە و ساڵی 2006، خودی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەی بۆ هەمان مەبەست دروستکرد و لیژنەکە هەندێک ڕێوشوێنی توندیشی گرتەبەر.

بەڵام هێشتا مەلا غەریب پێنجوێنی، ئاماژە بەپڕۆژە بڕیارێکی دیکەی لیژنەکەیان دەکات کە ئامادەی دەکەن بۆ ڕێگریکردن لەزێدەڕۆیی، یاخود لە پەرلەمانەوە بەبڕیارێک زێدەڕۆیی کشتوکاڵی ڕابگیرێت، بەڵام گوتەبێژەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ پێیوایە نەهێشتنی زێدەڕۆیی پێویستی بەبڕیار یاخود دەرکردنی یاسا لە پەرلەمان نییە "یاسا و بڕیار هەیە، بەڵام کێشە لەجێبەجێکردنی یاساکانە".

ترسی بەرپرسانی پێوەندیدار تەنیا لەو زەوییانە نییە کە لەماوەی ڕابردوودا بە زێدەڕۆیی داگیرکراون، بەڵکو ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە لە داهاتوودا دوور نییە حکومەت خۆی زەوی بەدەستەوە نەمێنێ. د.ئەنوەر دەڵێت ئەگەر ئەو دیاردەیە چارەسەر نەکرێت، ئەوا "لەساڵانی داهاتوودا کشتوکاڵیش نامێنێ".

### زانیاری لەبارەی زێدەڕۆییەکان

- 24 هەزار و 346 دۆنم زەوی کشتوکاڵی زێدەڕۆیی لەسەر کراوە
- 2 هەزار و 487 حاڵەتی زێدەڕۆیی لەسەر زەوی کشتومالی تۆمارکراوە
- 6 یاسا لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون بۆ ڕێگری لە زێدەڕۆیی
- ئێستا 4 وەزارەت بەدواداچوون بۆ زێدەڕۆیی سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان دەکەن
- لە سلێمانی و گەرمیان 700 سکاڵا لەسەر زێدەڕۆکاران تۆمار کراون

# 300 گۆڕی بە کۆمەڵی قوربانیانی کورد هەن

### وەزارەتی شەهیدان: هێشتا ڕووپێوێکی سەتەلایتیمان بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان نەکردووە

**عوبێد ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

نزیکەی 300 گۆڕی بەکۆمەڵی هاووڵاتیانی کورد لە عێراق هەن کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، وەزارەتی شەهیدانیش دەڵێت هێشتا نەیانتوانیوە ڕووپێوی سەتەلایتی بۆ گۆڕەکان بکەن.

یەکێک لەو گۆڕانە ڕوفاتی 7 پێشمەرگەی تێدایە لە گوندی گەرەگۆنی سەر بە ناحیەی سەرسنگ. ئەو پێشمەرگانە لە ساڵی 1988 لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە شەهیدکراون، ئێستا کەسوکاریان داوا دەکەن گۆڕەکە هەڵبدرێتەوە و ڕوفاتەکان لە شوێنێکی دیکە بە مەراسیمێک بەخاک بسپێردرێن.

پەری نووری، سەرپەرشتیاری گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بەم نزیکانە گۆڕە بە کۆمەڵەکەی ناحیەی سەرسنگ هەڵدەدرێتەوە و چاوەڕێی نوێنەری وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقن.

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی دهۆک ڕەخنە لەوە دەگرێت کە تاوەکو ئێستا دهۆک خاوەنی گۆڕستانێکی تایبەت بە ئەنفالکراوانی نییە و گوتی "هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش بەحیزبی کراوە".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "چەندین جارە نووسراو دەکەین لەسەر داوای خەڵک بۆ ئەوەی وەزارەت بێن و گۆڕە بە کۆمەڵەکانی خەڵکی ئەم ناوچەیە هەڵبدرێنەوە و لە ڕێوڕەسمێکدا دووبارە بەخاک بسپێردرێن، بەڵام وەڵاممان نادەنەوە و ئەو بابەتەش کراوە بە بابەتێکی سیاسی".

بەڵام سەرپەرشتیاری گۆڕە بەکۆمەڵەکان ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئەوەی سەرسنگ هەموو شتێکی حازرە، تەنیا ماوە نوێنەری وەزارەتی مافی مرۆڤی عراق بێت بۆ ئەوەی دۆکیومێنت بکرێت و لە دوارۆژدا مافی کەسوکاریان نەخورێ".

پەری نووری نایشارێتەوە کە چەندین گۆڕی دیکەی بە کۆمەڵ هەن، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک نەیانتوانیوە دەریانبێنن و لە گۆڕستانی تایبەت دووبارە بە خاکیان بسپێرن "تاوەکو ئێستاش ڕووپێوی سەتەلایتیمان نییە بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان کە ژمارەیان زیاترە لە 300 گۆڕ لە سەرانسەری عێراق، ئێستاش ناوبەناو هەواڵگر پێماندەڵێن لە فلان شوێن گۆڕێک هەیە، دوای بە دواداچوون ئینجا لای خۆمان تۆماری دەکەین".





## ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری نەینەوا:

# بەفەرمی بە ئێرانمان گوتووە نابێ بەشداری شەڕی مووسڵ بکەن

● هەرێمی کوردستان ڕۆڵی دەبێ لە شەڕی مووسڵدا

**هێشتا پارێزگاری نەینەوایە، بەڵام نزیکەی 10 مانگە پارێزگاکەی خۆی نەبینیوە و زۆربەی کاتەکەی لە هەولێر بەسەردەبات. لەژوورێکی بچووک، کە تەنیا ئاڵای عێراقی تێدابوو لەگەڵ تاخمێک قەنەفەی ڕەش، قسەی بۆ (ڕووداو) کرد. ئەو هێشتا هەر خۆی بە پارێزگاری نەینەوا دادەنێ و ئێستا لە هەموو کات زیاتر سەرقاڵی داڕشتنی پلانی شەڕی داهاتووی مووسڵە. ئەسیل نوجێفی لەم هەڤپەیڤینەدا دەڵێ "شەڕی مووسڵ پێش هاتنی هاوین دەستپێدەکات". هەروەها دەشڵێ "نە تورکیا و نە ئێمە بەهیچ شێوەیەک قبووڵ ناکەین ئێران و حەشدی شەعبی وەکو ئەوەی لە تکریت ڕوویدا بەشداری شەڕی مووسڵ بکەن، بە قاسم سلێمانیش دەڵێین سوپاست دەکەین و پێویستمان بە تۆ نییە".**

**هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد**

● شەڕی مووسڵ پێش هاوین دەستپێدەکات

● ئەمریکا چەکی داوە و تورکیاش دەیدات بەو هێزەی شەڕی مووسڵ دەکات

● ئێمەی سوننە لە عێراق بەتەنیا نین

● سەرکردەکانی تکریت هەڵەی گەورەیان کرد کە داوای هاوکاری ئێران و حەشدی شەعبییان کرد

● تکریت لە دوای داعشیش جێگیر نابێ

● ئەوەی لە تکریت ڕوویدا لە مووسڵ دووبارە نابێتەوە

**ڕووداو: وەزیری بەرگریی تورکیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان بووە، لەگەڵ ئێوەش کۆبووەوە، باسی شەڕی مووسڵتان کرد؟**

**ئەسیل نوجێفی:** وەزیری بەرگریی تورکیا دوای سەردانەکەی بۆ بەغدا، سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. پێش ئەو سەردانە ئوسامە نوجێفی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لە ئەنقەرە بوو، لەگەڵ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی تورکیا کۆبووەوە، ئەم هەموو جموجوڵە بۆ ئەوەبووە کە چۆن پاڵپشتیی تورکیا بەدەست بێنین بۆ شەڕی مووسڵ.

**ڕووداو: پاڵپشتی تورکیا بۆ شەڕی مووسڵ چۆن دەبێ و چییە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** پاڵپشتی تورکیا ئەوەیە کە لەسەری ڕێککەوتووین، دابینکردنی پێداویستیی سەربازی و پڕچەککردنی ئەو هێزەی شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵ دەکات. باسی ئەوەمان نەکردووە کە سوپای تورکیا بەهێزی پیادە بەشداربێ، بەڵام تورکیا لە ڕێگەی هاوپەیمانان بەشدار دەبێ و پێداویستی سەربازی و چەک لە ڕێگەی بەغداوە دێ.

**ڕووداو: ئەو چەکەی تورکیا دەیدات تانک و تۆپ و چەکی قورسیشن؟**

**ئەسیل نوجێفی:** نەخێر، ئێمە پێویستمان بەو چەکەیە کە شەڕی نێو شاری پێدەکرێ، ئەویش چەکی سووک و مامناوەند و چەکی پاڵپشتیکردنە، لە ئاسمانیش هێزی هاوپەیمانان بە فڕۆکە بەشدار دەبن. ئەو هێزەی شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵ دەکەن ئەوانەن کە ئێستا مەشق دەکەن. تورکیا هاوکاری سەربازی بۆ حکومەتی عێراق دەنێرێ و پێش چەند ڕۆژێک بە فڕۆکە چەکیان داوە بە حکومەتی عێراق.

**ڕووداو: ئایا تورکیا هاوکاری هەرێمی کوردستانیش دەکات لە ڕووی سەربازی و پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ئەوەی ئێمە دەیزانین بەڵێ هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکات، لەو کاتەوەی شەڕی داعش دەستی پێکردووە هاوکاری سەربازی دەگەیێنن بە هەرێمی کوردستان و ڕاهێنان بە پێشمەرگە دەکەن. هەروەها وەزیری بەرگریی تورکیا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە، ئەوەی ئێمە دەزانین لەو کۆبوونەوەیە باسی ئەوە کراوە کە هەرێمی کوردستان لە ڕووی سەربازییەوە پێویستی بە چییە.

**ڕووداو: دەگوترێ ڕۆڵی تورکیا لە شەڕی داعش لە عێراق غائیبە، لە چاو ڕۆڵی ئێران؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ڕۆڵی تورکیا بۆ ئێمە زۆر گرنگە و گرنگییەکەش سەرووی مەسەلەی سەربازییە. تورکیا و دەوڵەتانی عەرەبی سوننی ئەگەر لەم شەڕە خۆیان بەدوور بگرن ئەنجامی باشی نابێ.

**ڕووداو: بەڵام خۆیان بەدوورگرتووە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ئێستا خۆیان نزیک دەکەنەوە، ئەوەتا ئوردن و میسر بە چڕی هاتوونەتە پێش و تورکیاش کە هاتووەتە پێش بۆ شەڕی داعش و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر هەڵوێستی سعودیەدا هاتووە. هەموو ئەمانە وایکردووە کە ئێمە (سوننە) لە عێراق یەک لایەن نەبین و بڵێین ئەوەتا تەنیا شیعە شەڕی داعش دەکات. پێویستە سوننەش ڕۆڵی هەبێ لە شەڕی داعش. لە پارێزگای سەلاحەددین سەرکردەکانی ئەو پارێزگایە بۆچوونەکانیان جیاوازبوون لە ئێمە و داوای هاوکارییان لە ئێران و حەشدی شەعبی کرد، بەڵام من دژی ئەو هەنگاوەبووم، چونکە ئەمە دۆخی ناوچەکە جێگیرناکات دوای نەمانی داعش.

**ڕووداو: بۆ ئەوان داوایان لە ئێران و شیعە کرد، بۆ داوایان لە تورکیا و ئەمریکا نەکرد، وەکو ئێوە لە پارێزگای مووسڵ؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ئەوان پێیانوایە ڕۆڵی دەوڵەتانی هاوپەیمانان لاوازە و ناتوانن ئەم ناوچانە ڕزگار بکەن. لەو بڕوایەدان ڕۆڵی ئێران کاریگەرەو ئێران بەهێزە و دەتوانن ئەنجامی خێراتر بەدەست بهێنن. من لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە نیم و نەبووم. ڕۆڵی ئێران سەبارەت ئەوەی ئەگەر خێراتر بێ بۆ لەنێوبردنی داعش، بەڵام لەداهاتوودا هەندێ کێشە دێنە پێش کە دەربازبوون لەو کێشانە ئاسان نییە و دۆخی ناوچەکەش جێگیر نابێ.

**ڕووداو: کێشەکان چی دەبن؟**

**ئەسیل نوجێفی:** کێشەی تایفی لە ناوچەکە دێنە پێش، ئەگەر داعشیش نەمێنێ، بەناوێکی دیکە و بە پێکهاتەیەکی دیکە هەر دەمێنێ، چونکە خەڵکی ناوچەکە حوکمی شیعە قبووڵ ناکات. لە عێراق هەموو شتێک بەدەست حکومەتەوە نییە، بەڵکو لایەنی دیکە هەن و گوشاریان زۆرە لە عێراق و دەتوانن ڕای خۆیان بسەپێنن بەسەر عێراقدا و ئێستا دەسەڵاتی زۆریان هەیە بەسەر عێراقدا.

**ڕووداو: تورکیا قبووڵ دەکات حەشدی شەعبی و ئێران بێتە پێش بۆ مووسڵ و شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵ بکەن؟**

**ئەسیل نوجێفی:** تورکیا لەگەڵ ئەوە نییە ئەوان بێنە پێش، بەڵام تورکیا لەسەر ئەوە بڕیار نادات بەڵکو ئەوە ئێمەین بڕیار دەدەین. تورکیا ناتوانێ بڕیارێک بدات کە ئێمە لەسەر شتێکی دیکە ڕێککەوتبین. تورکیا ناتوانێ هەڵوێستی خۆی دەرببڕێ کاتێ پارێزگاری سەلاحەددین و سەرکردەکانی ئەو پارێزگایە داوای حەشدی شەعبی و ئێران دەکەن.

**ڕووداو: تورکیا وەزیری بەرگری خۆی لەسەر شەڕی مووسڵ ڕەوانەی عێراق کرد، چی هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئێران و قاسم سلێمانی ڕۆڵیان نەبێ لە ڕزگارکردنی مووسڵ؟**

**ئەسیل نوجێفی:** موناقەشەی تێدا نییە کە تورکیا بوونی ئێران و نزیکبوونی لە نزیک خۆی بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێ و ئەمە قسەی لەسەر نییە. بەڵێ تورکیا نایەوێ ئێران لە مووسڵ و ئەم ناوچەیە هەبێ. بەڵام ئەگەر هەموو عێراقییەکان گوتیان با ئێران ڕۆڵی هەبێ ئایا ئەوکات تورکیا دەتوانێ بڵێ قبووڵ ناکەم؟ نەخێر ناتوانێ. بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمەش نامانەوێ و بەخێرهاتنی ئێران ناکەین بۆ مووسڵ و ناوچەکە.

**ڕووداو: دوای کۆبوونەوەتان لەگەڵ وەزیری بەرگریی تورکیا لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە، چی لەو کۆبوونەوەدا هەبوو؟**

**ئەسیل نوجێفی:** کۆبوونەوەکە ڕوون و ئاشکرابوو، بۆ ئەوەبوو هەڵوێستەکان یەکبگرن. چونکە شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵ زۆر ناکێشێ. پێشمەرگە ناوچەی زۆری ڕزگار کردووە و لەزۆر شوێن نزیکی مووسڵن. بۆیە دەبێ کاری ئێمە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بێ و زۆربەی کارەکانی ئێمەش لەنێو هەرێمی کوردستان دەبێ.

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان خاڵی دەستپێکردنی شەڕی مووسڵ دەبێ؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ئەوە یەکێکە لە بژارەکان، چونکە زیاتر لە بژارەیەکمان لەبەردەستە، هەرێمی کوردستان ڕۆڵی دەبێ لەو شەڕەدا. ئێمە و هەرێمی کوردستان لە شەڕی داعشدا لەگەڵ هاوپەیمانەکانین و ئەمە بۆ ئێمە هەنگاوێکی گرنگە و بە بەرپرسانی تکریتیشم گوتووە کە ناکرێ دژایەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکەن، بەڵکو دەبێ بەشێک بن لەو هاوپەیمانێتییەی بۆ شەڕی داعش پێکهێنراوە. هەرێمی کوردستانیش هەمان ڕێچکەی گرتووەتەبەر کە لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە.

**ڕووداو: ئێوە وەکو پارێزگاری مووسڵ و خەڵکی مووسڵ؟**

**ئەسیل نوجێفی:** بەڵێ.

**ڕووداو: ئەمەتان بەڕاشکاوی بە حکومەتی عێراق گوتووە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** بەڵێ و بۆ زیاتر لە جارێک و زۆر بە ڕاشکاوانە بە حکومەتی عێراقمان گوتووە کە هاتنی هێزی ئێرانی یان هەر هێزێک لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی بکرێ و ئێرانیش نەبێ وەکو میلیشیاکان، کێشەیەکی زۆر گەورە دێتە پێش لە پارێزگای نەینەوا و دەبێتە هۆی ئەوەی داعش بەهێزتر ببێ، ئەمەم بە ڕاشکاوی بە ئێرانیش گوتووە.

**ڕووداو: واتە لەگەڵ قاسم سلێمانی کۆبوونەوەت هەبووە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** نەخێر لەگەڵ قاسم سلێمانی کۆنەبوومەتەوە، بەڵام بە لایەنی فەرمی ئێرانیم گوتووە.

**ڕووداو: لایەنی شیعی هێدی هێدی دەست بەسەر ناوچەکانی سوننەدا دەگرن، ئەوەتا هاتن بۆ تکریت و دیالە و سبەینێ دێن بۆ مووسڵ، ئێوە ئەوە قبووڵ دەکەن؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ئێمە بەتەنیا نین، ئێمە و کورد پێکەوەین. هاتنە پێشی شیعە، ناوچەکە هەمووی دەخاتە نێو کێشەیەکی گەورەوە. پاراستنی دۆخی ئەمنی هەرێمی کوردستان بەندە بە دۆخی ئەمنیی مووسڵەوە. بە تێکچوونی دۆخی مووسڵ، هەرێمی کوردستان جێگیر نابێ. بەڕاستی هەرێمی کوردستان و خودی مەسعود بارزانی لە مەسەلەی مەشقپێکردنی هێزەکانی ئێمە بۆ شەڕی مووسڵ زۆر هاوکاری ئێمەی کردووە.

**ڕووداو: دەگوترێ سەرکردەکانی سوننە لە تکریت "خیانەت"یان کرد کاتێک لەگەڵ شیعە و ئێران ڕێککەوتن؟**

**ئەسیل نوجێفی:** پێمانوایە ئەوان هەڵەی گەورەیان کردووە و ئەو هەنگاوەی گرتوویانەتە بەر کێشەی گەورە بۆ خۆیان دروست دەکەن لە تکریت، بەڵام بەکارهێنانی وشەی خیانەت گەورەیە و بەکاری ناهێنین.

**ڕووداو: داوای هێزی وشکانی ئەمریکاتان کردووە بەشدار بن لە شەڕی مووسڵدا؟**

**ئەسیل نوجێفی:** من داوام نەکردووە، بەڵکو داوای هێزی پاڵپشتی ئاسمانی و چەکمان کردووە، بەڵام ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ بەبێ ئەوەی من ئاگادار بکەنەوە داوایان لە ئەمریکا کردووە کە هێزێکی نێودەوڵەتی بەشداربێ لەشەڕی مووسڵدا. بەڵام ئەمریکاش خۆی نایەت و بڕواناکەم لەم قۆناغەدا ئەوە گرنگبێ، ئەگەر هێزی خۆمان پڕ چەککرد و مەشقی باشیان پێکرا ئەوا دەتوانن لەگەڵ سوپای عێراق مووسڵ ڕزگار بکەن. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە هەندێ فیرقەی سوپای عێراق ئامادەن بۆ شەڕی مووسڵ. ئێستاش وەزیری بەرگری عێراق، فەرماندەی هێزەکانی پیادەی عێراق و فەرماندەی شەڕی مووسڵ، هەموویان خەڵکی مووسڵن.

**ڕووداو: پێتوایە شەڕی ڕزگارکردنی تکریت درێژە بکێشێ؟**

**ئەسیل نوجێفی:** بەڵی شەڕێکی درێژخایەن دەبێ و دۆخی تکریت ئەستەمە ئیدی جێگیر ببێ.

**ڕووداو: شەڕی مووسڵیش قورس دەبێ؟**

**ئەسیل نوجێفی:** بە بڕوای من زۆر ئاسانتر دەبێ لە شەڕی تکریت. ئەویش ئەگەر ئەو هێزەی بەشداری شەڕی مووسڵ بکات لە خەڵکی مووسڵ بێ، بەڵام ئەگەر هێزێک لە دەرەوەی مووسڵ بێ، شەڕەکە زۆر لەوەی تکریت قورستر دەبێ.

**ڕووداو: شەڕی مووسڵ لە سەرەتای هاوین دەستپێدەکات؟**

**ئەسیل نوجێفی:** شەڕەکە پێش وەرزی هاوین دەبێ.

**ڕووداو: ئێوە ئامادەن؟**

**ئەسیل نوجێفی:** بەڵی ئامادەین ئینشائەڵڵا.

**ڕووداو: شەڕەکە درێژخایەن دەبێ؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ئەوە دەمێنێتەوە سەر پڕچەککردنی ئەو هێزەی شەڕی مووسڵ دەکات و دەمەوێ ئەوە بڵێم، ئێستا مەسەلەی پڕچەککردنی هێزەکەش لەلایەن ئەمریکاوە دەستپێکردووە و مەشقیش لەسەر چەکەکان کراوە.

**ڕووداو: ئەگەر قاسم سلێمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانی بێ و بڵێ ئامادەم هاوکاریتان بکەم بۆ شەڕی مووسڵ، وەڵامی ئێوە چی دەبێ؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ئێمە ناتوانین سوودمەندبین لە هاوکارییەکانی قاسم سلێمانی و پێی دەڵێین سوپاسی تۆ دەکەین و بە هاتنی تۆ ناوچەکە جێگیر نابێ.

**ڕووداو: دۆخی نێوخۆی مووسڵ چۆنە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** داعش دەسەڵاتدارە، 5000 چەکداری هەیە لەنێو مووسڵدا هەیە کە 400یان بیانین، سەرکردەکانی داعش لە ڕیزی یەکەم و دووەم زۆربەیان لە ڕێگەی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کوژراون. ئێستا ناچارن پشت بە سەرکردەکانی هێڵی سێیەم ببەستن و لەوێش کێشەی زۆر بۆیان هاتووەتە پێش.

**ڕووداو: کێشەکان چین؟**

**ئەسیل نوجێفی:** کێشە لەنێوان داعشی بیانی و نێوخۆیی هەیە، بەتایبەتی لەسەر مووچە، داعشی بیانی لە عێراق 200 دۆلار وەردەگرن، داعشی نێوخۆ 200 دۆلار وەردەگرن. هەروەها کێشە لەنێوان داعشی تورکمان و عەرەبیش دروستبووە، داعشی کوردیش هەیە ژمارەیان 200 چەکدار دەبن و بەشێکی زۆریان بەشداری شەڕی کۆبانێیان کردووە، بە گوێرەی زانیارییەکانی ئێمە ئێستا ئەو کوردانە لە ڕەقە مەشقیان پێدەکرێ و بۆ شەڕی موسڵ ئامادە دەکرێن.

**ڕووداو: شوێنی ئەبوبەکر بەغدادی دەزانن لە کوێیە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** لەنێوان مووسڵ و ڕەقە هاتوچۆ دەکات و شوێنی دیار نییە. کاتێک دێتە مووسڵیش هیچ جارێک بۆ ماوەی دوو کاژێر لە شوێنێک نامێنێتەوە.

**ڕووداو: هیچ کوردێک هەیە نزیکبێ لە بەغدادی؟**

**ئەسیل نوجێفی:** نەخێر ئەو زیاتر بڕوای بە داعشی بیانی هەیە.

**ڕووداو: ئایا ئەگەر شەڕی تکریت درێژەی هەبوو، ئێوە شەڕی مووسڵ دەست پێدەکەن، یان تاوەکو شەڕی تکریت تەواو بێ ئینجا دەست بە شەڕی مووسڵ دەکەن؟**

**ئەسیل نوجێفی:** نەخێر هیچ پەیوەندی بەیەکەوە نییە، شەڕی مووسڵ کە پشت بە هاوپەیمانەکان و هەرێمی کوردستانەوە بەستووە، هیچ پەیوەندی بە شەڕی تکریتەوە نییە.

**ڕووداو: داعش خۆی بۆ شەڕی مووسڵ ئامادە کردووە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** بڕوا ناکەین بەهێز مابن. زانیاریمان هەیە بەشێکی زۆریان ڕایانکردووە و نەماون.

**ڕووداو: دوای ئەو هەموو شەڕە ئێستا ئاشکرا بووە کێ بەرپرسی یەکەمی شکستی مووسڵە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** بەڵێ، مالیکییە. مالیکی چەند ڕۆژێک پێش هاتنی داعش بە پۆلیسی فیدراڵی گوتبوو لە بەشی ڕاستی مووسڵ بکشێنەوە، ئەو پێیوابوو لە لای چەپی مووسڵەوە شەڕی داعش دەکەین. پێش هاتنی داعش بە ڕۆژێک لە 2014/6/8 هاتمە هەولێر و لەگەڵ یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆبوومەوە و پێمگوت مووسڵ دەکەوێتە دەست داعش. ئەو بەمنی گوت لەگەڵ مالیکی قسە دەکەم. مالیکیش وەڵامی پەیوەندییەکانی منی نەدایەوە. ئیدی مووسڵ کەوتە دەست داعش. داوای دادگاییکردنی مالیکی و هەندێ فەرماندەی سەربازی عێراقیم کردووە.

**ڕووداو: لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆدەبنەوە، ڕای ئەوان چییە لەسەر شەڕی مووسڵ؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ئێمە وەکو یەکێتی لەگەڵیان کۆنابینەوە، بەڵام بەشێکی زۆریان برادەری ئێمەن و لەگەڵیان کۆدەبینەوە، یەکێتی بە قەدەر پارتی زۆر گرنگی بە مووسڵ نادات. بەبڕوای من ئەوان لە ڕۆڵی ئێران دەترسن و ناتوانن ڕاستەوخۆ قسە بکەن.



داعش 5000 چەکداری لەنێو مووسڵدا هەیە

داعشی بیانی دوو هەزار دۆلار و داعشی عێراقی 200 دۆلار وەردەگرێت

200 کورد لە ڕەقە لەلایەن داعشەوە مەشقیان پێدەکرێت بۆ شەڕی مووسڵ

هیچ کوردێک نزیکی ئەبوبەکر بەغدادی نییە

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (350) دووشەممە 2015/3/9

## پارتی: کاندیدەکانمان بۆ سلێمانی ئامادەن

**ڕووداو- سلێمانی**

دانا شـەهید جەزا، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سـلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کاندیدمان بۆ ئەو پۆسـتانەی لە سنووری سلێمانی پێماندراوە ئامادەن و چاوەڕێی ڕێککەوتنی کۆتایی دەکەین بۆ ئەوەی سیڤییەکانیان پێشکەش بکەین". ناوبراو ئاشکراشیکرد کە لەم هەفتەیەدا وەڵامی یەکێتی و گۆڕانیان بۆ بەشداریکردن لە ئیدارەی پارێزگای سلێمانی پێدەگاتەوە و گەشبینیش بوو بە بەشداریکردنیان و گوتی "وەک چۆن پێشتر گوتوومانە گرفت دروست ناکەین، ئێستاش هەر بەهەمان شێوەین، بێگومان ئەوەش بەلەبەرچاوگرتنی بەرکەوتەکانمان".

# ساڵانە 20 ملیار دۆلار بۆ ئۆتۆمبێل دەچێتە دەرەوەی کوردستان

## 15 گرانبەهاترین جۆری ئۆتۆمبێل لە کوردستانن

**میڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) بۆ بازاڕی ئۆتۆمبێل، ساڵانە زیاتر لە 20 ملیار دۆلار دەبرێتە دەرەوەی کوردستان بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل، گرانبەهاترین ئۆتۆمبێلیش کە نرخەکەی دەگاتە 400 هەزار دۆلار لە کوردستانە.

کۆتایی هەفتەی ڕابردوو شەشەمین پێشانگای ئۆتۆمبێل لە هەولێر کرایەوە، بەڵام پێشانگای ئەمجارە تەواو جیاواز بوو لەوانەی ساڵانی ڕابردوو. بەشداربووان و سەردانیکەرانی پێشانگاکە ژمارەیان کەم بوو، بەڕێوەبەری پێشانگاکەش دەڵێ "هۆیەکەی دۆخی ئابووری و ئەمنی و شەڕی داعش بوو".

عەبدوڵڵا عەبدولڕەحیم، بەڕێوەبەری پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵی ڕابردوو 75 کۆمپانیا بەشداربوون، بەڵام ئەمساڵ 50 کۆمپانیا بەشداربوون و تەنیا 11 کۆمپانیا ئۆتۆمبێلیان نمایش کرد، ئەوانی دیکە کەلوپەلی یەدەگیان هێنابوو".

### ڕۆز ڕایس بە 400 هەزار دۆلارە

پێدەچێ قەیرانی ئابووری کاریگەری لەسەر گیرفانی هەموو خەڵک نەبووبێت، چونکە هەندێک لە سەردانیکەرانی پێشانگاکە بەدوای ئۆتۆمبێلی مۆدیل و نرخ بەرزدا دەگەڕان.

لای ڕاستی پێشانگاکە ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکانی وەک ڕەنج ڕۆڤەر و جاکواری لێ نمایش کرابوو. کازیوە کەمال، بەرپرسی فرۆشتن لە کۆمپانیای ڕەنج ڕۆڤەر دەڵێ خەڵک لە هەرێمی کوردستان "سەلیقەی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلیان نییە، نازانن خۆشی لە ئۆتۆمبێل وەربگرن".



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

کازیوە زۆر پەسنی ئۆتۆمبێلی کۆمپانیاکەیانی دەدا و دەیگوت "ڕەنج ڕۆڤەر ئۆتۆمبێلی خەڵکی تایبەتە، نرخەکەی تاوەکو 220 هەزار دۆلار دەڕوات، لە کوردستان سێ ئۆتۆمبێل بەو نرخە فرۆشراوە". هەروەها گوتی "جاکواریشمان هەیە کە نرخیان لە نێوان 100- 150 هەزار دۆلارە و حەوت دانەمان لێ فرۆشتووە".

ئۆتۆمبێلی ڕۆز ڕایس کە زۆرتر بە دەست سەرمایەدار و سەرۆک و شای وڵاتانەوەیە، مارکەی بەریتانیایە و ئێستا لە ئەڵمانیا دروستدەکرێ، بەڵام ئەو ئۆتۆمبێلە ئێستا لە کوردستانیش بازاڕی پەیدا کردووە.

کازیوە کەمال باسی ئۆتۆمبێلی ڕۆز ڕایس دەکات و دەڵێت "خەڵکی ئێمە کە دەچنە دەرەوە و ئەو هەموو ئۆتۆمبێلە جوانانە دەبینن، دێنەوە و ئەوانیش ئۆتۆمبێلی جوان دەکڕن، بۆ نموونە ئێستا ڕۆز ڕایس بە 400 هەزار دۆلار (40 دەفتەر)ەو 15 ئۆتۆمبێلی لە هەرێمی کوردستان فرۆشراوە".

کازیوە نهێنییەکی ئەوانەی ئاشکرا کرد کە ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلە دەکڕن و گوتی "بەرپرسانی حکومی ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانە لە کوردستان ناکڕن و لێ ناخوڕن، چونکە ئەوکات لە نێو قافڵەی ئۆتۆمبێلەکانیدا ئاشکرا دەبێت، ئێ خۆ 10 ئۆتۆمبێلی لەو جۆرەش ناکڕێت، بۆیە کاتێک دەچنە دەرەوە لەوێ ئەو ئۆتۆمبێلە لێدەخوڕن".

### زەوقی سلێمانییەکان جیاوازە

زۆربەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەو پێشانگایە نمایش کرابوون جگە لە ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکان ڕەنگیان سپی بوو. کازیوە کەمال باسی زەوقی خەڵکی کوردستان دەکات لە هەڵبژاردنی ئۆتۆمبێلدا "خەڵکی سلێمانی حەزیان لە ڕەنگی جیاوازە بۆ ئۆتۆمبێل، بەڵام خەڵکی هەولێر و دهۆک زۆربەیان حەزیان لە ڕەنگی سپییە".

### مارسیدیس لە کیمیاباران دەتپارێزێ

هێمن عەلی، بەرپرسی بەشی فرۆشیاری مارسیدس باسی پێشکەوتنی ئۆتۆمبێلی مارسیدس دەکات کە بە "شای ئۆتۆمبێلان" ناسراوە و 13 جۆری هەیە. هێمن گوتی "گرانترین مارسیدس S CLASS ە کە نرخەکەی 200 هەزار دۆلارە، ئەو ئۆتۆمبێلە بایی 72 کاژێر ئۆکسجینی تێدایە و لە حاڵەتی کیمیاباران بۆ نموونە وەک ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویدا، دەتوانی 72 کاژێر لە نێو ئۆتۆمبێلەکەتدا بمێنیتەوە، بەبێ ئەوەی بخنکێی".

لەبارەی ئەوانەی کڕیاری ئۆتۆمبێلی مارسیدسن، هێمن عەلی دەڵێت "ئەوانەی حەزیان لە فەخامەتە مارسیدس دەکڕن".

جگە لە مارسیدس BMW مودێلە هەرە بەرزەکانی خۆی لەو پێشانگەیە نمایش کردبوو. لاوەند دڵشاد، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیای BMW لە هەولێر دەڵێ "کەسە دەوڵەمەندەکان BMW دەکڕن و نرخیشی گونجاوە لە 38 هەزار دۆلار تاوەکو 180 هەزار دۆلارە".

سەرباز حوسێن کە یەکێک بوو لە سەردانیکەرانی پێشەنگاکە گوتی "ڕەنج ڕۆڤەر، BMW و پۆرشم هەیە و بڕیارم داوە کە تەمەنم بوو بە 45 ساڵ مارسیدسیش بکڕم، بۆیە ڕەنج ڕۆڤەرم کڕیوە چونکە زۆر سەلامەتە، BMW بۆ خێزان بەکاردێنم و پۆرشیش بۆ گەنجایەتی خۆم بەکاردێنم، بەڵام ئەگەر تەمەنم بوو بە 45 ساڵ مارسیدسێک دەکڕم، چونکە مارسیدس ئۆتۆمبێلی کەسایەتییەکانە".

### تۆیۆتا گۆڕانکاری دەکات

بازاڕی ئۆتۆمبێل لە کوردستان بۆ ئۆتۆمبێلەکانی ژاپۆنی و کۆرییە، چۆنە نرخەکانیان گونجاون بەتایبەت ئۆتۆمبێلی تۆیۆتا.

محەممەد قەیس، لە بەشی فرۆشیاری TOYOTA ئاشکرای کرد کە ساڵانە شەش هەزار ئۆتۆمبێل لە کوردستان دەفرۆشن "تۆیۆتا بۆ هەموو کەسێکە و لە عێراق تەنیا تۆیۆتا یەکەمە".

محەممەد قەیس باسی ئایندەی بەرهەمەکانی کۆمپانیای تویۆتا دەکات و دەڵێت "ساڵی داهاتوو تەواوی دیزاینی پیک ئاب و فۆرچنەر دەگۆڕدرێ و بەشێوازێکی نوێ دێتە بازاڕ".

### 20 ملیار دۆلار دەچێتە دەرەوە

عەبدوڵڵا عەبدولڕەحیم (ئەبو بەنگین) دەڵێ "ساڵانە زیاتر لە 20 ملیار دۆلار بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل دەچێتە دەرەوەی کوردستان، بەڵام ئەوە پێش هاتنی داعش بووە و ئێستا کەمتر بووە".

### کۆری و ژاپۆنییەکانی کوردستان سووکن

کارمەندی یەکێک لە کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێل فێڵێکی بازرگانانی کوردستان ئاشکرا دەکات. ئەحمەد عەبدوڵڵا، فرۆشیاری ئۆتۆمبێلەکانی سکۆدا دەڵێ "ئۆتۆمبێلی ژاپۆنی و کۆری لە کوردستان قورساییان کەمە، چونکە لەسەر داوای بازرگانانی ئێرە دروست دەکرێن، بەڵام کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا ئەوە قبووڵ ناکەن و کوالێتی بەرهەمی خۆیان بۆ کڕیار ناهێننە خوارەوە، لەبەرئەوەشە کە ئۆتۆمبێلە کۆری و ژاپۆنییەکان لە سەرانسەری دنیادا یەک مواسەفات نین و هەمان ئەو ئۆتۆمبێلە کۆرییەی لە ئەورووپا هەیە، جیاوازە لەوەی کوردستان، بەڵام مارسیدس لەهەموو دنیادا هەر یەک کوالێتییە". گوتیشی "ئەوان ئۆتۆمبێلی ژاپۆنی و کۆری بە فوول عادی دێنن، لێرە دەستکاری دەکەن و بەناوی فوول مواسەفات بە نرخێکی گران دەیفرۆشنەوە".

# دهۆک چاوەڕێی 500 هەزار ئاوارەی مووسڵە



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەرپرسانی باڵای سوننە لە عێراق دەڵێن هێرشی سەر شاری مووسڵ نزیک بووەتەوە و ئێستا ئەوان خۆیان ئامادە دەکەن بۆئەوەی کە چۆن پێشوازی لە ئاوارەکان بکرێ لە کاتی هێرشەکە. جێگری سەرۆک کۆماری عێراقیش دەڵێت پێشبینی دەکرێ زیاتر لە نیو ملیۆن کەس لە کاتی هێرشی سەر مووسڵ ئاوارە ببن کە چاوەڕێ دەکرێ ڕوو لەشاری دهۆک بکەن.

ئەوە لەکاتێکدایە کە جێگری پارێزگاری دهۆک دەڵێت ئەو ئاوارانەی ئێستا لەو پارێزگایەن زۆر لە توانای ئەوان زۆرترە و ناتوانن نیو ملیۆن کەسی دیکە لەخۆبگرن.

ئوسامە نوجێفی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری دهۆک ڕایگەیاند وادەی هێرشی سەر شاری مووسڵ نزیک بووەتەوە، بۆیە دەبێ ئامادەکارییەکی باش بکرێت بۆ پێشوازیکردن لە ئاوارەکان لە کاتی هێرشەکەدا.

نوجێفی ڕەخنەی لە حکومەتی عێراق گرت و گوتی "نابێت حکومەتی عێراق خۆی بێ ئاگا بکات لە هاوکاریکردنی خەڵکی مووسڵ، دەبێ هەموو ئامادەکارییەک بکرێت بۆ پێشوازی لە ئاوارەکان لە کاتی هێرشدا و قەبوڵ ناکەین، پێشوازییەکی باشیان لێنەکرێت".

ژمارەی دانیشتووانی شاری مووسڵ نزیکەی 3 ملیۆن کەس دەبێ، لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر ئەو شارە لە 10ی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو، نزیکەی 120 هەزار کەس ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، ئێستا نزیکەی دوو ملیۆن کەس لە نێو شاری مووسڵ دەژین.

ئوسامە نجێفی، پێشبینی دەکات لەکاتی هێرشی گرتنەوەی مووسڵ زیاتر لە نیو ملیۆن کەس ئاوارەی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی شاری دهۆک ببن. ناوبراو دەڵێت "زانیاری باشمان هەیە و پێشبینی دەکەین نیو ملیۆن کەسی دیکە ئاوارەی کوردستان ببن و زۆربەشیان دێنە شاری دهۆک، بۆیە دەبێت هەر لە ئێستاوە کەمپیان بۆ دروست بکەین".

حەسەن ئەلعەلاف، جێگری پارێزگاری مووسڵ پێشتر لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو، مانگانە حکومەتی عێراق نزیکەی دوو سەد ملیار دینار بۆ مووچەی فەرمانبەرانی مووسڵ دەنێرێت بۆ بانکەکانی ئەو شارە.

ئەسیل نوجێفی پارێزگاری مووسڵ بە (ڕووداو)ی گوت "لە پاش هێرشی داعش و تاوەکو ئێستا حکومەتی عێراق یەک دیناری لە بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکان بۆ ئێمە نەناردووە، زیاتر لە یەک ملیۆن کەسی خەڵکی مووسڵ ئێستا لە هەرێمی کوردستانن، دەبێ بەپێی ئەو ژمارەیە حکومەتی عێراق پارە بنێرێت بۆ خزمەتکردنی ئاوارەکان".

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ ڕەخنە لە حکومەتی عێراق و پارێزگاری مووسڵ دەگرێ کە ئاوڕ لە ئاوارەکانی شنگال نادەنەوە.

سەیدۆ شنگالی، سەرۆکی کوتلەی برایەتی و پێکەوە ژیان لە ئەنجوومەنەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زیاتر لە 800 هەزار ئاوارەی شنگال و ناوچەکانی دیکە ئێستا لە دهۆک لە ڕەوشێکی خراپدا دەژین، 1300 خێزان لە هەیکەلی خانووەکاندان، ئێستا خاوەنی ئەو خانووانە ئاگاداریان کردوونەتەوە چۆڵی بکەن، جێگایان نییە بۆی بچن، کەچی پارێزگاری مووسڵ باسی ئەو ئاوارانە دەکات کە هێشتا ئاوارە نەبوون، با کێشەی ئەوانەی دهۆک چارەسەر بکەن، خوا کەریمە بۆ ئاوارەکانی داهاتوو".

سەیدۆ شنگالی هەروەها گوتی "حکومەتی عێراق هیچ ڕۆڵێکی نەبووە لە هاوکاریکرنی ئاوارەکان، خەڵکی دهۆک و ئیدارەی پارێزگای دهۆک هەرچی لە توانایاندا بێت کردوویانە". گوتیشی "ئەگەر حکومەتی عێراق پارە بنێرێت دەتوانین لە ماوەی دوو مانگدا کەمپ بۆ نیو ملیۆن کەس دروست بکەین".

جێگری پارێزگای دهۆک دەڵێت ژمارەی ئەو ئاوارانەی لە پارێزگای دهۆکن لە توانای ئەوان زۆرترە. ئیسماعیل محەممەد، جێگری پارێزگای دهۆک و سەرپەرشتیاری ئاوارەکان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوەی لە تواناماندا بووە بۆ ئاوارەکانمان کردووە، ناتوانین لەمەودوا هیچی دیکەیان بۆ بکەین، ئەگەر حکومەتی عێراق یارمەتیمان نەدات".

## ڕێگاوبانی دهۆک 300 ملیۆن دینار قەرزدارە

# 120 ئۆتۆمبێلی ڕێگاوبانی دهۆک لە سەنگەرەکانی شەڕن

**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی دهۆک ڕەخنە لە وەزارەتی پێشمەرگە دەگرێت لەسەر پێنەدانی پارەی چاککردنەوەی ئامێرەکانیان کە ئێستا بردوویانن بۆ بەرەکانی شەڕ.

ئەندازیار ئەمین حوسێن، بەڕێوەبەری گشتی ڕێگاوبانی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، 120 ئوتومبێلی جۆراوجۆریان لەبەرەکانی جەنگدا خەندەق لێدەدەن و 43 یان لە کارکەوتوون.

ئەو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو کارانەی ئەوان لەو ماوەیەدا کردوویانن بایی 10 ملیار دینار دەبێت، بەڵام تەنیا 500 ملیۆن دیناریان وەرگرتووە.

لەبارەی چۆنیەتی دابینکردنی پارەی تر، ئەو بەڕێوەبەرە سوپاسی بەڵێندەرەکانی دهۆکی کرد و گوتی "ئەگەر بەڵێندەرەکان هاوکارییان نەکردبایـن نەماندەتوانی ئەو کارە بکەین، هەم لە ڕووی دابینکردنی هەموو جۆرە ئامێرێک، هەمیش لە ڕووی چاککردنەوەی ئامێرەکان". گوتیشی "تاوەکو ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە بۆ کارەکانمان تەنیا 300 ملیۆن دیناریان پێداوین و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش 200 ملیۆن دینار".

ئەندازیار ئەمین حوسێن ئاماژەی بەوەدا لەو 120 ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی ناردوویانن بۆ بەرەکانی شەڕ 42یان لەکارکەوتوون. گوتیشی "کاتی خۆی کە وەزیری دارایی هات بۆ دهۆک ئەو پرسیارەمان لێکرد، گوتی چاککردنەوەی ئەو ئۆتۆمبێلانە دەبێ لەسەر بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە بێت، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە پێیانگوتین هیچ بڕیار و ڕێنماییەک نییە کە ئێمە ئەو ئامێرانە چاک بکەینەوە".

بەپێی قسەی ئەو بەڕێوەبەرە، ئێستا ئەوان 300 ملیۆن دینار قەرزدارن و دەڵێت "بەنیازم سەردانی وەزیری دارایی بکەم بۆ هەمان مەبەست".

چەند کارمەندێکی ئەو فەرمانگەیە پەیوەندییان بە (ڕووداو)ەوە کرد کە سێ مانگە یەک دیناریان وەرنەگرتووە، لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتی ڕێگاوبان دەڵێ "زۆر ڕاستە، پارەمان نییە، ئێستا هەر بەڕێوەبەرایەتیەک لە نەسریەی خۆی وەک دەرماڵەی مەترسی 100 تاوەکو 250 هەزار دینار مانگانە دەداتە ئەو فەرمانبەرانە".

لەسەرەتای شەڕی داعش تاوەکو ئێستا 9 فەرمانبەر لە سەنگەرەکانی شەڕ لە سنووری پارێزگای دهۆک شەهیدکراون و زیاتر لە 30 فەرمانبەریش بریندابوون، هەروەها 800 فەرمانبەریش لە بەرەکانی شەڕدا لە ئەرکدان.



سەرجەمیان مەسیحین

# ژمارەی هێزەکەی دەشتی نەینەوا گەیشتە 650 کەس



قەشەیەک:

## دژی دروستکردنی میلیشیام بۆ مەسحییەکان

**یودیت نیورینک**
**رووداو- تەلسقۆف**

دوای پاککردنـەوەی گوندەکەیـان لـە چەکدارانـی داعـش، دانیشـتووانی تەلسـقۆف هێشـتا نەگەڕاونەتەوە، هەرچەندە میلیشیایەکی چەکدارانی مەسیحی گوندەکەیان دەپارێزێ.

هێزەکانـی دەشـتی نەینـەوا یەکێکـە لـەو گرووپانەی کە بۆ شـەڕکردن لـەدژی چەکدارانی داعش دروستبووە.

"داعـش لێـرەوە نزیکـە. تەنیـا 2 کیلۆمەتر لـە گوندەکـە دوورن. هەمـوو ڕۆژێـک تەقەمان لێدەکەن". ئەمە گوتەی سـەفا ئیلیاسـی تەمەن 38 ساڵ بوو کە سـەرکردایەتی هێزەکە دەکات. ساڵی ڕابردوو ئیلیاس بەشداری شەڕی گرتنەوەی گوندەکـەی کرد لە پـاش دوو مانگ داگیرکردنی لەلایەن داعشەوە.

مانگی ئابی سـاڵی ڕابـردوو، داعش زۆربەی ناوچەکانـی دەشـتی نەینـەوای داگیرکـرد کـە دانیشتووانەکەی بریتین لە مەسیحی و عەرەب و کەمینەکانی دیکە.

لەکاتـی مانەوەیـان لـەو گونـدە، چەکدارانی داعـش مـاڵ و موڵکی خەڵکـی ئـەو گوندەیان تـاڵان کرد. پـاش چەندین مانگ لـە دەرکردنی داعـش لەو گوندە، هێشـتا گوندەکـە بە چۆڵی ماوەتەوە. دانیشتوانەکەی دەڵێن بەهیچ شێوەیەک ناگەڕێنـەوە ئەگـەر داعش ئەوەنـدە نزیک بێت. ئەمە سـەرەڕای ئەوەی بە هەزاران گوندنشـینی ئەو ناوچانە پەرۆشـی گەڕانەوەن بۆ سـەر ماڵ و حاڵیان.

تەنیا خاڵی پشکنین و هێزی سەربازیی تێدایە. جار بەجار دەنگی تەقە دەبیسـترێ. پاشماوەی چەندین چاڵ لەسـەر ڕێگاکە دەبینی کە وادیارە شوێنی تەقینەوەن.

"داوا لـە هەموو مەسـیحیەکانی عێراق دەکەم بێـن بـۆ یارمەتیمـان. داعـش گوند و شـوێنی مەسـیحیەکانی لە هەموو شـوێنێکی دیکە زیاتر وێران کردووە" ئیلیاس وایگوت.

هـەروەک مەسـیحییەکان، ئێزیدییەکانیـش میلیشیای چەکداری سەربەخۆیان دروستکردووە. هەندێکیـان لەلایـەن حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە پشـتگیری دەکرێن و مەشـقیان پێدەکرێـت، هەندێکـی دیکەشـیان لەلایـەن پارتـی کرێکارانی کوردسـتانەوە. ئـەو گرووپانە ڕۆڵێکی گرنگیان گێـڕاوە لە دەرکردنی داعش لە ناوچەکانیان.

میلیشیا شیعەکان لە سەرەکیترین میلیشیاکانی عێراقن کە زۆربەیان لەپاش بانگەواز بۆ هەڵگرتنی چەک لەدژی داعش دروسـتبوون کاتێک سوپای عێراق نەیتوانی بەرگری لە شـاری مووسڵ بکات و لەلایـەن ئـەو گرووپـەوە کۆنترۆڵکرا لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوودا.

میلیشیا شیعە سەرەکییەکان پەیوەندییان بە ئێرانەوە هەیە وەک سوپای بەدر کە لەلایەن ئەو عێراقیە شـیعانەی لە ئێران مەشـقیان پێکراوەو لەپـاش سـاڵی 2003 گەڕاونەتـەوە بـۆ عێراق، سەرکردایەتی دەکرێت، لەگەڵ میلیشیای عەسائبی ئەهلی حەق کە نزیکە لە سوپای قودسی ئێران.

دەگوترێـت ژمـارەی چەکدارانـی میلیشـیا شـیعەکان لـە عێراق خۆی لـە 200 هەزار کەس دەدا.

هێزەکانـی دەشـتی نەینـەوا تەنیا لـە 150 چەکدار پێکدێن، بـەڵام 500 چەکداری دیکە کە تازە مەشق و ڕاهێنانیان تەواوکردووە، بەمزووانە پەیوەنـدی بـە هێزەکـەی ئیلیاسـەوە دەکەن. سەرەڕای ئەوەی کە میلیشیاکان ناتوانن مووچەی مانگانـە بدەن، بـەڵام هەموو ڕۆژێـک ژمارەیەک خۆبەخشی زیاتر پەیوەندییان پێوە دەکەن.

دەنگی فڕۆکەیەک لە ئاسـمان بێدەنگییەکەی شـکاند. بەپێی گوتەی ئیلیـاس، هەموو ڕۆژێک لەکاتژمێر 3ی پاشنیوەڕۆ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەگەڕێن بۆ چاودێری "پاشان دەگەڕێنەوە بۆ لێدانی داعش".

لەنزیک سنوورەکانی داعش، گرووپێک لە هێزی پێشـمەرگە لە ناوچەکـە دامەزراون کـە لەلایەن تاریق سـلێمانی 45 سـاڵ فەرماندەیی دەکرێت. ئەو گوتـی "داعش ڕۆژانە بە هاوەن بۆردومانمان دەکات. پاشان تەلەفۆن بۆ هێزی هاوپەیمانەکان دەکەین بۆ هاتن و لێدانیان".

لە ژوورێکدا کە پڕ بوو لە پێشمەرگە و قاوەیان دەخواردەوە. فەرماندەی ئەو هێزە بە جلوبەرگی مەدەنیـەوە هـات بـۆ قسـەکردن و گەیاندنـی دوا هەواڵ. سـلێمان باسـی لەوەکـرد کە بۆچی پێشـمەرگە هاوکاری هێزەکانی دەشـتی نەینەوا دەکات و مەشـقیان پێدەکات "هەمان ئامانجمان هەیە کە شـەڕی داعشە، ئەوەش لەپێناو ئەوەی کـە هاووڵاتیانی مەدەنی بگەڕێنەوە سـەر ماڵ و حاڵیان".

هەمـوو کەسـێک دروسـتکردنی میلیشـیای مەسـیحی پێ باش نییە. لویس سـێکۆ قەشەی کلدانـی گوتی هەرچەندە دەبێت مەسـیحییەکان بەرگری لەخۆیان بکەن، بەڵام هۆشداری دا لەوەی کە دروسـتکردنی میلیشـیا ڕەنگـە وڵات بەرەو وێرانکردن ببات.

بـەڵام هێشـتا زۆر کـەس پشـتگیری لـە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن لە مەشقپێکردنی کەمینەکان لەپێناو دروستکردنی هێزی بەرگری بۆیان لەنێو پێشمەرگە تا بەرگری لە ناوچەکانیان بکەن.

هێشتا کێشـەیەکی گەورەتر هەیە کە دەبێت چارەسـەر بکرێـت، زۆر لە عەرەبـی گوندەکانی نزیک مەسیحییەکان کاریان لەگەڵ داعش کردووە، ئەمـەش ڕێگرە لە گەڕانەوەی مەسـیحییەکان بۆ ناوچەکانیان.

ئیلیاس جەختیکردەوە کە کێشەی ئەو لەگەڵ هیـچ ئاینێک نییـە "دەزانین کێ لەگـەڵ داعش کاری کـردووە. هەموو موسـڵمانێک پشـتگیری داعشـی نەکـردووە. زۆربەیـان بـرای ئێمـەن، هیچ کێشـەیەکمان لەگـەڵ ئەواندا نییـە، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەموو داعشێک دەکوژین".

جەیمز جۆنز، سەرۆکی ئەنجوومەنی بازرگانی کوردی- ئەمریکی:

# پشتگیری لە جیابوونەوەی کورد ناکەم

ژەنەراڵ جەیمز ئێل. جۆنز کەسێکی سەربازیی پرۆفیشناڵە کە چارەکە سەدەیەک ئەزموونی لەگەڵ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان هەیە. لە پۆستە سەربازیيە باڵاکانی ئەمریکادا کاری کردووە و لە دوو ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتی باراک ئۆبامادا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بووە. لە ساڵی 2012 وە سەرۆکی جێبەجێکاری ئەنجوومەنی بازرگانی کوردی- ئەمریکیە کە گرووپی کۆمپانیا وەبەرهێنەرە ئەمریکییەکانی ناو کوردستانە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ ڕووداو، جۆنز تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە کورد و جەنگی داعش دەخاتەڕوو.

ڕووداو – واشنتن




دەبێت لە باکووری سووریا ناوچەیەکی دژە فڕین و دژە هاتوچۆ هەبێت

ئەگەری شەڕی ئەتۆمی لە نێوان ئێران و ئیسرائیل زۆر کەمە

**ڕووداو: چۆن بوو هاتیتە ناو کێشەی کورد؟**

**ژەنەراڵ جۆنز:** ئەزموونی من لەگەڵ کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی 1991 کاتێک بە ئەرکێک ڕاسـپێردرابووم. پاش جەنگی کەنـداو، ئێمە و 25 هەزار سـەربازی نێودەوڵەتـی کە زۆربەیان ئەورووپی بوون، چەندین مانگمان لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی کورد بەسەر برد، کاتێک ژمارەیەکی زۆری کورد لە ترسی هێرشی کیمیایی و بایۆلۆجی ڕژێمی سەدام حوسێن بەرەو چیاکان هەڵاتبوون. ئەمە یەکەم تێکەڵاویی من بوو لەگەڵ کورد. هەر لەو کاتەشەوە لەگەڵیان هاوسۆزم.

کاتێـک وەختـی ئەوە هات کۆشـکی سـپی بەجێبهێڵـم و کارێکـی دیکە بکـەم، بیرم لەوە کـردەوە کە کـورد هەمـوو کات هاوپەیمانێکی باشی ئەمریکا بوونە و لە جەنگی عێراق لە ساڵی 2003 یارمەتییەکـی بەرچـاوی ئێمەیان دا. من دەمویست یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی عێراق بدەم کە کوردستان منداڵە نموونەییەکەیەتی. ئێستاش سـەرەڕای پەیدابوونـی داعـش لـە ناوچەکەدا، چارەسـەرە ئابوورییە درێژخایەنەکان هێشتا لە ئارادان، بەڵام لە جاران سەختتر بوون.

**ڕووداو: تـۆ پشـتگیری لـە داوای کـورد بۆ سەربەخۆیی دەکەی؟**

**ژەنەراڵ جۆنز:** من پشتگیری لە جیابوونەوەی کـورد ناکـەم. ئەمـە نە لـە درێژخایەنـدا و نە ئێستاش هیچ قازانجێک بە کورد ناگەیەنێت. پاش ئەنجامە نائومێدکەرەکانی سیاسـەتی سـەرۆک وەزیرانـی پێشـوو نـووری مالیکی، هیـوادارام حکومەتی عەبادی ڕوئیایەکی فراوانتری سەبارەت بـە داهاتووی عێراق هەبێـت. ڕەنگە یەکێک لە چارەسەرەکان دامەزراندنی سێ هەرێمی ئۆتۆنۆم بێـت کە پەیوەندییان بە حکومەتی ناوەندییەوە هەبێت. ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە ئێمە گرتوومانەتە بەر، بەڵام کێ چوزانێت لە داهاتوودا چی دەبێت. ئێستا هەندێک کێشـەی ئەمنی گوشار دروست دەکـەن، بەڵام من پێموایە گـەر بتوانین لەگەڵ حکومەتـە نوێیەکـەی عێراقـدا ڕێگاچارەیـەک بدۆزینەوە و ئـەوان ئەوە جێبەجێ بکەن کە بە قسە دەیڵێن، ئەوە پێموایە سەرکەوتوو دەبین.

**ڕووداو: تا چەندە متمانەت بە سوپای عێراق هەیە کە مووسڵ لەدەستی داعش دەربهێنێتەوە؟**

**ژەنەراڵ جۆنز:** من دڵنیام گرتنەوەی مووسڵ دواجـار دێتەدی، بـەڵام نابێت هەوڵی بۆ بدرێت هەتـا ئـەو کاتەی بـە ڕوونـی دەرئەنجامەکانی دەزانرێت. ئەمە کاتـی دەوێت. هەروەها دەبێت بزانین ئۆپەراسیۆنەکانی تکریت چۆن بەرەوپێش دەچن. وەکوو ژمارەی هێز، سـوپای عێراق سێ هێندەی داعش هێـزی چەکداری هەیە، ئەمەش بەسـە بۆ ئەوەی ئۆپەراسـیۆنەکەی پێ بەڕێوە بـەرن. دواجار هێزی زەمینی پێویسـت دەبێت، دڵنیا نیم ئەم هێزانە لە کوێوە دێن، بەڵام دواجار داعش شکست دەخوات.

**ڕووداو: ڕات چییە سـەبارەت بە کاردانەوەی سەرکردایەتی ئەمریکا لە دژی داعش؟**

**ژەنەراڵ جۆنز:** بە بۆچوونی من ئەوە هەڵەبوو کـە کاردانەوەیەکـی بەهێزیـان نەبـوو کاتێک سـەرۆک کۆماری سـووریا بەشـار ئەسەد هێڵە سوورەکانی بەزاند (کە ئیدارەی ئۆباما سەبارەت بـە بەکارهێنانـی چەکی کیمیایـی داینابوون). خەڵکانێکـی زۆر لە سەرانسـەری جیهان دوای ئەمـە کۆمەڵێک ئەنجامگیرییان کرد کە جێگەی دڵخۆشی نەبوون. بە بۆچوونی من ئەوە هەڵەبوو کـە ئەمریکا گوتی هێزی زەمینی ڕەوانە ناکات. تـۆ ناتوانی ئەوەی بە نیازی وەک ئۆپەراسـیۆن بیکەیت یـان نەیکەیت، بە تەلەگـراف بینێری. ئەمە کارێکی ژیرانە نییە. تەنانەت گەر بە تەما نیت هێزی زەمینی ڕەوانە بکەیت، ئەوە دیسـان ڕاگەیاندنی بە شـێوەیەکی ئاوها ئاشـکرا تەنها ورەی دوژمن بەرز دەکاتەوە.

پێموایـە چەنـد هەنگاوێکـی هەڵـەش لـە سیاسـەتی دەرەوەماندا هەبوو کە ئێسـتا هەوڵ دەدرێـت ڕاسـت بکرێنەوە. ئاشـکرایە ئێسـتا هێزی زەمینی ڕەوانە کراوە، لەوانەیە بەشـداریی شـەڕەکان نەبن، بەڵام ڕەوانە کراون. ئینجا من هەموو ئەم ماوەیە لەسـەر ئـەو باوەڕە بووم کە هێرشـی ئاسـمانی بە تەنیا ناتوانێت بەس بێت بۆ ئەوەی کێشـەی داعش بە خێرایی چارەسەر بکات.

ئەوەی دەکرێت ئاواتەخوازی بین هەر ئەوەیە کە تا ئێسـتا پێیگەیشتوون، دواتریش چاوەڕێی پێشکەوتن بین هەتا ئەو کاتەی داعش بە هۆی هێـزی زەمینـی چالاک و پشـتگیریی هێرشـە ئاسـمانییەکان بـە تەواوەتـی لەناودەبرێـت. پێموانییـە ئەمـە پرسـێکی سـتراتیژی بێت، بەڵکـو دەبێت لـە ڕووی تاکتیکییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئینجا بەشدارییەکی کاریگەر لەم جەنگەدا دەکرێت پەیامێک بۆ هەموو ئەو خەڵکە بنێرێـت کە لە سەرانسـەری جیهـان ئیلهام لە داعش وەردەگرن.

**ڕووداو: بێگومـان باشـترین تاکتیکیـش لە سووریا بۆ شکستهێنان بە داعش پشتیوانیکردنە لە ئەسەد؟**

**ژەنـەراڵ جۆنـز:** ڕاسـتیت دەوێـت دڵنیـا نیـم. بـەڵام هەندێک لـەو شـتانەی ڕوودەدەن دڵخۆشـکەرن. وابزانم تورکیا و ئەمریکا دواجار دەتوانن لە سـووریا لەسەر ئامانجێکی هاوبەش ڕێکبکەون. گەر بۆچوونی منت دەوێت بۆ ئەوەی لە سووریا چی بکرێت، ئەوە دەڵێم دوای ئەوەی سـووریا بە بەکارهێنانـی چەکی کیمیایی هێڵە سـوورەکانی بەزاند، دەبێت لە باکووری سووریا ناوچەیەکی دژە فڕین و دژە هاتوچۆ بە بەشداریی هێـزە نێودەوڵەتییەکان و لەوانـەش ئەمریکا و تورکیـا بۆ پەنابەران بکرێتـەوە. ئەمە یارمەتی ئـوردن دەدات بـۆ ئـەوەی لێشـاوی پەنابەران ڕووی تێنەکەن، ئینجا لەم حاڵەتەدا، ئەسەدیش بە هۆی بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ بەشـێک لـە وڵاتەکەی لەدەسـت دەدات، واتە ئەو تاوانە ترسـناکەی کە هەتا ئێستا حیسابێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە.

من پێموایە ستراتیژی پاککردنەوەی عێراق لە داعش و ئەوەی لە سـووریا دەمانەوێت بیکەین، شانبەشـانی یەک بەرەوپێش دەچن. من لەسەر ئەو بڕوایەم نابێت لە عێراقدا بوەستین.

**ڕووداو: دانوسـتاندنە ئەتۆمییـەکان لەگـەڵ ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**ژەنـەڕاڵ جۆنز:** ئەزموونی مـن لەگەڵ ئێران پێـم دەڵێـت پێش ئـەوەی لەگەڵ ئـەو وڵاتەدا ڕێکبکـەوی، دەبێـت گەرەنتی ئـەوە بکەیت کە ئایا لەسەر بەڵێنەکانی دەمێنێتەوە. ساویلکانەیە گـەر ئێمە هیچ گەرەنتییەکمان نەبێت. من هیچ گومانـم نییە لـەوەی ئێران بۆیە لەسـەر مێزی دانوستاندنەکانە، چونکە سزاکان زیانی ئابووریی قورسیان پێگەیاندووە. شانازی بەوە دەکەم کە بەشێک بووم لەوانەی ئەم سزایانەیان دیاریکرد. بە بۆچوونی من ئێمە نابێت داوای ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێراندا بکەین کە متمانەی تێدا نییە.

**ڕووداو: نیگەرانیت هەیـە لەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکـە دەشـێت ڕێگـە بـە ئێـران بدات ژێرخانێکـی ئەتۆمـی لەرادەبـەدەر زۆری لەبەردەست بێت؟**

**ژەنـەراڵ جۆنز:** لە مێژووی تەشەنەسـەندنی چەکـی ئەتۆمیدا، زۆربەی ئـەو وڵاتانەی چەکی ئەتۆمییان بەدەستهێناوە، زوو لەوە تێگەیشتوون کـە گـەر بەکاریبهێنـن ئـەوە ڕووبـەڕووی بەرپەرچدانـەوەی جـددی دەبنـەوە. گـەر لەم بەرپەرچدانەوانە نەترسـابان، ئەوە زۆربەی ئەو وڵاتانەی هەیانە تا ئێستا بەکاریان هێنابوو.

مـن لـە نیگەرانییەکانـی ئیسـرائیل لەمەڕ مەترسـییەکانی سەر مانەوەی خۆیان تێدەگەم. بەڵام لەسـەر ئەو بـاوەڕەم- دەشـکرێت هەڵە بم- کە ئەگەری شـەڕی ئەتۆمی لە نێوان ئێران و ئیسـرائیل زۆر کەمـە. ئەمریکا هیچکات ڕێگە نـادات ئەمە ڕووبدات. گرنگە ئێران لەوە تێبگات کە ئەمریکا سـوورە لەسـەر پاراستنی هاوڕێ و هاوپەیمانەکانی.

**ڕووداو: ئەنجوومەنـی بازرگانـی کـوردی- ئەمریکـی تـا چەندە لەگـەڵ بیرۆکەکانی تۆ بۆ سەقامگیرکردنی ناوچەکەدا تەبایە؟**

**ژەنەراڵ جۆنز:** من پێموایە بەشـداریەکان لە سەدەی 21دا جیاوازە لە بەشدارییەکانی سەدەی ڕابردوو کە تێیدا بەشـێکی زۆر لە کێشـەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە چارەسەر دەکران. شەڕی سـارد شەڕی تەقەکردن نەبوو، بەڵکو شەڕی پاراستنی باڵانسی هێزی سەربازی و توانای ئابووریی لایەنێک بوو بەسەر لایەنەکەی تردا. شکسـتهێنان بە ڕادیکاڵیزم پێویسـتی بە یەکگرتنی سێ ستوون هەیە: ئاسایش، گەشەی ئابووری و ئیداری و هەروەها دەسـەڵاتی یاسـا. ئـەم یەکگرتنە دەتوانێت لـە هەندێک لە ناوچە کێشەدارەکانی جیهاندا گۆڕانکاری دروست بکات.

ڕێکخراوی وەکوو ئەنجومەنی بازرگانی کوردی- ئەمریکی ئەگەرچی بچووکیشـن و سـەروکاریان لەگەڵ ناوچەی بچووک بەڵام سـتراتیژیدا هەیە، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا هێمـای جۆرێکـە لە سیاسەت کە دەڵێت کاتێک تەقە وەستا و داعش نەمـا، ڕۆژی دواتـر چی دەبێـت بکرێت؟ ئێمە پێویستمان بە پلانێکە بۆ بووژاندنەوەی ئابووری، بەکارهێنانی باشی وزە، پشتگیری لە ئابووری و پەروەردەکردنی گەنجەکان سەبارەت بە داعش و گرووپە ڕادیکاڵەکان هەیە.

گـەر ئەوەی دەیکەین تەنهـا لە بەکارهێنانی هێـزی سـەربازیدا کـورت بکرێتـەوە و دواتـر بکشـێینەوە، ئـەوە تەنها دوژمنـی زیاترتان بۆ دروست دەکەین. دواجار، عێراق وەکو یەک وڵات زۆر باشترە لەوەی زنجیرەیەک خێڵ و هۆز بێت کە لەناو جەنگ و ململانێیەکی بێ کۆتاییدا بن.

ڕووداو
ژمارە (350) دووشەممە 2015/3/9

## بازرگانانی تورکیا ئۆفیس لەسلێمانی دەکەنەوە



**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی دیوانی پارێزگای سلێمانی کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، ئێوارەی ڕۆژی 2015/3/8 وەفدێکی کۆمەڵەی بازرگانان و وەبەرهێنەرانی تورکیا و عێراق سەردانی پارێزگایان کردووە و لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی و بەرپرسانی بازرگانی و وەبەرهێنان کۆبوونەتەوە. ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بەلێدوانی د. ئاسۆ فەرەیدون پارێزگاری سلێمانی داوە کە مەبەست لەهاتنی ئەو وەفدە، کردنەوەی پردێکی پەیوەندییە لەنێوان سلێمانی و تورکیا و گوتویەتی "وەفدەکە داوایانکردووە ئۆفیسێکی کۆمەڵەکەیان لە پارێزگای سلێمانی بکرێتەوە هاوشێوەی هەولێر کە سەرەتایەک دەبێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان".

# 8000 کۆمپانیا خۆیان لە باج دزیوەتەوە

## بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری:
### کەس نییە ناچاریان بکات باج بدەن

## سەرۆکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان:
### پێویستە یاسای باج هەموار بکرێتەوە

### "کۆمپانیاکانی بواری نەوت لە 2013دا 10 ملیار دۆلار قازانجیان کردووە، بەڵام یەک سەنت باجیان نەداوە"




**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێت لەلایەن کۆمپانیاکانەوە خۆدزینەوەیەکی زۆر لە دانی باج هەیە، بەتایبەتی کۆمپانیاکانی بواری نەوت، ئەگەر ئەم خۆدزینەوەیە نەبێت کوردستان ساڵانە داهاتێکی باشی دەبێت کە کەمتر نابێت لە داهاتی گومرگەکان.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و باجی خانووبەرەی میری، ساڵی ڕابردوو داهاتی باج بەڕێژەی 31% زیادی کردووە و گەیشتووەتە 212 ملیار دینار.

زانیار محەممەد قادر، بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێت "لەو 212 ملیار دینارە 111 ملیار دینار باجی قازانجی کۆمپانیاکان بووە".

ئەو پێیوایە ئەو باجەی لە کوردستان وەردەگیرێت بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە زۆر کەمە، جگە لەوەش خۆدزینەوە لە دانی باج هەیە. ئەگەر هەموو کۆمپانیاکان باج بدەن، ڕێژەی باج لە دوو ساڵی داهاتوودا بۆ سێ هێندە بەرز دەبێتەوە.

بەپێی یاسای باج، هەر هاووڵاتییەک یان بازرگانێک و کۆمپانیایەکی خۆماڵی و بیانی لەنێو هەرێمی کوردستان کارێک یان مامەڵەیەکی بازرگانی بکات و قازانج بکات، دەبێت باج بدات. بەڵام لە وەرگرتنی باج جیاوازی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە.

زانیار محەممەد لەوبارەیەوە دەڵێت "ئێمە و بەغدا لە باج وەرگرتن یەک یاسا پەیڕەو دەکەین، بەڵام لە ڕێنماییەکان جیاوازین. ئێمە پابەندی یاساکانی کوردستانین. بەپێی دەستووریش هەر یاسایەک لەبەغدا دەرچێ و لە بەرژەوەندیی کوردستان نەبێ، پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ ڕایبگرێت و کاری پێنەکات و یاسایەکی جێگرەوەی بۆ دەربکات، بەمەرجێک دژی دەقەکانی دەستوور نەبێ".

### باج لە کێ وەردەگیرێت؟

لە کوردستاندا باج خراوەتە سەر زۆر شت، وەک باجی دەرامەت، خانووبەرە، زەوی، باجی سەر پیشە، کۆمپانیا، خاوەنکار، مارکێت و مۆڵ، کارگەکان، چێشتخانەکان، هۆتێل و موتێل و سەنتەرەکانی جوانکاری و چەندین بواری دیکە.

زانیار محەممەد دەڵێت "باجمان خستووەتە سەر 280 جۆر پیشە. بڕی باجەکەش بەگوێرەی سەرمایە و قازانجی پیشەکە دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە 6 ملیۆن و 500 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە 25 ملیۆن دینار. بەهەمانشێوە باجی سەر خاوەن کارگەکانیش لە 14 ملیۆن دینارەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە 100 ملیۆن دینار".

گوتیشی "بەپێی یاسا لەوەرگرتنی باج ڕەچاوی باری خێزان و تەمەن و جۆری پیشەکە دەکەین، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک ئۆتۆمبێلێکی کیای هەبێت بۆ کار و، خێزاندار بێت، لەو 6 ملیۆن و 500 هەزار دینارە 5 ملیۆن دیناری لێ خۆشدەبین، ئەگەر منداڵیشی هەبێت، بۆ هەر منداڵێک 300 هەزار دینار داشکاندنی بۆ دەکەین، ئینجا بەپێی قازانج و پیشەکەی ساڵانە باجی لێوەردەگرین".

وەک زانیار باسی کرد، لە وەرگرتنی باجدا سیستمی تەساعودی ڕەچاو دەکەن، بۆ نموونە لە 2 ملیۆنی یەکەم 3%، لە دوو ملیۆنی دووەم 5%، لە دوو ملیۆنی سێیەم 10%، لە دوو ملیۆنی چوارەم بەسەرەوە 15%ی قازانج باج وەردەگرن.

### 32%ی کۆمپانیاکان باج نادەن

بەپێی ئاماری تۆماری کۆمپانیاکان نزیکەی 25 هەزار کۆمپانیای بیانی و خۆماڵی لە کوردستان هەن، بەڵام زانیار دەڵێت تەنیا نزیکەی 17 هەزار کۆمپانیا باج دەدەن، 8 هەزارەکەی دیکە کە دەکاتە 32%ی ژمارەی کۆمپانیاکان خۆیان لە دانی باج دەدزنەوە و کەسیش نییە ناچاریان بکات باج بدەن.

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری گوتیشی "زۆربەی ئەوانەی خۆیان لە باج دەدزنەوە کۆمپانیا گەورەکانن، بۆ نموونە تاوەکو ئێستا کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکانی بواری نەوت هیچ باجێکیان نەداوە، چونکە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هاوکارمان نەبوون بۆ ئەوەی بزانین چەند نەوت دەردەهێنن و دەیفرۆشن تاوەکو باجیان لێوەربگرین، بەڵام نزیکەی 59 کۆمپانیای خزمەتگوزاریی بواری نەوت هەن کە باجی خۆیان دەدەن، بەهەمانشێوەش هەردوو کۆمپانیای گەیاندنی کۆرەک و ئاسیا باجیان داوە".

### باج و عەدالەتی کۆمەڵایەتی

دکتۆر عیزەت سابیر، سەرۆکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت تاوەکو سیستەمی باج لە کوردستان ڕێکنەخرێ، عەدالەتی کۆمەڵایەتی نایەتە کایەوە "چونکە سیستەمی باج لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە دانراوە کە باج لە دەوڵەمەندەکان وەربگیرێت و خزمەتی هەژارانی پێبکەی، بەڵام لەکوردستان پێچەوانەیە، بۆیە پێویستە یاسای باج هەموار بکرێتەوە و سیستەمی وەرگرتنی باجیش ڕێکبخرێتەوە".

بەپێی زانیاری ئەو پەرلەمانتارە، کۆمپانیاکانی بواری نەوت لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013دا 10 ملیار دۆلار قازانجیان کردووە، بەڵام یەک سەنت باجیان نەداوە، چونکە بەپێی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ئەو کۆمپانیایانە لە پێدانی باج دەبەخشرێن.

ناوبراو باسی کەموکوڕییەکی دیکەی وەرگرتنی باج و ڕەسمی گومرگی دەکات لە کوردستان و دەڵێت "لەخاڵە سنوورییەکان جیاوازی هەیە، بۆ نموونە لە خاڵی سنووریی پەروێزخان و باشماخ یاساکانی باج 100% جێبەجێ دەکرێن، بەڵام لەوانەیە لە حاجی ئۆمەران وەک پێویست جێبەجێ نەکرێت و کارئاسانی زۆریان بۆ بکرێت، ئەمەش کاریگەری خراپی کردووەتە سەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە پارێزگای سلێمانی".

ئەو پەرلەمانتارە قسەی بەڕێوەبەری گشتی باجی دەرامەت پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت خۆدزینەوەیەکی زۆر هەیە لە پێدانی باج و دەڵێت "ئەگەر باج لە کوردستان بە ڕێکوپێکی کۆبکرێتەوە، داهاتی ساڵانەی زۆرترە لە یەک تریلیۆن دینار". گوتیشی "لە کوردستان و تەنانەت عێراقیش خۆدزینەوەیەکی زۆر لەلایەن کۆمپانیا و دەوڵەمەندەکانەوە هەیە، بۆیە نادادپەروەرییەکی زۆر لەوەرگرتنی باج هەیە، باج تەنیا لە هەژاران وەردەگیرێت".

---

## سایلۆکان پڕن لە گەنمی پار

# بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ دەگاتە 930 هەزار تۆن



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆ لە هەرێمی کوردستان دەڵێت بەهۆی بارینی ڕێژەیەکی باش لە باران و زیادبوونی ڕووبەری زەویی بەراو و دابەشکردنی بڕێکی باش لەبنەتۆی باوەڕپێکراو، پێشبینی دەکەن بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ بۆ 930 هەزار تۆن بەرزبێتەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە 7 ساڵی ڕابردوودا ساڵ بەساڵ ڕووبەری چاندن و بڕی بەرهەمی گەنم لەزیادبووندایە، بەجۆرێک ڕووبەری چێندراو لە ملیۆنێک و 937 هەزار دۆنمەوە بۆ 2 ملیۆن و 660 هەزار دۆنم زیادی کردووە، بڕی بەرهەمیش لە 318 هەزار تۆنەوە بۆ 742 هەزار تۆن زیاد بووە.

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە (ڕووداو)ی گوت، سەرەڕای قەیرانی دارایی، ئەمساڵ هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو 2 ملیۆن و 500 هەزار دۆنم زەوی بە گەنم و ملیۆنێک دۆنم زەوی بە جۆ لەلایەن جوتیارانەوە داچێنراوە. گوتیشی "بەهۆی زۆریی بارانەوە پێشبینی دەکەین بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ بۆ 930 هەزار تۆن بەرزببێتەوە".

### سایلۆکانی کوردستان پڕ گەنمن

بەشێکی زۆر لە سایلۆکانی کوردستان پڕن لە بەرهەمی ساڵی ڕابردوو، تەنیا سێ مانگیش بۆ وەرزی دروێنە ماوە. بۆیە فاروق عەلی دەڵێت "ئەگەر وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی چارەسەرێکی بە پەلە بۆ کۆگاکردنی گەنم نەدۆزێتەوە، لەوانەیە ئەمساڵ وەرگرتنی گەنم کێشەی تێبکەوێت".

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ساڵی ڕابردوو لە سایلۆکانی هەرێمی کوردستان 742 هەزار و 404 تۆن گەنم (284 هەزار تۆن لە هەولێر، 219 هەزار تۆن لە سلێمانی و 239 تۆن لە دهۆک لەجوتیاران وەرگیراوە، بەهۆی کەمی سایلۆ و نەبوونی شوێنیش بەشێکی زۆر لەو گەنمە لە گۆڕەپانەکان هەڵگیراوە، هەر بەو هۆیەش 1500 تۆن گەنم لە سایلۆی هەولێر و سلێمانی لەکاتی باران بارینیدا تەڕ بووە.

عەزیز ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی پیسەسازی و بازرگانی دەڵێت "پرۆسەری وەرگرتنی گەنم پلانەکەی لەلایەن بەغداوە دادەنرێت، بۆیە جێگەمان هەبێت یان نا پرۆسەکە لە 5/25 دەست پێدەکات".

بەهۆی ئەوەی پلانی وەرگرتنی گەنم و دابینکردنی پارەکەی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوەیە، ساڵانی ڕابردوو گەنمی هەرێمی کوردستان بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق هەناردەدەکرا و لەوێشەوە هەندێجار گەنمی بیانی هەنارده دەکرا، بەڵام ساڵی ڕابردوو بەهۆی شەڕی داعش و نەبوونی ڕێگەیەکی وشکانیی سەلامەت، تەنیا 40 هەزار تۆن گەنم لە هەرێمەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاست نێردراوە، هیچ بڕە گەنمێکیش بۆ کوردستان هاوردە نەکراوە، بەم هۆیەشەوە سایلۆکانی هەرێم پڕن لەگەنم.

عەزیز ئیبراهیم دەڵێت "هەرچەندە مانگانە نزیکەی 60 هەزار تۆن گەنم بۆ دابینکردنی بەشە ئاردی هاووڵاتیان ڕەوانەی ئاشەکان کراوە، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی تووشی عێراق و کوردستان بوو، تەنیا 40 هەزار تۆن گەنم لەهەرێمەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاست نێردراوە، بۆیە بەشێکی زۆری گەنمی ساڵی ڕابردوو هێشتا لە سایلۆکانە".

ناوبراو گوتیشی "هەردوو وەزارەتی بازرگانی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕێکەوتوون و ڕەزامەندی وەرگیراوە، ئەو بەشە گەنمەی لەپێویستی کوردستان زیادە، بۆ ئەوان بنێردرێت".

هەرێمی کوردستان خاوەنی 6 سایلۆی گۆکاکردنی دانەوێڵەیە بە وزەی 425 هەزار تۆن دانەوێڵە کە هەندێکیان پەنکەرن (سایلۆی هەولێر 60 هەزار تۆن، مەخموور 200 هەزار تۆن کە 100 هەزار پەنکەرە، دهۆک 60 هەزار تۆن، فایدە 30 هەزار تۆن، شێخان 60 هەزار تۆن و زاخۆ 15 هەزار تۆن). چەند سایلۆیەکیش لەقۆناخی دروستکردندان، بەڵام پێشبینی دەکرێت بۆ ئەمساڵ تەنیا سایلۆی (پیرومەگرون 80 هەزار تۆن) توانای وەرگرتنی گەنمی هەبێت، بۆیە ئەمساڵیش پێشبینی دەکرێت گرفتی نەبوونی شوێن دووبارە ببێتەوە، تەنانەت ئەگەر تەواوی ئەو گەنمەی لەسایلۆکاندایە ڕەوانەی شارەکانی عێراق بکرێ.

### "پەنکەر دروست دەکەین"

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) هەفتەی ڕابردوو لە دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کۆبوونەوەیەک بۆ چارەسەری گرفتی نەبوونی شوێن بۆ وەرگرتنی بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ کراوە و لیژنەیەکی باڵای ئەندازیاریش بۆ دروستکردنی چەند پەنکەرێکی (لەودە) هاوچەرخ لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک پێکهێنراوە.

سوار عەزیز، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و ئەندامی ئەم لیژنە باڵایە گوتی "لیژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی پەنکەرەکان لەو شوێنانەی کە بۆ سایلۆ و پەنکەر دروستکردن لە پارێزگاکان تەرخانکراون، تاوەکو بەزووترین کات دەستبکرێت بە دروستکردنی پەنکەر لە پارێزگاکان بەگوێرەی پێویست". گوتیشی "پەنکەرەکان بەشێوەیەکی هاوچەرخ دروستدەکرێن و سیستەمی کارەبایی بۆ بارکردن و پڕکردنیان تێدا دەبێت".

بۆ توانای کۆگاکردنی سەرجەم سایلۆکانی هەرێمی کوردستانیش سوار عەزی، گوتی "وەک سایلۆ بێجگە لەپەنکەرەکان، تەنیا شوێنی 285 هەزار تۆن گەنمان هەیە، بەڵام ئەمساڵ سایلۆیەکی دیکەمان لەپیرەمەگروون بەتوانای 80 هەزار تۆن تەواو بووە، بۆیە توانای کۆگاکردنی سایلۆکانمان بۆ 365 تۆ بەرزبووتەوە". گوتیشی "چەند سایلۆیەک لە ڕانیە، چەمچەماڵ و بەردەڕەش و سەیدسادق لە قۆناخی دروستکردندان، ئەگەر بودجەیان بۆ تەرخانبکرێت پێشبینی دەکەین بۆ ساڵی 2016 توانای کۆگاکردنی سایلۆکانمان بگاتە 685 هەزار تۆن دانەوێڵە، بێجگە لە پەنکەرەکان".

(فۆتۆ: سیڤان محەمەد سەلیم)

ئیان ماکنتۆش*

# کێ لە داهاتوودا نەوت و غازی کوردستان بەڕێوە دەبات؟

## چۆن خەڵکی کورد گەشەی پێبدرێت بۆ پۆستە باڵاکان؟

سەیرێکی پیشەسازیی نەوت و غاز بکە لە جیهاندا، دەبینی کە بەڕێوەبەرە باڵاکان و پلە تەنفیزییەکان بە زۆری ئەندازیاری نەوت یان زەویناسەکانن. ئەم پیشەسازییە یەکجار تەکنیکیە. کۆمپانیاکانی دۆزینەوە و بەرهەمهێنان و هەروەها کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاریش پێویستیان بە بەڕێوەبردنی تەکنیکیی داهێنەرانە هەیە تاوەکو سەرکەوتوو بن.

لە پلەی بەڕێوەبەری باڵادا لە نێو ئەو 25 کۆمپانیا نێودەوڵەتییەی نەوت کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، دەبینین تەنها 10%یان کوردن. بەڵام ئەمە تەواو مایەی تێگەیشتنە، بەهۆی ئەوەی بەڕێوەبەرە باڵاکان دەبێت لانیکەم 25 ساڵ ئەزموونیان هەبێت و پیشەسازی نەوت و غازی هەرێمی کوردستانیش لە ڕووی واقعیەوە تەمەنی تەنها 10 ساڵە. بە دڵنیاییەوە، چەندین کورد هەبوون کە پێشتر لە پیشەسازیی نەوت و غازی عێراقدا کاریان کردووە، بەڵام ژمارەیان بەس نەبووە بۆ دروستکردنی کاریگەرییەکی گەورە لەسەر ئەم پیشەسازیە خێرا گەشەکردووەی کوردستان. هەنووکە، تەنها یەک کۆمپانیای کارکەر هەیە (لە کۆی 25 کۆمپانیا) کە لەلایەن کوردەوە خاوەنداری دەکرێت، بەڵام ژمارەیەکی گەشەکردووی کۆمپانیا کوردیەکانی خزمەتگوزاری هەن.

لەبەرئەوە، گریمانەی ئەوە دەکەین کە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت چالاکانە دەرچووانی ناوخۆ دادەمەزرێنن بۆ ڕاهێنانیان و گەشەپێدانیان تاوەکو ببنە نەوەی داهاتووی بەڕێوەبەرانی پیشەسازیەکەیان لە هەرێمی کوردستان. بە داخەوە ئەمە تەنها بەشێکی ڕاستە.

ئەو دایەگرامەی خوارەوە دۆخی دامەزراندنی کارمەندانی ناوخۆ و بیانی لە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوتی کارکەر لە هەرێمی کوردستان پیشان دەدات. لە پۆستی کەم شارەزادا (بە دەرچووانی ئەم دواییەشەوە)، کارمەندانی کورد زۆرن، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئاستە باڵاکاندا، زۆربەی پۆستەکان بە کارمەندی بیانی پڕکراونەتەوە. ئەو گرفتەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە گەشەپێدانی کارمەندانی باڵایە بۆ گرتنە دەستی جڵەوی پیشەسازییەکە. ئەمەش کاتی دەوێت.

کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت نزیکەی 600 یان زیاتریان لە دەرچووانی ناوخۆیی ڕاستەوخۆ دامەزراندوون (لە کۆی 1500 کارمەندی پیشەوەر) لە هەرێمی کوردستاندا، کە لەم ژمارەیە زۆربەیان ئەزموونی کەمتر لە پێنج ساڵیان هەیە. لەنێو ئەو دەرچووانەدا، تەنها نیوەیان ئەندازیاری نەوت و جیۆلۆجین. حەوزی بەهرەکان بۆ بەڕێوەبەرانی داهاتوو لە گەورەبووندایە، بەڵام هێشتا بەس نییە. بەزۆری کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت هێشتا پشت بە کارمەندانی باڵای بیانی دەبەستن و زۆربەی کات وەڵامیان بۆ گرفتی گەشەی کارمەندی باڵای کورد ئەوەیە کە ئەو شارەزاییەی پێویستیانە لە نێو دەرچووەکاندا نایدۆزنەوە.

### دایەلۆگی زیاتر لەگەڵ زانکۆکان

بە خستنەلاوەی هۆکارە شیاوەکانی دیکەی پشت وەڵامدانەوەی هێواش بۆ پێویستیەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستان، هەندێک لە کۆمپانیاکان خەریکە درک بەوە دەکەن کە بۆ ئەوەی بتوانن دەرچووانی لاوی ئەندازیاری و زەویناسی کە لە داهاوتوودا پێویستیان پێیانە، دابمەزرێنن و ڕاهێنانیان پێبکەن و گەشەیان پێبدەن، پێویستە هاوکار بن لە بەرەوپێشبردنی کواڵیتی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستاندا.

هەندێک لە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری کێڵگەکانی نەوت دەستیان کردووە بە پەیوەندیکردن بە زانکۆکانەوە. نزیکەی نیوەی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت بەشدارن لە بۆردە ڕاوێژکاریەکاندا لەگەڵ زانکۆکانی دهۆک و کۆیە و کوردستان- هەولێر. ئەم بۆردانە کارمەندانی بە ئەزموونی پیشەسازیەکە ڕووبەڕوو دەکەنەوە لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی هاوکاریکردن لەنێوانیاندا. ئامانجەکە ئاسانە: پیشەسازیەکە دەرچووی باشتری دەوێت و زانکۆکانیش دەیانەوێت ئەو دەرچووانە بەرهەمبهێنن کە پیشەسازیەکە لە داهاتوودا دەیەوێت دایانبمەزرێنێ.

ئەو هەنگاوە سەرەتاییانەی کە ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە لەم بۆردانەدا، بریتین لە هێنانی پسپۆڕانی پیشەسازیەکە بۆ پیشکەشکردنی لێکچەر بە قوتابیان و ڕێکخستنی سەردانی قوتابیان بۆ دامەزراوەکانی نەوت و دابینکردنی سۆفتوێر و داتا بۆ پرۆژەی قوتابیان.

پرۆگرامی ئەندازیاریی نەوت لە زانکۆی کۆیە دەشێت خاوەنی باشترین دەرچووی پەیوەست بە نەوت و غازی هەبێت لە کوردستاندا و بەم دواییەش ژمارەی قوتابیەکانیان بەرزکردووەتەوە بۆ 80 قوتابی.

فوئاد خۆشناو، ڕاگری کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی کۆیە، گوزارشتی لە تووڕەبوون و لە هەمان کاتدا سووربونی خۆشی کرد بۆ کاراکردنی پەیوەندیی نێوان پیشەسازیەکە و زانکۆکان. ئەو گوتی "یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی دانەمەزرانی دەرچووانی زانکۆ بریتیە لە پەیوەندیی لاوازی نێوان ئامانجەکانی سیستمی خوێندنی باڵا و پێویستیەکانی بازاڕی کار. پێویستە ئەولەویاتەکانی خوێندن دووبارە دابڕێژرێنەوە. خوێندنی باڵا پێویستی بە ستراتیجێکە لەسەر بنەمای بەدیهێنانی پێویستیەکانی بازاڕ و جڤات".

دروستکردنی ئەم پەیوەندییە هێشتا ئیشێکی زۆری دەوێت بۆ گەیشتن بەو ئاستەی کە زانکۆکانی ئەورووپا و باکووری ئەمریکا پێیگەیشتوون کە لەوێ پەیوەندی لەنێوان پیشەسازییەکە و زانکۆکان زۆر بەهێزە، بەڵام خۆ (ڕۆما)ش بە ڕۆژێک دروست نەکراوە.

پرۆگرامێک کە خەریکە گوڕوتین پەیدا دەکات، وەرگرتنی قوتابیانە لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی نەوت و کۆمپانیا خزمەتگوزاریەکانەوە لە پشووی هاوینەیاندا. ساڵی 2014 نزیکەی 300 قوتابی لەو پرۆگرامەدا بەشداربوون. ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی ئەزموونێکی نایاب دەبەخشێتە قوتابیان و پیشانیان دەدات کە پیشەسازیەکە چۆن کار دەکات و ژیان و کارکردن لە کامپدا چۆنە و تێگەیشتن لەوەی کە کارکردن لەگەڵ کارمەندی بیانیدا چۆنە و هتد. کارکردن لە پیشەسازیی نەوتدا پڕ قازانجە، بەڵام لە هەمان کاتدا بزنسێکی ئاسان نییە، ئەمەش بۆ هەموو کەسێک وا نییە و ئەم پرۆگرامە هاوینەیە یارمەتی قوتابیان دەدات بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی پیشەسازیی نەوت و غاز ئەو شوێنەیە کە دەیانەوێت کاری لێبکەن یان نا.


ژمارەی دەرچووانی 2014 کە هەڵگری بڕوانامەی پەیوەستن بە نەوت و غازەوە (واتە زەویناسی و ئەندازیاریی نەوت) 124 قوتابی بوون و زانکۆکان نیازیان هەیە ئەم ژمارەیە لە پێج ساڵدا بەرز بکەنەوە بۆ 363 دەرچوو. ئەگەر بوارەکانی دیکەی ئەندازیاریش لەبەرچاو بگیرێن، ئەوا ئەم ژمارانە بە نزیکەیی دوو هێندە دەبن. ئەم ژمارەیە لە دەرچووان بە رووکەش پێویستیەکانی پیشەسازیەکە پڕدەکەنەوە، بەڵام ئەگەر پیشەسازیەکە ئەمڕۆ کواڵیتی دەرچووەکانی بە دڵ نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە گومانیشی دەبێت لەوەی کە زانکۆکان توانایان دەبێت بەو خێراییە ژمارەی قوتابیانی وەرگیراو زیاتر بکەن و لە هەمان کاتیشدا پرۆگرامەکانیان بەرەوپێش ببەن.

لەبەرئەوە دایەلۆگی زیاتر لەنێوان زانکۆکان و پیشەسازیەکەدا زۆر پێویستە. ئەو کۆمپانیا و زانکۆیانەی کە دەستپێشخەرییان کردووە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکدیدا، پێویستیان بە هاندانی زیاترە و ئەو کۆمپانیا و زانکۆیانەی تریش پێویستە شوێن ئەم نموونەیە بکەون.

***ڕاوێژکاری گەشەپێدانی هێزی کاری ناوخۆ لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەرپرسە لە (KOGWorks) واتە پرۆژەی کاری نەوت و غازی کوردستان کە پرۆژەیەکە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە سپۆنسەری کراوە لە پێناوی زیادکردنی دامەزراندن و ڕاهێنان و گەشەپێدانی توانای کورد لە کەرتی نەوت و غازدا.**

دابەشبەنی کارمەندانی ناوخۆ و بیانی بەپێی پلەی کار

کانونی یەکەمی 2014




سەرچاوە: وەزارەتی سامانە سروشتیەکان - حکومەتی هەرێمی کوردستان



عومەر ئەحمەد

# ئایندەی ڕێککەوتنەکەی هەولێر و بەغدا و سندووقی داهاتی نەوت

پەرلەمانی کوردستان لەکاتێکدا خوێندنەوە بۆ پرۆژە یاسای دامەزراندنی سندووقی داهاتی نەوت و گاز دەکات کە ڕێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا لە لێواری شکستدایە. هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیش بۆ پابەندبوون بەو ڕێککەوتنە بەدیناکرێت و دەڵێی بە گوشاری دەرەکی و لەبەر تووشبوون بەشەڕێکی سەپێنراو و دوژمنێکی هاوبەش، ئێستا ئەو دوو لایەنە نایانەوێت شکستی ئەو ڕێککەوتننامەیە ڕابگەیەنن.

ئەگەر هەولێر و بەغدا مەبەستیان ڕێککەوتن بووایە لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ سامانی نەوت و گاز، ئەوا ئەو هەموو ساڵەی نەدەخایاند و یاسای نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق لە چەند ساڵی ڕابردوودا پەسەند دەکرا. لەژێر ڕۆشنایی ئەگەرەکانی شکستهێنانی ئەو ڕێککەوتننامەیە، دانانی یاسایەکی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی داهاتەکانی نەوت و گاز بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری هەیە.

دیارە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی مانگی دوازدەی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و پشکی لە بودجەی گشتی 2015ی عێراق، ڕووبەڕووی چەندین کێشەی تەکنیکی و سیاسی هاتووە و دوایین سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش نەیتوانی قەناعەت بە بەرپرسانی بەغدا بهێنێ کە بەشە بودجەکەی بە تەواوی بنێرن و پابەند بن بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە. چارەکی یەکەمی ئەمساڵ لە تەواوبووندایە و هێشتا ئاسۆیەکی ڕوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە بەدی ناکرێت، ئەوەش لە کاتێکدایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی توندترین قەیرانی دارایی بووەتەوە. دووریش نییە سێ مانگی دیکە لە ساڵی 2015 تێپەڕێت و بەغدا هێشتا هەولێر تۆمەتبار بکات بە ناردنی نەوتی کەم و وەک مانگی یەک بیانووی جیاواز بهێنێتەوە و ئامادەنەبێت ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکات.

لەڕاستیدا چارەسەرکردنی کێشەی دارایی هەرێمی کوردستان، وەک هەر کێشەیەکی دیکە گەڕانەوەیە بۆ خۆی و دەبێت بگەڕێتەوە و ناوماڵی خۆی ڕێکوپێک بکات، ئەوەش پێویستی بە یەکدەنگی و یەک ڕیزییە لە پارلەمان و لە حکومەت. وەک چۆن زۆرێک لە سەرکردە کوردەکان ڕاشکاوانە دەڵێن: پێویست ناکات هەرێمی کوردستان خۆی لە بەغدا هیلاک بکات.

یەکێک لە بوێرانەترین بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لە 8 ساڵی ڕابردوودا پەرەپێدانی کەرتی نەوت بووە کە لەڕێی پەسەندکردنی یاسای نەوت و گازەوە بە یاسایی کراو بەغداش سەرەڕای ئەو هەموو ناڕەزایەتییە نەیتوانی لەبەردەم بەرزبوونەوەی دەسەڵاتی ئابووریی هەرێم هیچ بکات. ئێستاش کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە دانانی یاسای زۆرتر و وردتر هەیە و گرینگترین بەشی سندووقی داهاتی نەوت و گازی هەرێمە کە ڕەشنووسەکەی لە پەرلەمان تاوتوێ دەکرێت.

ئامانج لە دامەزراندنی سندووقی نەوت کە لە هەندێ وڵاتدا بە سندوقی یەدەکی دراو ناسراوە و لە هەندێ وڵاتی دیکەشدا ئەو دوو سندووقە لەیەک جیاوازن، لە بنەڕەتدا سەقامگیرکردنی داهاتی فرۆشتنی نەوت، گۆڕینی داهاتی نەوت بە سەرچاوەی دیکەی دارایی و باڵانسکردنی ئاڵوگۆڕەکانی دراو بوو. لەبەر گۆڕانکارییە خێراکانی نرخی نەوت و لە زۆر کاتیشدا بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، داهاتی زیادەی نەوت لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنەر دەخرێتە ئەو سندووقەوە و ناخرێتە سەر بودجەی ساڵانەی وڵاتان و حکومەت بۆی نییە هەرکات پێویستی بە قەرەبووکردنەوەی کورتهێنانی بودجەکەی بوو، پارەی ئەو سندووقە بەکاربهێنێ.

لەبەرئەوەی پێشبینی دەکرێت ئاستی بەرهەمهێنان و داهاتەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرزبوونەوە بەخۆیەوە ببینێ و لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەی داهاتەکانی کەرتی نەوتیش بەرفراوانە، دامەزراندنی وەها سندووقێک بۆ سەقامگیریی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری هەیە. دانانی هەلومەرجی گونجاو بۆ بەکارهێنانی ئەو سندووقە لە درێژخایەندا سەقامگیری ئابووری و سیاسی کوردستانی بەدواوە دێت ئەگەر بەباشی بەڕێوە ببرێت و تەنیا ساڵانە نەخرێتە خزمەت دراوپێدانی بودجەی گشتی وەک چۆن لە ڕەشنووسی یاساکەدا هاتووە. ئەگەر بەپێچەوانەوە وەبەرهێنانی پێبکرێت و ژێرخانی ئابووری و کەرتەکانی دیکەی گەشە پێبدرێت و سەرئەنجام سەرچاوەی دیکەی داهاتی لێبکەوێتەوە، ئەوا دەکرێت هەرێمی کوردستان بەرەو ئاراستەیەک بڕوات، نەبێتە وڵاتێکی نەوتی بەکارهێنەر کە گۆڕانکارییەکانی بازاڕی نەوت بە توندی زیانی پێدەگەیەنێ.



(فۆتۆ: سیڤان محەمەد سەلیم)



## کۆپی و داعش وەیسییان ترساندووە

**رووداو- هەولێر**

هونەرمەند وەیسی محەممەد ئەلبوومەکەی ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام دەڵێت بەهۆی شەڕی داعش و لە ترسی کۆپیکردن، بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی راگرتووە. کەشکۆڵی قەدەر کە لە 14 تراک پێکهاتووە، دوایین ئەلبوومی وەیسی محەممەدە و یەکێک لە گۆرانییەکانیشی بەناوی چاوەکەم کلیپی بۆ کراوە، بەڵام دەڵێت جارێ بڵاوی ناکاتەوە "بەهۆی شەڕ و هەروەها لە ترسی کۆپیش بەرهەمەکەم دواخستووە". وەیسی پێیوایە ئەگەر یەکەم رۆژ ئەلبوومەکەی بڵاوببێتەوە، دووەم رۆژ بە کۆپیکراوی لە بازاڕ بە 250 دینار دەفرۆشرێت. لە کوردستان هیچ یاسایەک نییە بۆ رێگری لە کۆپیکردنی بەرهەمی هونەرمەندان.

# هونەرمەندان لە ئینتەرنێتەوە داخوازیباران دەکرێن











**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

داوای هاوسەرگیری و یەکترناسین و خۆشەویستی لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە (داخوازیی ئەلیکترۆنی) رۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە و ئەوانەی لە کوردستانیش ئەو جۆرە داواکاریانەیان زۆر ئاراستە دەکرێت هونەرمەندانن، بە تایبەتی هونەرمەندە کچەکان. یەکێک لەو هونەرمەندانە دەڵێت وەزیر و پەرلەمانتار داوای هاوسەرگیرییان لێکردووە، شاجوانێکی کوردیش دەڵێت کوڕە ملیاردێری ئیماراتی داوای لەو جۆرەیان لێکردووە.





## بۆ کریستاڵ خۆیان دەسووتێنن

کچان کەمتر بەرگەی شکستی دڵداری دەگرن، وا باو بووە کچێک بەهۆی نەگەیشتن بە خۆشەویستەکەی خۆی لەناوبردووە، بەڵام کوڕانیش ئامادەن لە پێناو خۆشەویستیدا خۆیان بسووتێنن.

کچە گۆرانیبێژ کریستاڵ کە ماوەیەکی زۆرە هیچ بەرهەمێکی نوێی نییە، لە بارەی داخوازیی ئەلیکترۆنی بە (رووداو)ی گوت "داوای خۆشەویستی و هاوسەرگیری زۆرم لێکراوە، چ لە رێگەی ئینتەرنێت یاخود رووبەڕوو، بێگومان داوای هاوسەرگیری سەیریشم لێکراوە لە رێگەی فەیسبووک".

کریستاڵ باسی ئەو داواکارییە سەیرەی کرد و گوتی "کوڕ هەبووە پێیگوتووم ئەگەر شووم پێنەکەی خۆم دەسووتێنم". لەوانەی داوای هاوسەرگیرییان لە کریستاڵ کردووە بەرپرسی تێدا بووە، بەڵام کریستاڵ دەڵێت هەموو داواکارییەکانی رەتکردوونەتەوە.

## کوڕی ملیاردێرەکانی ئیمارات داوای دەکەن

شەبنم بارانی، ئەو کچە کوردەی ناسناوی شاجوانی ئینستاگرامی لەلایەن میدیا کوردی و عەرەبی و فارسییەکانەوە پێبەخشراوە، لەوبارەیەوە دەڵێت "زۆر داوای هاوسەرگیریم لێکراوە لەڕێی ئینتەرنێتەوە، کوڕە ملیاردێرە ئیماراتییەکانیشی تێدا بووە".

بارانی لەگەڵ داخوازی ئەلیکترۆنیدا نییە و دەڵێت "نازانم مرۆڤ چۆن دەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک بکات کە نەیناسێت و لە نزیکەوە نەیبینێ".

## کەڕولاڵێکی ئیتاڵی داوای لێکردووە

گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان نازێ عەزیزی زۆر متمانەی بەو جۆرە داخوازیانە نییە و دەڵێت "زۆر داوای خۆشەویستیم لێکراوە، چونکە دەزانن ئەو کەسە خۆتی و دەتوانن راستەوخۆ چانسی خۆیان تاقیبکەنەوە، بەڵام بۆ هاوسەرگیری زۆر بەکەمی داوایان کردووە".

عەزیزی کە شووی کردووە، چیرۆکێکی پێشووی خۆی لەگەڵ کوڕێکی ئیتاڵی دەگێڕێتەوە کە کوڕەکە عاشقی بووە و دەڵێت "پێیانگوتم کە کاری نمایشکاری جلوبەرگ دەکات، منیش قبوڵم کرد بیبینم، بەڵام کە بینینم هەر خوشکەکەی قسەی دەکرد، زۆر حەزم دەکرد قسە بکات، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەم کوڕە توانای بیستن و قسەکردنی نییە".

## شووی پێنەکرد، بلۆکی کرد

دڵنیا کاموسی، خانمە ئەکتەر و سینەماکار کە لە چەندین فیلمی سینەمایی و رێکلامی براندەکان بەشداری کردووە، دەڵێت "شتێکی ئاساییە کە داوای هاوسەرگیری بکرێت، زۆرینەی ئەو داخوازییانەی من لە رێگەی ئینستاگرامەوە بووە".

کاموسی کە دیزاینەری جلوبەرگیشە، سەیرترین داخوازیی خۆی لە رێگەی ئینستاگرامەوە، بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت "کوڕێک نامەی نارد و گوتی دەمەوێت شووم پێبکەی، منیش لێم پرسی تەمەنت چەندە؟ گوتی وا دەبمە 17 ساڵ، منیش گوتم ئاخر من زۆر لە تۆ گەورەترم، دوای ئەو قسەیە یەکسەر بلۆکی کردم".

ئەنیس کە گۆرانیبێژێکی گەنجی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، باسی داواکارییەکانی لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی "هێندە داوای هاوسەرگیری و خۆشەویستیم لێکراوە حیساب ناکرێت، گەنجی وا هەبووە ماوەی یەک ساڵ نامەی بۆ ناردووم، هەر بەوەش نەوەستاوە، دایک و باوکیشی نامەیان بۆ ناردووم".

## وەزیر و پەرلەمانتارا!

خانمە گۆرانیبێژ مژدێن کە لە هۆڵەندا دادەنیشێ، زوو زوو دەبێتە بابەتی رۆژنامەکان بە تایبەتی دوای دەرکەوتنی لە گۆرانییەک بە جلی نیمچە رووتەوە. مژدین چیرۆکی خۆی لەگەڵ داخوازیی ئەلیکترۆنی بۆ (رووداو) باسکرد و گوتی "لە ژمارە نایەن ئەو کەسانەی لە رێگەی فەیسبووکەوە داوای هاوسەرگیرییان لێکردووم، لە رێگەی پەیجەکەمەوە رۆژانە داخوازیم دێ و داوای خۆشەویستی جدی و هاوسەرگیریم لێدەکەن، زۆر کەسایەتی گەورەش هاتوونەتە پێش، ئەندام پەرلەمان و وەزیریش، بەڵام زیاتر ئەوانەی داوای هاوسەرگیریم لێدەکەن هونەرمەند و موزیسیانەکانن".

هەر هونەرمەندان نین، بەڵکو میدیاکارانیش داخوازیی ئەلیکترۆنییان هەیە. سۆزان کەمال خانمە میدیاکار و پێشکەشکاری تەلەفزیۆنی، سەبارەت بەم بابەتە بە (رووداو)ی گوت "ئەم بابەتە رووی چاک و خراپی هەیە، منیش وەکو هەموو کچێکی دیکە داوام لێکراوە، سەیرترین داواش کە لە رێگەی فەیسبووکەوە لێمکرابێت، کوڕێک بوو نامەی بۆ ناردم و بەبێ ئەوەی سڵاو بکات گوتی شووم پێدەکەی؟".

کچە گۆرانیبێژ ناسلی کە ماوەیەکی زۆرە لە میدیا دوورکەوتووەتەوە، بە (رووداو)ی گوت "زۆرن داوای خۆشەویستی و هاوسەرگیری دەکەن دوای ئەوەی ناسرام، بەڵام زۆربەی داخوازییەکان بە کەسانی نزیک خۆم گوتراون، زۆر کەسایەتی ناسراو و سەرمایەدار تەنانەت بەرپرسی باڵای کوردستانیش داوای هاوسەرگیرییان لێکردووم، گوتوویانە چیت دەوێت لەم دونیایە بۆت دەکەین".

نادی رەشید، شاجوانی گەشتوگوزاری کوردستان بۆ ساڵی 2013 و 2014 گوتی "هێندە داوای هاوسەرگیریم لێ دەکرێت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تاقەتم لێی نەماوە، زۆرجار ئەو بابەتە کێشەی بۆ دروستکردووم، هەر بۆیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دوورکەوتمەوە".



## کوڕان خەون بە نازدار و لۆکەوە دەبینن

ئێستا خوازبێنی و داواکردنی پەیوەندی خۆشەویستی لە رێگەی ئینتەرنێتەوە بووەتە شتێکی ئاسایی، بەتایبەتی لای گەنجان. هەرێز ئەحمەد گەنجێکی دانیشتووی شاری سلێمانییە دەڵێت "شتێکی ئاساییە، هاوڕێم هەیە 3 ساڵە پەیوەندی خۆشەویستی هەیە و تاوەکو ئێستا کچەکەی نەبینیوە، هەمیشە ژوان لە فەیسبووک و سکایپ دەبەستن".

ئەو گەنجە نایشارێتەوە کە خۆیشی لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە داوای پەیوەندی خۆشەویستی لە کچان کردووە. سەبارەت بە داخوازی ئەلیکترۆنی لە خانمە هونەرمەندەکان، ئەو گەنجە دەڵێت "رەنگە لە کوردستان هەزاران گەنج هەبن حەز بکەن لۆکە زاهیر یاخود نازدار خۆشەویستیان بێت".

هەر هونەرمەندانی کچ نین، هونەرمەندانی کوڕیش لە رێگەی ئینتەرنێتەوە داوای هاوسەرگیری و خۆشەویستییان لێدەکرێت.

هەڵکەوت زاهیر، ئاوازدانەری کورد کە سەروکاری زۆرتر لەگەڵ کچە گۆرانیبێژەکانە، دەڵێت "من هەمیشە بەڕێزەوە مامەڵەم لەگەڵ ئەو حاڵەتانە کردووە و رێزی کەسی بەرامبەرم گرتووە".

هونەرمەند بڵند عەبدوڵڵا نایشارێتەوە داخوازی لەو جۆرەی لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستە کراوە، بەڵام ئەو داوایانە بەهەند وەرناگرێت و پێیوانییە زۆر جدی بن "چونکە لە کۆمەڵگای ئێمە، دەبێت تەواو شارەزای کەسەکە بێت ئینجا بڕیاری هاوسەرگیری لەگەڵدا بدەی".



## ئەڤین ئاسۆ:

# پێویستم بە پڕوپاگەندە نییە بۆ ناوبانگ پەیداکردن

**زوو زوو شوێنی کارەکەی دەگۆڕێت، زوو زووش دەمرێندرێ، هەروەها زوو زووش بە شوو دەدرێ، ناو بەناو دوور دەکەوێتەوە، پاشان خۆی و بەرنامەکانی بە ستایل و شێوازێکی نوێ دەردەکەونەوە. کچە پێشکەشکاری کورد ئەڤین ئاسۆ مۆری خۆی لەبەرنامەیەک داوە بەناوی "ئەڤین ژن و ژیان". ئەو لەبارەی مراندنی و زوو زوو بەشوودانی رەتیدەکاتەوە خۆی لە پشت ئەو پڕوپاگەندانەوە بێت و پێیوایە ئەو قۆناغەی بڕیوە کە پێویستی بە ناوبانگ پەیداکردن بێت. ئەڤین ئاسۆ لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی هۆکاری دەرنەکەوتنی ئارامۆی هاوڕێی دەکات لە تەلەڤزیۆنەوە.**

**رێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

**رووداو: تاکەی دەتەوێت ئەڤین ژن و ژیان بەردەوام بێت و هەر خۆت پێشکەشی بکەی؟**

**ئەڤین ئاسۆ:** تا ئەوکاتەی توانای بەردەوامی و داهێنانمان مابێت؟ هەر کاتێک زانیمان نوێگەریمان پێناکرێت و لەئاست متمانەی بینەر نین، بەدڵنیاییەوە قسەیەکی دیکەمان دەبێت. سەبارەت بە پێشکەشکردنی بەرنامەکەش لەلایەن منەوە، بەرنامەکە بەناوی منەوەیە، زەحمەتە کەسێکی دیکە بەم ناوە بتوانێت پێشکەشی بکات، بەڵام وەک ناوەڕۆکی بەرنامەکەی من، ئاساییە کەسێکی دیکە پێشکەشی بکات.

**رووداو: زوو زوو پڕوپاگەندەت بۆ دەکرێت، جارێک دەڵێن شووی کرد، جارێک دەڵێن مرد، ئەم هەموو پڕوپاگەندانە بۆچی؟**

**ئەڤین ئاسۆ:** ئێمە زۆر خۆمان دەپارێزین وەڵامی قسە و قسەڵۆک بدەینەوە، بەڵام بەداخەوە هەندێجار ئەوەندە تەشەنە دەکەن کە ناچارین وەڵاممان هەبێت، بەتایبەتی زۆرجار بینەر و دۆستە ئازیزەکانیش داوامان لێدەکەن قسەمان هەبێت.

**رووداو: تاوەکو ئێستا 17 جار هەواڵی جۆراوجۆر لەسەر ئەڤین ئاسۆ لەبارەی شووکردن و مردن و بابەتی دیکە بڵاوکراونەتەوە، دەگوترێ ئەڤین ئاسۆ خۆی لە پشت بڵاوکردنەوەی هەندێک لەو هەواڵانەیە؟**

**ئەڤین ئاسۆ:** رەنگە باش بەدوایدا نەگەڕابن، ئەگینا پڕوپاگەندە تەنها بۆ ئەڤین ئاسۆ نەکراوە. ئەم پرسیارەی بەڕێزتان جۆرێک لەبێ ئینسافی تێدایە، چونکە ئێمە کەسێک نین لەڕێی پڕوپاگەندەوە بەشوێن پەیداکردنی ناوبانگدا بگەڕێین، پێموانییە پڕوپاگەندە تەنیا ئێخەی ئەڤین ئاسۆ بگرێت، بەڵکو دەیان قسە لەسەر هونەرمەند و پێشکەشکارەکانی دیکەش کراوە.

**رووداو: زۆر هونەرمەند بوونەتە میوانی بەرنامەکەت، بەڵام تاوەکو ئێستا دەشنێ و مێلی لەڤت داوەت نەکردووە، بۆچی؟**

**ئەڤین ئاسۆ:** ئێمە تێبینیمان لەسەر هیچ هونەرمەندێک نییە. نەک ئەو بەڕێزانە، بەڵکو هونەرمەندی دیکەش هەیە نەیتوانیوە ئامادەبێت، ئەوە پەیوەندی بە دەرفەتی ئەوانەوە هەبووە بۆ بەشداریی لەبەرنامەکە، تاوەکو ئێمە بەردەوام بین هەوڵدەدەین زۆربەیان میوانداری بکەین، بەڵام مێژووی بەرنامەکە بە درێژایی 5 وەرز و بەشی هونەریی بەرنامەکە شایەتی ئەوەن کە ئێمە جیاوازی لە نێوان کەس ناکەین، ئەوەی لە رابردوودا نەیتوانیوە و نەگونجاوە، بێگومان بۆ ئایندە هەر میوان دەبن.

**رووداو: دوای دوورکەوتنەوەتان لە کەناڵ چوار و کوڕەک، ئارامۆ نەبینرا، تەنیا لە پرۆگرامەکانت ئاماژە بە ناوی دەدەی، بۆچی تاوەکو ئێستا نەبووەتە میوانی پرۆگرامەکەت؟**



ئارامۆ حەزناکات لە شاشە دەربکەوێت

**ئەڤین ئاسۆ:** ئارامۆ خۆی حەزی کردووە لەسەر شاشە دووربکەوێتەوەو زیاتری خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمپانیای ئارامۆ میدیا تەرخان بکات، ئەو کۆمپانیایەی خاوەندارێتی بەرنامەکەی ئێمە دەکات، بەمدواییەش زیاتر سەرقاڵ بووە بە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کەناڵی نێت تیڤی، ئەمە جگە لەوەی خۆی هەمیشە ئەو باوەڕەی هەیە کە دەبێت دەرفەت بۆ کەسانی دیکە بڕەخسێنرێ، چەند جارێکیش داوامان لێکردووە میوانی بەرنامەکە بێت، بەڵام ئەو پێی خۆشە لە کەوالیسەوە پشتیوانی بەرنامەکە بکات نەک لەسەر شاشە.

**رووداو: ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندەکانتان رەوانەی ماڵەوە کرانەوە، ئەوە چۆن بوو؟**

**ئەڤین ئاسۆ:** راستییەکەی ئەوە پەیوەندی بەمنەوە نییە. ئەو کارمەندە بەڕێزانە گرێبەستیان لەگەڵ دامەزراوەیەکی میدیایی هەبووە نەک شەخسی من، بۆخۆشیان لەگەڵ بەشی ئیدارە و یاسایی دامەزراوەکە گفتوگۆیان کردووە و سەرجەم ئەو بەڕێزانەش تەواوی مافی خۆیان وەرگرتووە و تەنیا دواکەوتنی مووچە بوو. ئەوەی ئێستا کارمان لەگەڵ ناکات گرێبەستی تەواو بووە و پێویست نەکراوە گرێبەستی نوێ بکرێتەوە.

رووداو
تاراوگە
ژمارە (350) دووشەممە 2015/3/9

## تواناسازان لەبەریتانیا هەڕەشە دەکەن



رووداو- هەولێر

لەیاداشـتێکدا کە واژۆی 341 خوێندکاری ماسـتەر و دکتۆرای لەسـەرە و وێنەیەکی بۆ (رووداو) نێردراوە، لیژنەی باڵای داواکارییەکانی کاندیدانی تواناسازی لەبەریتانیا داوای خەرجکردنی مافە داراییەکانیان دەکەن. لەیاداشتەکەدا دەڵێت ماوەی هەشت مانگە هیچ جۆرە مافێکی داراییان بۆ خەرج نەکـراوە و نووسـیویانە "بەرچاوکردنـی ئەو بارودۆخە ئابووری و سیاسـی و ئەمنییەی رووی لە کوردسـتان کـردووە، دانمان بەخۆماندا گرتووە و نەمانویستووە هیچ هەڵوێستێک بنوێنین، بەڵام ئێستا کەس لەخەمی دۆخی ئێمەدا نییە، بۆیە ئەگەر لەماوەی 10 رۆژدا داواکارییەکانمان جێبەجێ نەکەن، گەورەترین خۆپیشاندان نارەزایی لە بەردەم نوێنەرایەتی حکومەت لە لەندەن دەکەین".

# مستەفا بارزانی لە ئەکادیمیای فرونزی بەناوی مامیدۆڤ وەرگیراوە



**خۆشەوی محەممەد**
**رووداو- مۆسکۆ**

حکومەتی رووسـیا، شـوێنی حەوانەوەی مسـتەفا بارزانـی لـە مۆسـکۆ بـە فەرمـی دەناسـێنێ و ئـەو کەسـەی ئێسـتا لـە نێو خانووەکەی بارزانیدایە نرخێکی زۆری لەسەر خانووەکە داناوە، بەو هۆیەشـەوە کەس لێی ناکرێت.

بارزانـی مـاوەی چوار سـاڵ لە مۆسـکۆ لـە ئەکادیمیایەکی سـەربازی خوێندوویەتی و بەگوێـرەی بەڵگەنامـەکان لـەوێ نـاوی "مامیدۆڤ" بووە.

دوای رووخانـی کۆماری مهاباد، مسـتەفا بارزانـی لەگـەڵ نزیکەی 500 پێشـمەرگەی خـۆی بڕیار دەدات ئێـران جێبهێڵێت و پەنا بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەتی جاران ببـات. رۆژی 15ی نیسانی 1947 سەرجەم پێشمەرگەکان کۆدەکاتـەوە و پێیاندەڵێت "ئەم سـەفەرەی ئێمە، سەفەری هات و نەهاتە، برینداربوون و ئازار و ئەشکەنجە و کوژرانی تێدایە، من خۆم نادەمە دەسـت عێراق، هەر کـەس ئامادەیە لەگەڵم بێت با رای خۆی بڵێت".

پـاش 59 رۆژ بەپـێ رۆیشـتن و 3 سـێ رۆژ مانـەوە لەسـەر سـنوور، دواجـار لـە 1947/6/18 لـە رووباری ئـاراس پەڕینەوە نـاو خاکـی یەکێتـی سـۆڤیەت و بارزانی لە 29ی ئەیلولی 1947 لە شاری "نەخچەوان"ی کەنـاری ئەرمینیـاوە گوازرایـەوە بۆ شـاری "باکۆ"ی پایتەختی کۆماری ئازەربایجان.

### لە ئازەربایجان دەستبەسەر دەکرێ

مسـتەفا بارزانی هەرزوو تووشـی کێشـە دەبێت لەگـەڵ جەعفەر باقیرۆڤ، سـەرۆکی ئەوکاتـی ئازەربایجان. چونکە لـە دیدارێکدا باقیرۆڤ داوا دەکات رۆژهەڵاتی کوردسـتان، لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی سـنووردار بخرێتە پـاڵ ئازەربایجانی سـۆڤیەت، بـەڵام بارزانی بەتونـدی لـە دژی ئـەو قسـەیەی باقیرۆڤ وەستاوەتەوە، هەروەها لە ئێوارە خوانێکیشدا کە سـەرۆکی ئازەربایجان بۆ بارزانی سـازی کـردووە، باقیـرۆڤ دەڵێ "ئـەم ئاهەنگە بە خۆشی و سەلامەتیی قارەمانی ئەم سەدەیە، مسـتەفا بارزانییە"، بـەڵام بارزانی لەوەڵامدا دەڵێ "من کاتێک شـاد و خۆشحاڵی خەباتی خۆم دەبم کە هەڤاڵەکانم بە ئاسوودەیی بژین و لەدەست برسـێتی و بەدبەختی لە یەکێتی سۆڤیەت رزگاریان بێت".

باقیـرۆڤ بـەم هەڵوێسـتەی بارزانی زۆر تێکدەچێـت و هەر ئەو شـەوە پەیوەندی بە جۆرزێـف سـتالینەوە دەکات و دوای چەنـد رۆژێـک فەرمانـی دا بە لێکدابڕیـن و پەرش و بڵاوکردنـی پێشـمەرگەکان و ئـازاردان و راگواسـتنیان بـۆ سـەختترین ناوچەکانـی سۆڤیەت.

لە 1948/8/29 بارزانی لە ئازەربایجانەوە گواسـترایەوە شـاری تاشـقەندی پایتەختی ئۆزبەکسـتان. دەسـەڵاتدارانی سۆڤیەت هەر بـەوە ناوەسـتن، بەڵکـو لـە 1949/3/13 بارزانـی لە هەڤاڵانـی دادەبڕێ و خۆی و دوو پێشـمەرگەی دیکەی دەگوازنەوە بۆ شـاری "چەمبای" لەسـەر دەریاچـەی ئۆراڵ و لەوێ دەستبەسەری دەکەن. دوای سێ ساڵ بارزانی جارێکی دیکە دەگەڕێنرێتەوە ئۆزبەکستان.

### مردنی ستالین بەخێر شکایەوە

سـتالین لـە شـەوی 5 ئـاداری 1953 کۆچـی دوایـی کـرد و دوای ئەو خرۆشـۆڤ بـووە سـەرۆک کۆمـاری سـۆڤیەت. بارزانی بەشـێوەیەکی نهێنـی لە تاشـقەندەوە بەرەو مۆسـکۆ دەکەوێتە رێ و سـێ رۆژ لەبەردەم کۆشکی کرێملین مان دەگرێت. پاسەوانەکان خرۆشۆڤ لە هاتنی بارزانی ئاگادار دەکەنەوە و پاش دیداری لەگەڵ خرۆشـۆڤ، سیاسەتی سـۆڤیەت گۆڕانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. بارزانی لەو دیدارەی لەگەڵ خرۆشـۆڤدا، داوا دەکات ئـەم کۆت و بەندانەی سـەر هەڤاڵانی هەڵبگیرێت و دەرفەتی فێربوون و خوێندن بۆ پێشمەرگەکان برەخسێنرێت.

### چوار ساڵ ژیان لە مۆسکۆ

سـاڵی 1954 تـا سـاڵی 1958 بارزانی لە شوقەیەکی شەقامی نۆڤەسلابۆدسکایەی شاری مۆسـکۆ دەژیـا. د.خۆشـەوی مـەلا ئیبراهیم نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە رووسیا کـە باوکی ئەویش یەکێک بووە لـە یاوەرانی بارزانـی بۆ یەکێتی سـۆڤیەت، سـەبارەت بە شـوێنی ژیانـی بارزانی گوتـی "ژمارەیەک لەو ئەفسـەرە سـۆڤیەتیانەی کە لـە ئەکادیمیای سـەربازی فرونـزی دەیانخوێند، لە شـەقامی نۆڤەسلابۆدسـکایە دەژیـان، ئەوانیـش تەنیا ئـەو ئەفسـەرە هەڵبژاردانـە بوون کـە بەلای سۆڤیەتەوە گرنگ بوون و خاوەنی میدالیا بوون و بە قارەمانی رووسـیا دەناسران، چونکە ئەو شـەقامە بەیەکێـک لە گرنگترین شـوێنەکانی مۆسکۆ دەناسرێت".

دەسـەڵاتدارانی سـۆڤیەت لـە سـەردەمی خرۆشـۆڤدا گرنگی زۆریـان دەدا بـە بارزانی، هەربۆیـە شـوقەی ژمـارە 125 لـە نهۆمـی پێنجەمـی باڵاخانـەی ژمـارە 50ی شـەقامی نۆڤەسلۆبۆدسـکایەی شـاری مۆسـکۆیان بـە بارزانی دا، بۆ ئەوەی تێیدا بژی.

### لە 45 ساڵی دەستی بەخوێندن کرد

بارزانـی لـە ژیانـی ئاوارەییـدا، گرنگـی و بایەخـی زۆر دەدات بـە خوێنـدن و بـەردەوام هانی پێشـمەرگەکانی دەدا بۆ ئەوەی بخوێنن، بۆیە داوا لە کاربەدەستانی سۆڤیەت دەکات کە رێگا بدەن پێشـمەرگەکانی بخوێنن. بارزانی بۆ سۆڤییەتیەکان دەنووسێ "لێرە بێشک کارکردن شتێکی پیرۆزە، بەڵام فێربوونی زانست و زانیاری گرنگترین قۆناغی سـەرەتاییە بۆ سـەرکەوتن، ئێمە پێویستمان بە فێربوونی زانستی سیاسی و کاروباری پارتایەتی و زانستە نوێیەکان هەیە، تکام ئەوەیە لەم بارەیەوە یارمەتیمان بدەن".

لەسـەر داوای بارزانی، حکومەتی سۆڤیەت دەرفەتی خوێندنی رەخسـاند بۆ زیاتر لە 200 پێشمەرگە بۆ درێژەدان بە خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان، بارزانی خۆیشـی لە تەمەنی 45 سـاڵیدا لە شـاری مۆسـکۆ چووە ئەکادیمیای فرونزی.

د.خۆشـەوی دەڵـێ "ئەکادیمیـای فرونزی یەکێکە لە باشـترین ئەکادیمیا سەربازییەکانی رووسـیا کە تەنیـا خەڵکێکی هەڵبـژاردە لەو ئەکادیمیایە وەردەگیران، مەلا مستەفا بارزانیش بـە ناوی مامیـدۆڤ لەو ئەکادیمیا سـەربازییە وەرگیرا و خوێندنی سەربازی لەوێ خوێند".

(رووداو) سـەردانی ئەکادیمیـای فرونـزی کـرد بەمەبەسـتی دەستخسـتنی بەڵگـە و دۆکیومێنتەکانـی خوێندنـی بارزانـی لـەو ئەکادیمیایە، بـەڵام بەڕێوەبەرانی ئەکادیمیاکە رێـگا بەهیچ کەسـێک نادەن بەبێ نووسـراوی فەرمـی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان یاخود خانەوادەی بارزانی، چاوی بەو بەڵگانە بکەوێت.

### تابلۆی ناوی بارزانی

حکومەتی رووسیا بەشێوەیەکی فەرمی تابلۆی یـادەوەری لەسـەر دیـواری زۆر لـەو باڵاخانانە هەڵواسـیوە کە پێشتر کەسـایەتییە ناودارەکان تێیـدا ژیـاون، یەکێکیش لەو کەسـایەتیانە مەلا مسـتەفا بارزانییە. لە ناوەڕاستی شوباتی 2012 لەلایەن حکومەتی رووسـیاوە تابلـۆی یادەوەری ئامادەکرا بۆ شوێنی ژیانی بارزانی.

تابلـۆ هەڵواسـراوەکە بەردێکـی مەڕمەڕە کە لەسەری نووسراوە (کەسایەتی دیاری بزووتنەوەی رزگاریخـوازی کـورد مسـتەفا بارزانی لەسـاڵی 1954 تـا 1958 لەم ماڵـەدا ژیاوە). ئەو تابلۆیە بەشێوەیەکی فەرمی و بە ئامادەبوونی بەرپرسانی رووسـیا و باڵیـۆزی عێراق لە رووسـیا، لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە لە مەراسیمێکدا لەسەر دیواری باڵاخانەکە هەڵواسرا و لەهەمان شـوێن سـەرۆکی هەرێمی کورسـتان وتەیەکی پێشکەش کرد. شوقەکەی بارزانی ئێستا خێزانێکی رووسـی تێـدا دەژی، چەند جارێکیش هەوڵدراوە شوقەکە بکرڕێت، بەڵام کاتێ خاوەنی شـوقەکە دەزانێ مەلا مستەفا تێیدا ژیاوە، داوای نرخێکی خەیاڵی دەکات.

# کوردی تاراوگە کێشەی جووت ناویان هەیە



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

بەشـێکی زۆر لەو کوردانەی لە تاراوگە دەگەڕێنەوە کوردستان دووچاری کێشەی "جـووت نـاو"ی هاتـوون و لـە کاتـی مامەڵەیـان لـە فەرمانگەکانـی حکومەت ناوە بیانییەکەیان کێشـەیان بۆ دروسـت دەکات، لیژنەیەکـی پەرلەمانیش بەنیازی دانانی رێگەچارەیە بۆ ئەو کێشەیە.

ئەو کوردانەی لەدوای راپەڕینی 1991 چوونەتـە دەرەوەی وڵات و لـەوێ بـە پاسـاوی خراپیی بارودۆخی سیاسی یان مرۆیـی مافـی پەنابەرییـان وەرگرتووە، زۆربەیـان بۆ وەرگرتنی ئـەو مافە، ناوی یەکـەم یاخـود یەکـەم و دووەمیشـیان گۆڕیوە، بەڵام ئێسـتا رووبەڕووی کێشـە بوونەتـەوە و کاتێـک دەگەڕێنـەوە بـۆ کوردسـتان ناتوانن بەنـاوی یەکەمیانەوە مامەڵەی یاسـایی بکەن، چونکە خاوەنی پاسپۆرتی وڵاتانی دەرەوەن.

جگـە لـەوەش لـە دەرەوەی وڵات خێزانیـان پێکەوەناوە و بوونەتە خاوەنی منـداڵ و کێشـە بـۆ خێزانەکانیشـیان دروستبووە.

ئەحمەد عەلی، کوردێکی دانیشـتووی ئیتاڵیایە و ماوەی زیاتر لە بیسـت ساڵە لـەوێ دەژی، ئەحمەد بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەرێتـی ناوی خۆی گۆڕیوە و بەناوی دووەمیشـیەوە پاسـپۆرتی ئـەو وڵاتەی وەرگرتووە.

ئەحمەد کاتێک دەگەڕێتەوە کوردستان و بـۆ مامەڵەیـەک رێـی دەکەوێتـە فەرمانگەیەکی حکومی، رووبەڕووی کێشە دەبێتەوە.

ئەحمەد بـە (رووداو)ی گوت "زۆربەی کـوردی تاراوگـە ئەو کێشـەیەیان هەیە، من لەکوردسـتان ناوم ئەحمەدە، بەڵام لە ئیتاڵیـا ناوێکی دیکەم هەیە، ئێسـتا کە بمەوێت لەکوردستان مامەڵەیەکی یاسایی بکەم پاسپۆرتەکەم بەناوی دووەممەوەیە، بۆیـە مامەڵـەی یاسـایی بـۆ خـۆم و منداڵەکەشـم ناکرێت، چونکە ئێسـتا بە ناوی کوردستانمەوە خاوەنی منداڵ نیم".

رەنگە کێشـەکەی سەرخێڵ بە بەراورد بەکێشەی ئەوانی دیکە باشتر بێت، چونکە ئەو تەنیـا ناوی یەکەمـی گۆڕیوە، بەڵام زۆر کـوردی دیکە ناوی یەکـەم و دووەم و بنکـەی تۆمارکردنی ناو و شاریشـیان گۆڕیوە، وەک ئەو گوتی "چارەسەرکردنی ئەو هەموو گۆڕینە زەحمەتە".

ئێستا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دوو رێگە هەیە، یەکەمیان عێراق داوا لەو وڵاتانـە بکات ناوی یەکەمی ئەو کەسـانە چاک بکات، دووەمیشـیان بەو پێیەی لە زۆربەی وڵاتانی دەرەوە حکومەتی عێراق باڵیۆزخانەی هەیە، دەتوانێت نووسراوێک بکات بۆ فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی ئەو وڵاتانـە و بنووسـێت کە ئـەو هاووڵاتییە ناوی یەکەمی لە عێراق ئەو ناوەیە، بەڵکو ناوەکەی بۆ راست بکەنەوە. وەک ئەحمەد ئاماژەی پێدا لە سـاڵانی رابردووشدا زۆر کەس ئەو کارەیان کردووە.

سێیەم رێگەش بەگوتەی ئەو هاووڵاتییە ئەوەیـە لـە کوردسـتان چارەسـەرێکی یاسـایی بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوە هەتا بتوانن بەناوی یەکەمیانەوە مامەڵەکانیان رایی بکەن.


لیژنـەی پەیوەندییـەکان و رەوەنـدی کوردسـتانی لـە پەرلەمانـی کوردسـتان لەم ماوەیـەی رابردوودا سـەردانی چەند وڵاتێکی دەرەوەیان کردووە و لەو کێشەیە ئاگادار کراونەتەوە.

زانا عەبدولڕەحمان، سەرۆکی ئەو لیژنە پەرلەمانییـە بـە (رووداو)ی راگەیانـد، لەگـەڵ لیژنـەی یاسایی هەوڵـدەدەن لەڕێگـەی هەموارکردنەوەی یاسـای باری شارسـتانی، ئەو کێشەیەیان بۆ چارەسەر بکەن.

هاووڵاتیانـی عێـراق بـە هەرێمـی کوردستانیشەوە بۆ دەرکردنی ناسنامەی باری شارسـتانی پشـت بەیاسـای ژمارە 188ی سـاڵی 1959ی (باری شارستانی عێراقـی) دەبەسـتن، بۆیـە دەبێـت بەهەمواركردنـەوە لەو یاسـایە یاخود بە "جێکردنەوە" لە پرۆژەیەکی یاسـای کۆچ و کۆچپێکراوانـی پەرلەمانی کوردسـتان، چارەسـەری کێشـەی ئـەو کوردانـەی دەرەوە بکرێت.


تەلار لەتیف، ئەندامی لیژنەی یاسـایی لەپەرلەمانی کوردستان گوتی گۆڕینی ئەو ناوانە کێشـەیەکی گەورەیە و هەندێکیان کێشـەی ناوی دووەم و سێیەم و تەنانەت شوێنی تۆماری ناو و تەمەنیشیان بەپێی شارەکان هەیە، بۆیە ئەوانیش هەوڵدەدەن بەچەند رێگەیەک بۆیان چارەسەر بکەن، لەوانـەش بەهەموارکردنـەوەی یاسـای بـاری شارسـتانی، یاخـود ئەو کەسـانە لەو یاسـایە (ئیستیسـنا) بکرێـن، واتە کاتێک گەڕانـەوە هەرچەندە پاسـپۆرتی وڵاتێکی دیکەشیان هەبێت، بەڵام بەناوی یەکەمیانـەوە مامەڵەکانیان بکەن، یاخود لە پـڕۆژە یاسـای کـۆچ و کۆچپێکراوان کە لەپەرلەمانی کوردسـتان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و لەداهاتوودا پەسـەند دەکرێت، بۆیان چارەسەر بکرێت.

گوتیشـی "بەهـەر شـێوەیەک بێـت پێویسـتە ئەو کێشـەیەیان بۆ چارەسەر بکەیـن، چونکـە هەندێـک لەو کەسـانە پسپۆڕ و شارەزان لە بوارێکدا کە دەتوانن بەگەڕانەوەیان خزمەتی باش بکەن".




Empire
Building the Future World

Empire World:
Empire Business Complex C4, Erbil, Iraq
Tel: +964 (0) 66 257 6006 - +964 (0) 66 257 6007
info@empireiraq.com - www.empireiraq.com


RÛDAW
نۆرین ٧
٧
بە سپۆنسەری سەرەکی
شاری پزیشکی فاروق
بەردەوام دەبێت
د.ئاراس بڕادۆستی
fmc
FARUK MEDICAL CITY

ڕووداو ژنان
ژمارە (350) دووشەممە 2015/3/9




## لە ڕۆژی ژناندا کچێک دەکوژرێت

**ڕووداو- خانەقین**

عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەگەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ڕۆژی 8ی مارس (ڕۆژی جیهانی ژنان) کەسێک کە باری دەروونی تەواو نەبووە لەبەردەم نەخۆشخانەی خانەقین بەزۆر چەکی لەپاسەوانەکە وەرگرتووە و دەستدرێژی تەقەی کردووە، بەو هۆیەش کچە خوێندکارێکی تەمەن 27 ساڵی کوشتووەو سێ کەسی دیکەشی بریندار کردووە، دواتر خۆشی کوشتووە، ناوبراو ڕوونیکردەوە کە بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکە دەکەن و گوتی "بکوژەکە بەهۆی لە دەستدانی 2 برایو تەقاندنەوەی خانووەکەیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە باری دەروونی تێکچووە".

# کچێکی تەمەن 23 ساڵان خۆی دەخنکێنێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە بەردەم خێمەیەکی گەورەدا پیاوەکان وەستاون و هەندێکیان هێشتا شۆک بەریندەداون. خۆیان ئامادە دەکەن بۆ بە خاکسپاردن و دانانی پرسەی کچێک کە لە دۆخێکی تەمومژاویدا خۆی خنکاندووە. کەمێک لەولاتری ماڵەکەیانەوە چەند کچ و ژنێک سەرقاڵن بە ئامادەکارییەکان بۆ 8ی مارس (ڕۆژی جیهانیی ژن).

خۆکوشتنی ئازیز جەلال دەبێتە دووەمین حاڵەتی خۆکوشتن لەو ماڵەدا. 3 ساڵ لەمەوبەریش دایکی ئازیز هەر لەو خانووەدا کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا. هەر بۆیە بەشداربووانی پرسەکە سەریان سوڕماوە لەوەی بۆچی ئەو کچە هەمان ڕێگای دایکی هەڵبژاردووە.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 2015/3/6 کچە تاقانەکەی ئەو ماڵە بڕیار دەدات خۆی بخنکێنێ. ئازیز تەمەنی 23 ساڵ بوو، هاوتەمەنەکانی ئەو زانکۆیان تەواو کردووە، بەڵام ئەو تازە خوێندکاری پۆلی پێنجی ئامادەیی بوو.

جەلال حاجی ڕەحیم، باوکی ئازیز کە وەستای گەچکارە، چەند خولەکێک پێش ڕووداوەکە لەماڵەوە لەگەڵ ئازیز بووە و دەڵێ کچەکەی پێیگوتووە لەبازاڕ کرێمێکی دەستی بۆ بکڕێت، بەڵام باوکی هێشتا لە بازاڕ بووە کە بە تەلەفۆن هەواڵی مردنی کچەکەیان داوەتێ.

هاتنی وەرزی بەهار بۆ ئەو خێزانە لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا نەهات بووە، چونکە هەر لە وەرزی بەهاری 2012دا بوو کە دایکی ئازیز خۆی خنکاند. باوکی و کەسوکاری دڵنیان لەوەی کچەکەیان لەبەر خەمخواردنی بۆ دایکی خۆی خنکاندووە.




جەلال حاجی ڕەحیم دەڵێت بەردەوام ئاگای لە کچەکەی بووە و هەمیشە لێی پرسیوەتەوە "دەیگوت هیچ کێشەیەکم نییە و لەڕووخساریدا کێشەی پێوە دیار نەبوو، بەڵام هەر لەخەفەتی دایکی خۆی خنکاند، چونکە پەیوەندییەکی زۆر باشیان هەبوو".

ئەو ڕۆژەی ئازیز خۆی خنکاند، بڕیار بووە کوڕێکی پووری کە ماوەی هەشت ساڵە لە دەرەوەی وڵاتە بگەڕێتەوە و تەواوی کەسوکاریشی لە چاوەڕوانیدا بوون، ئازیز دوای ئەوەی خۆی شۆردووە، پەیوەندی بەماڵی پوورییەوە کردووە و گوتوویەتی دێم بۆ ماڵتان و چەند شەوێکیش دەمێنمەوە.

تابان بەهجەت، پوورزای ئازیز، سەری سوڕمابوو لەوەی چۆن خۆی کوشتووە "ئێمە وەک هاوڕێ بووین و هیچ کاتێک هەستمان نەکردووە کێشەی هەبێت".

ئازیز و باوکی لەگەڵ ماڵی مامی پێکەوە دەژین. ڕووداوەکە بۆ مامیشی چاوەڕواننەکراو بووە. جەزا حاجی ڕەحیم، بەهەمان شێوەی باوکی هۆکاری خۆخنکاندنەکەی بۆ کۆچی دوایی دایکی دەگێڕێتەوە کە کاریگەری لەسەری هەبووە.

کەسوکاری ئازیز لەڕێگەی (ڕووداو)ەوە داواکارن ڕووداوەکە بەشێوازی دیکە باس نەکرێت، چونکە ئەوان کێشەیان لەگەڵ کەسدا نەبووەو باوکیشی گوتی "داوا لەخەڵکی دەکەم دوعای بەخێری بۆ بکەن بۆ ئەوەی خوا لێی خۆش بێت".

دوای ڕووداوەکە پۆلیس دەستیان بەلێکۆڵینەوە کردووە. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی لە بارەی خۆکوشتنی ئازیزەوە گوتی کە جارێ نازانن بۆچی خۆی خنکاندووە و پۆلیس هێشتا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە و نەگەیشتووەتە ئەنجامی کۆتایی.

خۆخنکاندنی ئازیز دووەمین حاڵەتی خۆخنکاندنی ژنانە لەماوەی تەنیا هەفتەیەکدا لەناو شاری سلێمانی.

هەفتەی ڕابردووش ژنێکی دیکە لە بەکرەجۆ خۆی خنکاند. کاتێک دەنگە دەنگ خەڵکی ناحیەکەی لە نیوەشەودا بەخەبەر هێنا، دواتر دەرکەوت ژنێکی تەمەن 24 ساڵ بەناوی ئەحلام خۆی خنکاندووە.

چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو ڕووداوە دەڵێن ژنەکە لەژوورێکی نهۆمی دووەمی ماڵەکەیان بەپەتێکەوە خۆی هەڵواسیوەو دەمودەست خنکاوە، پۆلیس ئیفادەی هاوسەر و کوڕەکانی وەرگرتووە و سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی لەبارەی ئەو ڕووداوەش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند چاوەڕێی ڕاپۆرتی کۆتایی پەیمانگەی پزیشکی دادی سلێمانین، بەڵام هاوسەرو کوڕەکانی لەبنکەی پۆلیس گوتوویانە کە هیچ کێشەیەکیان نەبووە و نازانن ئەو ژنە بۆچی خۆی خنکاندووە.

د.محەممەد نوری، پزیشکی پسپۆڕ لە پەیمانگەی پزیشکی دادوەری کە توێکاری جەستەیی بۆ ژنەکەی بەکرەجۆ کردووە، دەڵێ بەهۆی خۆهەڵواسین مردووە و ئەوانیش ڕاپۆرتی کۆتایی ڕەوانەی لای دادوەر دەکەن، بەڵام زانیارییان لەبارەی هۆکاری خۆخنکاندنەکە نییە.


گەزیزە باپیری

# ڕۆژێک بۆ خۆڕازاندنەوەی ژنان

هەشتی مارسی ئەمساڵیش ڕۆیشت، نە هیچ گۆڕا و نە هیچ دەستکەوتێکمان هەبوو. تەنیا لە ڕۆژێکی ساڵدا نیوەی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەمان دێتەوە یاد کە کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە هەیە. نیوەی کۆمەڵگەی مرۆڤ کە لەنێو خۆیاندا بە پەرش و بڵاوی کار بۆ مافەکانیان دەکەن و باوەڕیان بە ژنبوونی خۆیان نییە. هەشتی مارسی هەموو ساڵێک بۆ ژنی کورد، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان، ڕۆچنەیەکە بۆئەوەی هێندەی دیکە پیاوەکان زیاتر بە دروشمە بێ کردەوەکانیان ڕۆژەکەمان لێ تێپەڕێنن و ئێمەش بە جلی کوردییەوە خۆمان بڕازێنینەوە و لە هۆڵە پڕ لە نوورەکانەوە "بەڵێ"یان بۆ بڵێین. هەشتی مارسی هەموو ساڵێک تەنیا ڕۆژێکە بۆ ئەوەی هێندەی دیکە قسە لەسەر نایەکسانیەکان بکەینەوە کە زۆر کەم بۆ بە کردەوەبوونیان هەنگاوێک دەهاوێژین.

نەمانتوانیوە بە تاکی کۆمەڵگەکەمان بڵێین هەشتی مارس تەنیا ڕۆژێک نییە بۆ ژنان، هەشتی مارس ڕۆژێکە بۆ هەموو پیاوێک و ژنێک کە خەون بە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دیموکراتەوە دەبینن. ڕۆژێکیشە بۆ گەیاندنی پەیامەکانمان بۆ ئەو توێژە زۆرەی کۆمەڵگە کە تا ئێستا ژن تەنیا وەک خزمەتکارێکی ماڵ و تێرکردنی هەوەسە پیاوانەکانیان دەبینن.

کپبوونی ژنان و ڕازیکردنیان لەلایەن پیاوەکانەوە بە مسقاڵە زێڕەکان، جارێکی دیکە بێ مافکردنی خۆمانە. تەنیا هوشیاربوونەوەی خۆمان دەتوانێ بە مافی وەک پیاوانمان بگەیەنێت. ئەو هۆشیارکردنەوەیەی کە بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە دەکرێت نەک بە زێڕ و هۆڵی پێشاندانی ژنان و جلی ڕازاوە. هەروەها بەحزبیکردنی پرسەکە و دووبارە پەرش و بڵاوکردنی ئێمەی ژنان بۆ بەرژەوەندییە حزبییەکان کە ڕۆژانە هزری دژە ژنی تێدا ڕەنگدەداتەوە، نابێتە هۆی گەیشتن بە یەکسانی .

هەوڵدان بۆ یەکسانیی ژنان و پیاوان، زۆر لەمێژە لە دەق و نووسینی شاعیر و ڕۆشنبیرە ڕاستینەکانی سەردەمانی پێشوودا هەستی پێکراوە و پێیان گوتووین بە درێژەدان بە نەریتە دژە ژنەکان کە تێیدا پەروەردە بووین، بە هیچ کوێ ناگەین. بە کۆکردنەوەی زانیاریی زۆرتر و لێکۆڵینەوە لە پرسە جیاوازەکانی ژنان- ئەو ڕێگە چارەیەی کە بەدەگمەن دەستمان بۆ بردووە- بە هاوڕێبوون لەگەڵ کتێب و زانست بە مافەکانمان دەگەین. وەک هێمنی شاعیر دەڵێ:

من تەشی ڕێسێکی وەک شیرینی وەفاییم بۆچییە؟

کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ

دەکرێ بڵێین لەم سەردەمەدا کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینیش کەم نین، بەڵام بە هۆی زاڵبوونی کولتووری زاڵی بیرکردنەوەی نایەکسان، ئەم زانین و چاوکراوەییەشی بە ئاقاری هاوڕابوونی ڕەگەزی زاڵدا بردووە و وای کردووە کەلتووری جیاوازیی جێندەری بە شێوەیەکی نوێ و مۆدێرن درێژەی پێبدرێت.

هەتا ئەو ڕۆژە کیژ و کوڕی چاوکراوەی فێرەزانین پێ لە نەریتە دواکەوتووەکان نەنێن و بڕوای تەواویان بە یەکسانی نەبێت و لە کردەوەشدا بۆ جێبەجێکردنی هەوڵ نەدەن، ئەم نابەرابەری و نایەکسانیە درێژەی دەبێت و بە دروشمی ڕازاوە چارەسەر نابێت.

# دوو ژن حەوت مانگە بە تەنیا لە شارۆچکەیەک دەژین

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- تەلسقۆف**

ماوەی 7 مانگە دوو ژنی کریستیان بە تەنیا لە شارۆچکەیەکی 4 هەزار کەسیدا دەژین. ئەو دوو ژنە ماوەی دوو هەفتە لە بن دەسەڵاتی داعشدا بوون، دوای ئەوەی پێشمەرگە شارۆچکەکەی ئازاد کرد، بڕیاریان دا هەر لەوێ بمێننەوە.

شارۆچکەی تەلسقۆف دەکەوێتە دووریی 15 کیلۆمەتر لە باشووری قەزای تلکێفی سەر بە پارێزگای نەینەوا و سەرجەم دانیشتووانەکەی کریستیانن. سەرەتای مانگی ئابی ڕابردوو کاتێک چەکدارانی داعش هێرشیان کرد سەر قەزای تلکێف، دانیشتووانی شارۆچکەی تەلسقۆف لە ترسی چەکدارانی داعش، شارۆچکەکەیان چۆڵ کرد و ئاوارەی شاری دهۆک بوون.

ساریا متو کە تاوەکو ئێستاش لە شارۆچکەکە دەژی، چیرۆکی خۆی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "کە زانیمان داعش دێت، هەموو کەسوکاری ئێمە شارەکەیان چۆڵ کرد، بەڵام دەبینی من پەککەوتەم، کەسم نییە، نەمتوانی ڕابکەم و لێرە مامەوە. هاوڕێیەکم هەبوو، بەڵام لە گەڕەکێکی دیکە بوو، ئەویش وەک من بێ کەسە، کە داعش هات، ئەویش هاتە لای من و دەرگامان لەسەر خۆمان داخست".

ئەو دوو ژنە تەمەنیان لە سەرووی 60 ساڵانە، بەڵام چەکدارانی داعش دەستیان لێ نەپاراستوون. ساریا دەڵێت: هەرچەندە خانووەکەمان دوور بوو لە سەنتەری شار، دەرگاشمان لەسەر خۆمان داخستبوو نەدەهاتینە دەرەوە، بەڵام دوای 10 ڕۆژ گوێمان لە دەنگە دەنگێک بوو، لە دەرگا درا، بەڵام دەرگامان نەکردەوە، پاشان سێ کەس کە بە عەرەبی قسەیان دەکرد، دەرگایان شکاند و هاتنە ژوورەوە، ڕیشیان درێژ بوو، داوای پارەیان کرد، بەڵام هیچ پارەمان پێنەبوو. هەموو خانووەکان گەڕان، هیچ شتێکیان نەدیتەوە. سەیری منی کرد خاچێکی زێڕم لە ملدا بوو، یەکسەر لە ملی کردمەوە و بردی".

ساریا دەستەکانی ڕادەوەشاندن و باسی ترسی خۆیانی لە چەکدارانی داعش کرد "زۆر لێیان دەترساین، یەکێک لەوان بە دوو هاوڕێکەی دەگوت با بیانکوژین. یەکێکیان گوتی جا بۆچی گوللەی خۆمان لەو پیرەژنانە خەسار بکەین، پاشان چەند قۆنداخە تفەنگێکیان لێداین و ڕۆیشتن".

شارۆچکەی تەلسقۆف تەنیا 15 ڕۆژ لە ژێر دەستی چەکدارانی داعش مایەوە و پێشمەرگە ئازادیان کرد. ساریا باسی گەیشتنی پێشمەرگە دەکات بۆ نێو شارۆچکەکەیان و دەڵێت "نە تەلەفۆن، نە کارەبا، هیچ شتێکمان نەبوو، ئێوارەیەک دەنگە دەنگێک پەیدا بوو. دیاربوو بە کوردی قسەیان دەکرد، زانیمان ئەوانە پێشمەرگەن، یەکسەر دەرگامان کردەوە، لە خۆشیان زۆر گریاین، پێشمەرگە زۆر هاوکارییان کردین، دەستبەجێ خواردن و ئاویان بۆ هێناین".



ساریا لەگەڵ مەدی سالمی هاوڕێی ئێستاش لە ژوورێکدان کە بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێدێت، تەنیا سۆپایەکی تێدایە، ئەوان دەڵێن ماوەی 7 مانگە خۆیان نەشووشتووە.

ساریا گوتی "سەیرکە ئەوە حاڵی ئێمەیە، هەرچەندە پێشمەرگە کەمتەرخەم نەبوونە و هەر شتێکمان ویستبێت بۆیان هێناوین، بەڵام ڕەوشمان زۆر خراپە".

هۆکاری مانەوەی ئەو دوو ژنە لەو شارۆچکەیە وەک خۆیان دەڵێن، بەهۆی شوونەکردنیانە. ساریا دەڵێت "زۆر ژن و پیاو وەکو ئێمە بەتەمەن لەم شارۆچکەیە هەبوون، بەڵام ئەوان هەموویان کەسوکاری خۆیان هەبوو، ئەوکاتەی داعش هات، کەسوکاریان ڕزگاریان کردن، بەڵام ئێمە لەبەرئەوەی شوومان نەکردبوو، کەسمان نەبوو، ناچار بووین لێرە بمێنینەوە".

پێشمەرگەیەک لە تەلسقۆف کە ئاگاداری ڕەوشی ئەو ژنانەیە گوتی "ئەو ژنانە بێکەسن، ئێمە کە هاتینە ئێرە بینیمان زۆر لاوازبوون و ڕەوشیان خراپ بوو، بەڵام هەرچییان بوێت، بۆیان جێبەجێ دەکەین".

شەریف موحسین کە پێشمەرگەیە لە تەلسقۆف، هەروەها دەڵێت "ئەوانە چەند خزمێکیان هەن، بەڵام خزمی دوورن، چەند جارێکیش سەردانیان کردوون، بەڵام نایانەوێت لەگەڵ خۆیانیان ببەن، بۆیە دەبێت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ خەمێک لەو دوو ژنە بخۆن و هاوکارییان بکەن".

کەسێکی کریستیانی ئەو شارۆچکەیە بەناوی یوحەننا مشکان کە ئاگاداری ژیانی ئەو دوو ژنەیە، گوتی "ئەو دووانە دوو لە جوانترین کچەکانی ئەو شارۆچکەیە بوون، بەڵام شوویان نەکرد و ئێستاش وا پەکیان کەوتووە".

ڕووداو
ژمارە (350) دووشەممە 2015/3/9

## منداڵێک خوشکەکەی خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- سەیدسادق**

موقەدەم حەکیم عەزیز، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارۆچکەی سەیدسادق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئێوارەی ڕۆژی 2015/3/7 لەگەڕەکی سەرای شارۆچکەی سەیدسادق، منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵ بەهۆی دەستکاریکردنی چەکی باوکییەوە، گوللەیەکی لەدەست دەرچووە و بەر خوشکەکەی کەوتووە و دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە. ناوبراو گوتی "خوشکەکەی تەمەنی 12 ساڵە. منداڵەکە زیندانی ناکرێت، بەڵام باوکی منداڵەکە بەپێی ماددەی 21ی چەک فەرمانی گرتنی بۆ دەردەکرێت". گوتیشی "ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە".





# قایمقامی چەمچەماڵ لەدەست چەکدار هانا بۆ حیزبەکان دەبات



## گوتەبێژی پۆلیسی چەمچەماڵ:
## نارنجۆک فڕێدراوەتە نێو ماڵەکەی منیش

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

زۆربوونی ڕووداوەکانی تەقەکردن و کوشتنی هاووڵاتیان لەشارۆچکەی چەمچەماڵ، قایمقامی شارۆچکەکەی ناچار کردووە داوا لە حیزبەکان بکات هاوکارییان بکەن بۆ بنبڕکردنی دیاردەی چەکهەڵگرتن، گوتەبێژی پۆلیسیش دەڵێت کەلتووری ناوچەکە وایکردووە زۆرترین ڕووداو لەم شارە ڕووبدات.

شارۆچکەی چەمچەماڵ کەوتووەتە نێوان شاری سلێمانی و کەرکووکەوە کە 60 کیلۆمەتر لەسلێمانی و 40 کیلۆمەتریش لە کەرکووکەوە دوورە، بەڵام لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای سلێمانییە و ئێستاش 300 هەزار کەسی تێدا دەژی.

### لە 2 مانگدا 4 کەس کوژراون

نەقیبی مافپەروەر جەلال محەممەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، تەنیا لە 2 مانگی ڕابردوودا لەسنووری شارۆچکەکەیان 4 کەس کوژراون و گوتی "کەلتووری ئەم ناوچەیە بەشێوەیەکە زیاتر پەنا بۆ چەک دەبردرێ".

ئامانج محەممەد قایمقامی چەمچەماڵ دەڵێ زۆربەی ئەوانەی چەکیان پێیە چەکداری پارتی و یەکێتی و گۆڕانن، بۆیە چەند جارێک داوایان لەو لایەنانە کردووە کە هاوکاریان بن بۆ بنبڕکردنی دیاردەی چەکداری. ئەو قایمقامە گوتی "زۆربەی ئەوانەی چەکیان لەدەستە چەکداری حیزبەکانن، ئەگەر دیاردەی چەکداری نەمێنێ، ڕووداوی کۆمەڵایەتی زۆر کەم دەبێتەوە".

شارۆچکەی چەمچەماڵ لەڕووی جوگرافییەوە لەشاری کەرکووک نزیکە کە لەماوەی ڕابردوودا بەردەوام ئامانجی هێرشەکانی چەکدارانی داعش بووە. بەگوتەی قایمقامی چەمچەماڵ "بەشێکی زۆری میحوەرەکانی بەرگریکردن لە سنووری کەرکووک و کوردستان، ئەو پێشمەرگانەی لێیە کە خەڵکی چەمچەماڵن".

### کاری بۆ نەکردن و کچەکەیان کوشت

لەکۆتایی مانگی ڕابردوودا تەقە لە ماڵی کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا کە لە دەزگای ئەیلوول کار دەکات و بەو هۆیەشەوە کچێکی تەمەن 11 ساڵی کوژرا. دواتریش هێزە ئەمنییەکان تۆمەتبارانیان دەستگیر کرد کە دانیان بە تاوانەکەدا ناوە و هۆکارەکەشیان بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە باوکی ئەو کچە لە دەزگای ئەیلوول کارەکانی بۆ ڕایی نەکردوون، بۆیە تەقەیان لەماڵیان کردووە.

ئەو ڕووداوە وای لەبەرپرسانی پارتی لەسنووری چەمچەماڵ کرد بێنە دەنگ. فەرهاد کەرکووکی بەرپرسی لقی 19ی پارتی لە چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا تەقە لەماڵی چەند کادیرێکیان کراوە، بەڵام دەڵێت "هیچ کەس و لایەنێک تۆمەتبار ناکەین و ناشڵێین دەزگا ئەمنییەکان کاریان نەکردووە، بەڵام بەگشتی بارودۆخی ئەمنی لە چەمچەماڵ کۆنترۆڵ ناکرێت، چونکە لەئەنجامی ئەو تەقەکردنانە لەماڵی کادیرانمان تەنیا تۆمەتبارانی کچە 11 ساڵانەکە دەستگیرکران".

گوتەبێژەکەی پۆلیسی چەمچەماڵ دەڵێت تەنیا لە دوو مانگی ڕابردوودا فەرمانی دەستگیرکردن بۆ 26 کەس دەرچووە و 25یان دەستگیرکراون.

سەبارەت بەوەی کە پارتی دەڵێن زۆرترین تەقە لەماڵی کادیرانی ئەوان کراوە، گوتەبێژەکەی پۆلیس گوتی "لەماوەی شەش مانگدا ڕەنگە تەقە زیاتر لە 40 ماڵ کرابێت کە ماڵی کادیرانی لایەنەکانی دیکەشی تێدا بووە، تەنانەت نارنجۆک خراوەتە ماڵی خۆمەوە و هێشتا تۆمەتبارەکەش دەستگیر نەکراوە، بۆیە ئەوە پەیوەندی بە مەسەلەی سیاسییەوە نییە".

قایمقامی چەمچەماڵیش پێیوایە ئەو ئامارە بۆ شارۆچکەکەیان لەو ماوەیەدا زۆر نییە و گوتی "ئەو ئامارەی دوو مانگی ڕابردوو بۆ چەمچەماڵ زۆر نییە، چونکە ڕووداو لەهەموو کوردستان ڕوویداوە و هەڵکەوتەی جوگرافی و کۆمەڵایەتیی ناوچەکەی ئێمەش وایە بەشێکی زۆری خەڵکەکەی چەکدارن".

بەڵام جەزا حەمەساڵح، توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە زۆریی تەقەکردن لەو شارە دەگەڕێتەوە بۆ "لاوازیی دەزگا ئەمنییەکان". هەروەها دەڵێت "خەڵکی چەمچەماڵ کۆنترۆڵی ناوەکییان تاڕادەیەک لاوازە، بۆیە زۆرتر پەنا بۆ تەقەکردن دەبەن".

### یەکێتی:
### خەڵکانی گێرەشێوێن تەقە دەکەن

هەرچەندە قایمقامی چەمچەماڵ پەنجە بۆ هەر سێ لایەنی سەرەکی (پارتی، یەکێتی و گۆڕان) ڕادەکێشێت کە چەکدارەکان زۆرتر ئەندام و لایەنگری ئەوانن، بەڵام بەرپرسانی پارتی ڕاشکاوانە قسەی خۆیان دەکەن، یەکێتیش دەڵێن کەسانی گێرەشێوێن تەقە دەکەن.

ڕێبوار جاف، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی 12ی چەمچەماڵی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "لە هەموو کۆبوونەوەکانماندا داوامان لە ئەندامەکانمان کردووە کە چەک هەڵگرتن قەدەغەیە، بەڵام ئەوانەی تەقە دەکەن کەسانی گێرەشێوێنن و دیار نین".

### گۆڕان:
### مۆڵەتی چەک هەڵگرتنمان هەیە

عەبدوڵڵای کوێخا موبارەک کە بەرپرسی مەکۆی گۆڕانە لە چەمچەماڵ، دەڵێت ئەوان دژی دیاردەی چەکدارین، بەڵام هەڵگرتنی چەکیش لەلایەن ژمارەیەک هەڵسووڕاویانەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ باری ئەمنی و دەڵێت ئەوانە مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیان پێدراوە.

---

**موقەدەمی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر***

## دایک و باوکێک کچەکەیان بەند دەکەن

کچێک پەیوەندی پێوەکردین کە لە ماڵی خۆی بەند کراوە و کەسوکارەکەی ناهێڵن بچێتە دەرەوە. ناونیشانی خۆی بە کورتە نامەیەک نارد بۆ ژمارە تەلەفۆنەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان. دواتر نامەکەی نێردرا بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی خێزانی، دادوەر بڕیاری دا کە ئەو ماڵە بپشکنین بۆئەوەی کچەکە ڕزگار بکرێت.

کاتێک ئافرەتەکە هێنرایە دەرەوە، بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی من قوتابی بووم، بەڵام لە قوتابخانە دەریانهێنام. دایک و باوکم مامەڵەیان خراپە لەگەڵم. بۆم نییە بچمە بەر دەرگاش. کە باوکم لە ماڵ دەچێتە دەرەوە، دایکم دەرگا کلیل دەدات. بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی نەشیاوم کردبێت، دونیایەک گومانم لێدەکەن و منیان خستووەتە ژێر چاودێرییەکی توندەوە. بەڕاستی تەواو لە هەڵسوکەوتی باوکم و دایکم بێزار بووم و چیدی نامەوێت بگەڕێمەوە نێو ئەو دۆزەخە.

هیچ دایک و باوکێک لەخۆڕا منداڵەکەیان بەند ناکەن، پێدەچوو شتێک لە پشت بابەتەکەوە هەبێت. کاتێک پرسیار لە کچەکە کرا کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەسدا نییە؟ یەکسەر گوتی مانگێک پێش ئێستا لەگەڵ ماڵەوەمان چووینە ئاهەنگێک، لەوێ کوڕێکم ناسی کە لە خۆم گەورەتر بوو، داوای ژمارەی تەلەفۆنی کرد، من گوتم مۆبایلم نییە، بەڵام ئەو مۆبایل و سیمکارتێکی دامێ.

پێش ئەوەی قسە لەگەڵ دایک و باوکی کچەکە بکرێت، پەیوەندی بەو کوڕەوە کرا. ئەو کوڕە پێشتر دوو ژنی هێنابوو هەردووکیانی تەڵاق دابوو، بەڵام کچەکە دەیگوت بە هەر جۆرێک بێت شووی پێدەکەم، خۆ هەر هیچ نەبێت لەو دۆزەخە دەردەچم. بە کچەکە گوترا کە ڕەنگە بچیتە نێو دۆزەخێکی دیکە، بەڵام ئەو هەر دەیگوت شوو بەو کوڕە دەکەم.

کچەکە بۆ ماوەی مانگێک لە شەڵتەرێکی ژنان هێڵدرایەوە، توێژەرانی کۆمەڵایەتی شەڵتەرەکە توانییان قەناعەت بە کچەکە بهێنن کە واز لەو کوڕە بهێنێ و بگەڕێتەوە لای کەسوکارەکەی.

کاتێک قسە لەگەڵ دایک و باوکی کچەکە کرا، هەردووکیان داوای لێبوردنیان کرد و دانیان بەوەدا نا کە مامەڵەیەکی دروستیان لەگەڵ کچەکەیان نەکردووە. کچەکە هیچ سکاڵایەکی لەسەر دایک و باوکی نەبوو، تەنیا دەیویست نەگەڕێتەوە لای دایک و باوکی، بەڵام لە کۆتاییدا کچەکە ڕازی بوو بگەڕێتەوە لای دایک و باوکی. لە بەرامبەردا باوکی بەڵێننامەیەکی پڕ کردەوە کە توندوتیژی بەرامبەر کچەکەی بەکارنەهێنێ.

ئەگەر کچەکە سکاڵای تۆمار کردبا، ئەوا دایک و باوکی بەپێی ماددەی بەپێی مادەی 7 لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دادگایی دەکران لەسەر بێبەشکردنی کچەکەیان لە خوێندن، ئەگەریش تۆمەتەکانیان بەسەردا ساخ بووبووایەوە، ئەوا سزا دەدران بە ملیۆنێک تاوەکو سێ ملیۆن دینار، هەروەها بەندکردنیان بە شەش مانگ تاوەکو سێ ساڵ، یان بە یەکێک لەو دوو سزایە.

***بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

---

## دوای 77 ساڵ قەیسەری هەولێری جێهێشت

# تەرمی مام خەلیل لەلایەن شاگردەکەیەوە فڕێدراوە



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

"حەیف لۆ مام خەلیل، کەس وەک ئەو لە ژیان ماندوو نەبوو، هەتا مرد چایچی بوو، کە مرد هەر کفنەکەی پێ بڕا". ئەوە قسەی پیرەپیاوێکە کە ڕۆژانە لای مام خەلیل چای دەخواردەوە. ئەو سەیری لافیتەی پرسەکەی دەکرد کە بە چایەخانەکەوە هەڵواسرابوو، دەیگوت "قسە خۆشەکەی بازاڕی قەیسەری ڕۆیشت".

خەلیل ساڵح کە بە مام خەلیلی چایچی بەناوبانگ بوو، ساڵی 1938 لە قەڵای هەولێر لەدایکبووە، لە تەمەنی 10 ساڵییەوە لە قەیسەری هەولێر چایچی بوو، مام خەلیل کە باوکی 3 کچ و کوڕێک بوو، ڕۆژی 2015/3/4 تەرمەکەی لە گۆڕستانێکی هەولێر دۆزرایەوە.

مام خەلیل هەموو ڕۆژێک لەگەڵ بانگی بەیانیدا دەهاتە نێو چایخانەکەی و تا دوای ڕۆژئاوابوون لەوێ دەمایەوە. چایخانەکەی بە وێنە مێژوویی و کۆنەکانی شاری هەولێرەوە زۆرتر لە مۆزەخانەیەک دەچوو.

موحسین خەیات، 40 ساڵە دراوسێی مام خەلیلە و دوکانەیەکەیان بەرامبەر یەکدییە، ناو بەناو لە دوکانەکەی دەهاتە دەرەوە و سەیری چایخانەکەی دەکرد و دەیگوت "هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت مام خەلیل!".

موحسین دەڵێت "40 ساڵە دراوسێین، کێشەمان نەبووە، ئێرە بەهۆی مام خەلیلەوە بەردەوام ئاوەدان بوو، ئێرەی چۆڵ کرد، پیاوە گەورەکان دەهاتن بۆ ئێرە، پارێزگار و وەزیرو پەرلەمانتارەکان دەهاتن، ڕۆژێکیان 5 وەزیر هاتن بۆ لای، بیانییەکان دەهاتن پرسیاری مێژووی هەولێریان لێدەکرد، کەس جێگەی ئەوی پێ پڕناکرێتەوە".

جەیمس ناڵبەند، پیرە پیاوێکی مەسیحی بە تەمەنە، زیاتر لە 30 ساڵ چای دەستی مام خەلیلی خواردووەتەوە، ئەو گوتی "مام خەلیل لەگەڵ منداڵ منداڵ بوو، لەگەڵ پیر پیر بوو. چاوی لە پارە نەبوو، هەرگیز لە ژیانیدا بە کەسی نەگوتووە پارەکەت بدە".

ئەو پیاوە مەسیحییە هەروەها دەڵێت "مام خەلیل زۆرجار بە سوعبەت پێیدەگوتم کافری کوڕی کافر، منیش دەمگوت سوپاس بۆ خوا کافرم، پاشان هەموومان دەستمان بە پێکەنین دەکرد، شەڕی پێدەفرۆشتم، من دڵخۆش دەبووم، بەڵام ئیدی ناتوانم بێمە ئێرە و نەگریم".

### چۆن مرد؟

کاروان عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر لە بارەی مردنی مام خەلیلەوە ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە کە دەڵێت "تەرمی مام خەلیل لە گۆڕستانی کارگەی قیر لە هەولێر دۆزرایەوە، تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی داد کرا، پشکنینی بۆ کرا، شوێنەواری لێدان بە جەستەیەوە دیار نییە، لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا دەرکەوتووە کە حەبی خواردووە، پاشان بە جەڵتە گیانی لەدەستداوە، بۆ لیکۆڵینەوەی زیاتر لە ڕووداوەکە دوو کەس دەستگیرکراون کە ئەوان تەرمەکەیان لە گۆڕستان فڕێداوە".

(ی) 25 ساڵ کە 8 ساڵە شاگردی مام خەلیلە و لە چایخانەکەی کاری دەکرد، یەکێکە لە گیراوەکان و لە دانپێدانانی پۆلیسدا دەڵێت "مام خەلیل نزیکەی 7 مانگ بوو ماڵی جێهێشتبوو، کێشەی هەبوو لەگەڵ هاوسەرەکەی، بۆیە پێکەوە خانوویەکمان بە کرێ گرتبوو لە نێویدا دەژیاین".

ئەو شاگردەی مام خەلیل باسی شەوی مردنەکەی دەکات و دەڵێت "کاژێر 10ی شەو بوو، لە ناکاو حەبێکی خوارد، نەمزانی حەبی چی بوو، دوای نیو کاژێر گیانی لەدەستدا، جەستەی سڕ بوو، تەلەفۆنم بۆ هاوڕێیەکم کرد، بڕیارماندا تەرمەکەی فڕێ بدەین، زۆر ترسام و دەلەرزیم، بە ئۆتۆمبێلی هاوڕێکەم بردمانە گۆڕستان و فڕێماندا".

نەوزاد عادل، یەکێکە لە دوو شاگردەکەی مام خەلیل. ئەو خۆی لە کێشەکان دوورەپەرێز دەگرت و دەیگوت "ڕۆژێک بەر لە مردنی، مام خەلیل و شاگردەکەی دیکە بەشەڕهاتن، قسەیان بە یەکدی گوت، بەڵام دواتر دەستیان لە ملی یەکدی کرد و ئاشت بوونەوە، نەمزانی شەڕەکە لەسەر چی بوو".

### مام خەلیل لە ڕاپۆرتەکانی (ڕووداو)دا

بەر لەوەی مام خەلیل گیان لەدەست بدات، (تۆڕی میدیایی ڕووداو) دوو ڕاپۆرتی لەسەر ژیانی ئەو بڵاوکردەوە، ئەوەی دووەمیان مانگێک پێش مردنی بوو، مام خەلیل لەو ڕاپۆرتەدا دەڵێت "ساڵی 1948 هاتمە بازاڕی قەیسەری، ئەو کاتە جولەکە لە بازاڕی قەیسەری بوون، جولەکەکان لە ساڵی 1952 نەمان، بە هۆی ئەوانەوە قەیسەری چۆڵ بوو، تەنیا 2-3 دوکاندار مانەوە، من یەکێک بووم لەوان و تا ئێستا بەردەوامم".

خەسرۆ حوسێن، 65 ساڵ، بەردەوام چووەتە چایەخانەکەی مام خەلیل و لەوێ دانیشتووە و چای خواردووەتەوە، ئەو پیرە پیاوە دەڵێت "ڕاستە ئەو مرد، بەڵام تازە ناوەکەی هەر دەمێنێت، لە دوای قەڵا و منارە، لە هەولێر مام خەلیل دێت".

لە مزگەوتێکی دێرینی هەولێر لە شێخی چۆلی پرسە بۆ مام خەلیل دانرا، بەڵام خەڵک دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، وەک خواحافیزییەک دەهاتنە چایخانەکەی، یەکێک لەوانەی بۆ پرسەکەی هاتبوو دەیگوت: "بەردەوام چایمان لێرە دەخواردەوە، نە ئەو داوای پارەی دەکرد و نە ئێمە پارەمان پێدەدا، هەر پێڕانەگەیشتین گەردنمان ئازاد بکات".

# لە ماڵەکەی خۆیدا چەکە قورسەکانی پێشمەرگە بە خۆڕایی چاک دەکاتەوە

سۆران بەهائەددین
ڕووداو- کۆیە

لە بناری چیای تەوسکە لە ناحیەی کۆڕێی سەر بە قەزای شەقڵاوە، پیاوێک بەشێکی ماڵەکەی کردووەتە کارخانەی چاککردنەوەی چەکە قورسەکانی پێشمەرگە.

وەستا ئیبراهیم زیاتر لە حەوت مانگە، جگە لە چاککردنەوەی ئەو چەکە قورسانەی لەکاردەکەون، بە پارەی خۆی پێداویستییەکانی ئەو چەکە لەکارکەوتووانەش دەکڕێت. ئەم وەستایە بڕیاری داوە تاوەکو ئەو ڕۆژەی شەڕی داعش کۆتایی دێت، بەردەوام بێت لەوکارەی "چونکە بێ پێشمەرگە ئێمە خاوەنی شەرەف و ناموسی خۆشمان نین".

ئیبراهیم حوسێن، 42 ساڵ، لە دوای ڕاپەڕینەوە خووی دابووە چاککردنەوەی چەکی لەکارکەوتوو. چەند ساڵێک بوو وازی لەو کارە هێنابوو، بەڵام دوای هێرشەکانی چەکدارانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەستی دایەوە ئەو پیشەیە و ئێستا وەکو خۆبەخش هاوکاری پێشمەرگە دەکات، بۆیە ماڵەکەی پڕ بووە لە چەکی پێشمەرگە.



■ (فۆتۆ: ڕووداو )

وەستا ئیبراهیم ئەو کارە بە ئەرکی خۆی دەزانێت و دەڵێت "بە بەردەوامی خەریکی چاککردنەوەی چەکەکانم، زیاتر لە هەزار چەکم چاک کردووەتەوە، هەر دۆشکەیەک تێکچووبێت چاکم کردووەتەوە، زۆربەی ئەوانەی چاکیاندەکەمەوە دۆشکەی 14 و نیو، 12 و نیو، چەکی ڕەشاشی فەرەنسی و ئەمریکی، هاوەن، بی کەی سی، ئار پی جی و تۆپی 106 ملیم بوونە".

وەستا ئیبراهیم هەروەها دەڵێت "هیچ جیاوازییەک ناکەم لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە، لە هەموو هێزەکانی پارتییەوە چەکم بۆ دێت، ئەوانەی حیزبەکانی دیکەش چەکم بۆ دێنن، بەڵام زیاتر هێزە هاوبەشەکەی پارتی و یەکێتی لە یەکەی 70 و 80، بێ ئەوەی بیانناسم چەکیان بۆ چاک دەکەمەوە".

ئەو پیاوە خۆی پێشمەرگەیە، تەنیا لە ماڵی خۆی چەکەکان چاک ناکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ، دەچێتە بەرەکانی جەنگ، بۆ ئەوەی لە هەمان کات هاوکاریی پێشمەرگە بکات لە چاککردنەوەی چەکەکان "دەچمە بەرەکانی جەنگ، لەگەرمەی شەڕدا خەریکی چاککردنەوەی چەکم، پاشان ڕاهێنان بە پێشمەرگە دەکەم کە چۆن وا بکەن چەکەکانیان لەکارنەکەوێت".

وەستا ئیبراهیم یەکێکە لەو پێشمەرگانەی کە ناوبانگی زۆری هەیە لە بەکارهێنانی دۆشکە و نیشانە شکاندن. خۆی دەڵێت "کە لە شەڕ بم، هەر خۆم دۆشکە بەکاردێنم، فەرماندەکان زۆر متمانەیان بە من هەیە، دەزانن دەتوانم دوژمن بپێکم".

ڕۆژانە لە هەموو بەرەکانی جەنگەوە چەکە لەکارکەوتووەکان بەرەو ماڵی وەستا ئیبراهیم دەبرێن، تا شەڕ گەرمتر بێت، ماڵی وەستا ئیبراهیم قەرەباڵغتر دەبێت.

دلۆڤان گەردی، پێشمەرگە لە فەرماندەیی هەڵگورد، ئەو ڕۆژە لە ماڵی وەستا ئیبراهیم بوو، دۆشکەیەک و تۆپێکی 120 ملیمی هێنابوو بۆ چاککردنەوە. دلۆڤان گوتی "لێرە نوێنەری فەرماندەیی هەڵگوردم، دوێنێ ئەو چەکانەم هێنا ئەمڕۆ هەردووکی چاک کردەوە، وەستا ئیبراهیم خۆبەخشانە چاکیکردوونەتەوە، ئەوەندەی ئاگادارم، زۆربەی فەرماندەکان چەکەکانیان دەنێرنە لای ئەو، خوا نموونەی زۆر بکات".

چەند کەسێک لەبەردەستی وەستا ئیبراهیم کار دەکەن، ئەوانیش وەک خۆبەخش هاوکاری دەکەن. کاروان ئیسماعیل، شاگردی وەستا ئیبراهیم دەڵێت "زۆرجار تاوەکو درەنگانی شەو خەریکی چاککردنەوەی چەکین، جاری وا هەیە تاوەکو 3ی شەو لەسەر پێ وەستاوین، منیش زۆر لێی فێربوومە".

فەرهاد حوسێن، برای وەستا ئیبراهیمە و لەبەردەستی ئەو کار دەکات، فەرهاد دەڵێت "لە تواناماندایە چەکە کۆن و نوێیەکان چاک بکەینەوە، کێشەمان لەگەڵ چەکە نوێیەکان نییە، دەتوانین ئەوانیش چاک بکەینەوە".



**وەستا ئیبراهیم:**

**بێ پێشمەرگە ئێمە خاوەنی شەرەف و ناموسی خۆشمان نین**

لە دوای چاککردنەوەی چەکەکان، بۆ دڵنیا بوون، وەستا ئیبراهیم چەکەکان لە بناری چیای تەوسکە تاقیدەکاتەوە.

---

# کێشەی خۆراک لە ساڵی جیهانیی (خاک)دا

دکتۆر موحسین ئەحمەد*

لەژێر دروشمی (خاکێکی تەندروست بۆ ژیانێکی تەندروست) ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمساڵی بە ساڵی جیهانیی (خاک) ناوزەد کرد. بێگومان فراوانبوونی شارەکان و بڕینەوەی درەختی دارستانەکان، بێ پلانی لە بەکارهێنانی زەوی و پیسبوونی خاک، هۆکارەکانی پشت ئەو بڕیارەن.

ئەم ڕێکخراوە پێیوایە تێکچوونی بەردەوامی تایبەتمەندییەکانی خاک لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بەو ڕێژەیەی ئێستا لە جیهاندا هەیە، هەڕەشەیە بۆ نەوەکانی داهاتووی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی کە خاک نەتوانێت پێداویستی ئایندەیان بۆ پڕبکاتەوە، بەو پێیەی تێکچوونی خاک کردارێکە پێچەوانە نابێتەوە و زیانەکانی درێژخایەن دەبن.

دیارە ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکان گرتنەبەری سیستەمی زانستییە بۆ بەکارهێنانی خاک لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی زەوییە کشتوکاڵییەکان و باشترکردنی ژیانی گوندنشینان.

یەکێک لە داواکارییەکان لە هەر کەسێک بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە، هەوڵدانە بۆ چاندن لە هەموو ڕووبەرێکی زەوی بەشێوازێکی زانستی، بەجۆرێک هەموو خێزانێک لە هەر شوێنێک نیشتەجێ بێت، تەنانەت لە سەنتەری شارەکانیش، پێویستە سەرقاڵ بێت بە کشتوکاڵەوە کە بە بیرۆکەی کشتوکاڵی خێزانی (Family farming) ناسراوە. ئەمەش هاوتایە لەگەڵ بیرۆکەی کشتوکاڵی ورد (Micro-garden) واتە چاندنی سەوزە لە باخچەکانی ناو ماڵ، ئینجانە، باڵەکۆنەی باڵەخانەکان. بەو پێیەی مرۆڤ بتوانێ ئەو ڕووبەرە زۆر کەمانە لە خاک بەکاربهێنێت بۆ ئەو ڕووەکانەی ڕۆژانە وەکو خۆراک پێویستی پێیەتی.

بۆ پاڵپشتی ئەم بیرۆکەیە، ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ (FAO) توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە. بەپێی توێژینەوەکە دەتوانیت لە یەک مەتر چوارگۆشەدا ئەم بەرهەمانەت دەستبکەوێت.

- 30 کیلۆ تەماتە لە ساڵێکدا.
- 36 بڕک کاهوو لە 60 ڕۆژدا
- 10 دانە کەلەرم لە 90 ڕۆژدا.
- 120 سەلکە پیاز لە 120 ڕۆژدا.

بەپێی توێژینەوەکە، ئەم بیرۆکەیە زۆر خێزانی کیشوەری ئەفریقای لە دەست برسێتی ڕزگار کردووە، ئەمە جگە لە جۆر و سەلامەتیی ئەو ڕووەکانەش کە بەو شێوەیە دەچێندرێ. ئەم پڕۆژەیە بە تەواوەتی پەسەندکراوە لەو کەمپانەی کە بەهۆی ڕووداوە سروشتییەکان و جەنگەوە بۆ ئاوارەکان دروست دەکرێن.

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی فاو، 850 ملیۆن کەس لە جیهاندا بەدەست برسێتییەوە دەناڵێنن و خۆراکی پێویست بۆ چالاکییەکانی ژیان و جەستەیەکی تەندروستیان دەستناکەوێت. بە بەراورد بەساڵی 1990 ژمارەی برسییەکانی جیهان تەنیا 260 ملیۆن کەس کەمی کردووە. لەم 10 ساڵەی دواییدا سەرجەم وڵاتان تەنیا توانیویانە 100 ملیۆن کەس لە برسێتی ڕزگار بکەن.

لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا هەردوو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی فاو لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتییان سازکرد کە تێیدا چەند ئامارێکی تایبەت بە خۆراک و تەندروستی خرانەڕوو لەوانەش:

1- جگە لە ژمارەی برسییەکانی جیهان، لەناو مرۆڤە تێرەکانیش زیاتر لە دوو ملیار کەس دووچاری کەمیی ڕەگەزە بچووکەکانی خۆراک بوونەتەوە وەکو ڤیتامین A و توخمەکانی ئاسن و یۆد و زینک، 500 ملیۆن کەسیش کێشەی قەڵەوییان هەیە.

2- 51 ملیۆن منداڵی خوار پێنج ساڵ کێشی لەشیان بەهۆی کەمیی خۆراکەوە کەمترە لە کێشی پێویست. هەروەها 161 ملیۆن منداڵ لە هەمان تەمەندا بەهۆی برسێتییەوە گەشەی باڵایان وەکو پێویست نییە.

لەو کۆنفرانسەدا کۆمەڵێک ڕاسپاردە خرانەڕوو بە جۆرێک هەموو تاکێک لە جیهاندا مافی خۆیەتی بڕی پێویستی لە خۆراکێکی تەندروست دەستبکەوێت. ئەرکی حکومەتەکانیشە بەرپرسیارێتی ئەو بابەتە بگرنە ئەستۆی خۆیان.

لە نەخشەی برسێتی جیهانی کە ڕێکخراوی فاو ساڵی ڕابردوو بڵاوی کردەوە، عێراق لەو زۆنەدایە کە برسێتی دانیشتوانەکەی لە نێوان 15% تاوەکو 24.9% دایە، ئەمەش ڕێژەیەکی تارادەیەک بەرزە. ڕێژەکە چەند ساڵێکە گۆڕانکاری بەخۆیەوە نەبینیوە.

بێگومان ئەو ڕێژەیە لە عێراقدا ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور دەگرێتەوە، ئاستی خۆشگوزەرانی دانیشتووانی کوردستان بەرزترە بەراورد بە عێراق. ئەمەش بە کۆمەڵێک فاکتەر هاتووەتە دی کە ڕەنگە لە هەمووی گرنگتر ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە بێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەرێمی کوردستان خاوەن خاکێکی بە پیتە بۆ بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، دەتوانرێت لەگەڵ نەوت بکرێتە سەرچاوەی داهاتی نیشتمانی، جگە لەوەش ئابووری ئاسایشی نەتەوەیی و سەلامەتیی خۆراک دابین دەکات، هەر بۆیە ئەرکی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانە، لەسەرووی هەموویان وەزارەتی کشتوکاڵ کە هەنگاو هەڵبگرن بۆ بووژاندنەوەی کەرتی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ، بۆ ئەوەی لە هەرێمێکی بەکاربەرەوە ببینە ناوچەیەکی سەوزە بەرهەمهێن.

*پزیشکی ڤێتێرنەری

---

ئەگەر یاسای ئاو هەبێت

# کوردستان ساڵانە تەنیا 8 ملیار مەتر سێجا ئاوی پێویستە



پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە 35 ملیار مەتر سێجا ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوییە، ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت ئەگەر لەکوردستان یاسا هەبێت، ساڵانە تەنیا پێویستمان بە 8 ملیار مەتر سێجا ئاو هەیە. وەزارەتی کشتوکاڵیش بەدووری دەزانێت کوردستان تووشی قەیرانی ئاو ببێت.

لەخولی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پڕۆژە یاسایەکی پێشکەشی پەرلەمان کردووە بەنێوی (بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو) کە تایبەتە بەچۆنیەتی (پاراستنی سەرچاوەکان و بەڕێوەبردنی ئاو) بەڵام پڕۆژەکە دواخراوە بۆ ئەم خووله و لەکۆتایی ساڵی ڕابردووشدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و ڕەوانەی لیژنە تایبەتمەندەکان کراوە.

ئێستا هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵ پشت بە بیرەکان و ئاوی ڕووبارەکان دەبەستێت. لەهەموو وڵاتێکیشدا دوو جۆر ئاو هەیە، یەکەمیان ئاوی ئاسایی کە ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوییە، دووەمیشیان ئاوی نائاسایی کە ئاوی ئاوەڕۆ و کارگەکانە و لە زۆر وڵاتی پێشکەوتووشدا جارێکی دیکە ئاوی نائاسایی بەکاردەهێنرێتەوە دوای پاڵاوتنی.

## "70%ی بەفیڕۆ دەڕوات"

عەبدولڕەحمان عەلی ڕەزا، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و بەنداوەکان لە پەرلەمانی کوردستان، باسی گرنگی زو تێپەڕاندنی پڕۆژە یاسا ئاو دەکات "ئەو پڕۆژەیە بەگرنگ دەزانین بۆ چۆنیەتی پاراستن و بەڕێوەبردنی ئاو".

بەگوتەی ناوبراو کوردستان خاوەنی نزیکەی 35 ملیار مەتر سێجا ئاوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی یاساوە ساڵانە "ڕێژەی 70%ی ئەو 35 ملیارە بەفیڕۆ دەڕوات" و گوتیشی "ئەگەر یاسا هەبێت ساڵانە تەنیا 8 ملیار مەتر سێجامان پێویستە بۆ هەموو بوارەکان".

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بەوەکرد کە بەپەسندکردنی پڕۆژەکە، هەرێمی کوردستان جۆرێک لە سەربەخۆیی دەبێت لەبەڕێوەبردنی ئاو "چونکە هەندێجار دەبێت بەفەرمانی حکومەتی عێراق ئاو بەکاربهێنرێت". ناوبراو گوتیشی ئەگەر هەرێمی کوردستان هەر لەئێستاوە کار بۆ دەرکردنی یاسایەکی باش نەکات بۆ ئاو "دوور نییە لەساڵانی داهاتوودا ڕووبەڕووی قەیران، یاخود کەمی ئاو ببێتەوە".

## "پلانی 35 بەنداومان هەیە"

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا دەستی بە دروستکردنی هەندێک بەنداو کردووە، بەڵام پڕۆژەی درەنگوەخت. چونکە ساڵانە شارەزایانی بوارەکە بەفیڕۆچوونی باراناوەکان ڕادەگەیێنن و بەشێک لە زەوییە کشتوکاڵییەکانیش بەهۆی بێئاوییەوە بوونەتە زەوی دێمەکاری.

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 10 بەنداوی گەورە و مامناوەند و بچووک لە کوردستان هەن، ئێستاش 25 بەنداوی دیکە لە قۆناغی جێبەجێکردندان، بەڵام هەندێکیان بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارەکانیان سست بوون، جگە لەوەش دیزاینی زیاتر لە 35 بەنداوی دیکەش لە پلانی وەزارەتە، ئەمە سەرەڕای دیاریکردنی زیاتر لە 240 شوێنی دیکە بۆ دروستکردنی بەنداو.

ئەکرەم ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی بەنداوەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو ڕایگەیاند بەهۆی نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەئاو لەکوردستان، بەکارهێنانی ئاو زێدەڕۆیی زۆری تێدادەکرێ، بۆیە "پەسەندکردنی ئەو یاسایە زۆر گرنگە بۆ پاراستنی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی، هەروەها ڕێکخستنی ئاوی شار و شارۆچکە و گوندەکان".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ پێیوایە ئەگەر بەپێی پلانێکی تۆکمە کار بکرێت، ساڵانی داهاتوو کوردستان لە قەیرانی ئاو دوور دەکەوێتەوە "قەیرانی ئاو لەعێراق و کوردستان جیاوازە، چونکە عێراق لە کوردستانەوە ئاوی بۆ دەڕوات و ئێستا قەیرانی ئاو لەعێراقدا هەیە، بەڵام بەهۆی کێشەکانی دیکەوە هەستیان پێنەکردووە".

## "شارەوانیش پێویستی بە یاساکە هەیە"

بەرپرسانی وەزارەتی شارەوانیو گەشتوگوزار گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی یاساکە سوودی باشی بۆ ئەوانیش دەبێت "ئەگەر سەرچاوەکانی ئاو بەپاکژی ڕابگیرێت، ئێمە بڕێکی کەمتر پارە بۆ پاکژکردنەوەی ئاو بەکاردەهێنین".

سەهەند سیروان، بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، باسی پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاو دەکات بەهۆی نەبوونی یاسا و لێپرسینەوە و سزادانی سەرپێچیکاران و پێیوایە ئەگەر سەرچاوەکانی ئاو لەپیسبوون پارێزرا، ئەوا کاریگەرییەکی زۆرباشی دەبێت لەدابینکردنی ئاوی پاک بۆ خواردنەوە.

لەماددەی 35ی ئەو پڕۆژەیە یاسایەدا، باسی حوکمەکانی سەرپێچیکار دەکات و سزای بەندکردنی دەدرێت "لە 3 مانگ کەمتر نەبێت، یاخود سزای دارایی بە بڕێک پارە لە 3 ملیۆن کەمتر نەبێت و لە 5 ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت".

گۆڕەپانی فیردەوس..

# لە پەیکەری سەددامەوە بۆ وێنەکانی خومەینی و خامنەیی



**رووداو- ئاژانسەکان**

کاژێر 4ی پاش نیوەڕۆی 9ی نیسانی 2003، هەموو جیهان چاوی بڕیبووە گۆڕەپانێکی نێوەڕاستی بەغدا "گۆڕەپانی فیردەوس"، کاتێک سەربازانی ئەمریکی خەریکی لابردنی پەیکەرێکی گەورەی سەددام بوون.

ئەم گۆڕەپانە دەکەوێتە یەکێک لە دیارترین شەقامەکانی بەغدا کە شەقامی سەعدونە و بەرامبەر هەردوو هوتێلی عەشتار شیراتۆن و فەلەستین میریدیانە. پەیکەرە مەزنەکەی سەدام حوسێن، سەرۆکی پێشووتری عێراق لەو گۆڕەپانەدا دانرابوو. سەرەڕای ئەوەی ئەو پەیکەرە تاقە پەیکەری سەددام نەبوو لە پایتەخت، بەڵام داگرتنی بووە سیمبولی دواییهێنان بە دەسەڵاتداریی 35 ساڵەی رژێمی بەعس، رەنگە ئەمەش بەهۆی ئامادەبوونی سەدان دەزگای راگەیاندنی جیهانی بووبێت کە کامێراکانیان لە سەربانی دوو هوتێلەکە دانابوو.

پەیکەرەکە لابرا و گۆڕەپانەکە مایەوە بۆ ئەوەی ئیلهام بە رۆژنامەنووسان ببەخشێ بۆ نووسینی دەیان راپۆرتی رۆژنامەڤانی لەبارەی دوو کات و دوو سەردەمی جیاواز.

گۆڕەپانەکە پێشتر لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و دواتر لە سەردەمەکانی دیکەی کۆماری تا سەردەمی سەدام حوسێن ناوی "گۆڕەپانی سەربازی ون" بوو. بەڵام لەبەرئەوەی سەدام دەیویست شوێن پەنجەی بەسەر هەموو شتێکەوە دیاربێ، پەیکەری سەربازی ونی بۆ گۆڕەپانی گەورە ئاهەنگەکان گواستەوە کە ئێستا دەکەوێتە ناوچەی سەوز و گۆڕەپانەکەی ناونا "فیردەوس".

ئەو عێراقیانەی کە بە گەرمی چەپڵەیان بۆ تانکەکە لێدەدا ئەو دەمەی پەیکەرەکەی هەڵدەکەند و سەری سەدامی بۆ مەودایەکی دوور لە نێو شەقامی سەعدون پەلکێش کرد، پێشبینی ئەوەیان دەکرد خۆشی و شادی رۆژگاری دوای لەناوچوونی دیکتاتۆر بژین.

بەڵام ئەمڕۆ دوای 12 ساڵ لەو رووداوە، عێراقییەکان ناکۆکن لەسەر ناونانی ئەو رۆژە کە ئایا داگیرکردن بوو یان رزگاربوون و گۆڕان. دۆخی "گۆڕەپانی فیردەوس" لە دۆخی هیچ شتێکی دیکەی عێراق باشتر نییە.

وەکو دیارە، ئەو گۆڕەپانەش بووە قوربانیی دوو سەردەم و دوو مێژووی تەواو جیاواز. ئەمڕۆ هەمان ئەو گۆڕەپانە پروپاگەندەی چەندین گرووپی "مقاوەمەی ئیسلامی" لەخۆگرتووە کە هەندێکیان بریتین لە وێنەی رابەری پێشووی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ئایەتوڵڵا خومەینی و رابەری ئێستای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران عەلی خامەنەیی و چەند پڕوپاگەندەیەکی دیکە کە پێشتر تەنیا تایبەت بوون بە تاقە پەیکەرەکەی سەددام.

ئێستا دوو وێنەی گەورە لە گۆڕەپانەکە دەبینرێن، یەکێکیان وێنەی خومەینی و خامنەییە، ئەوەی دیکەیان خامنەیی بە تەنیایە، لەسەر وێنەیەکیان نووسراوە "ئێمە نادۆڕێین.. ئێمە خوێن دەبەخشین"، ئەوەی دیکەشیان لەسەری نووسراوە "بەرگری ئیسلامیی جیهادی لە دەست و ئاراستەی مەرجەعیەتی هۆشمەنددایە".

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجڕکێشە، ئەو هەموو کاولکارییەیە کە لە دەوروبەری گۆڕەپانەکەدا دەبینرێ سەرەڕای جوانیی دەوروبەری کە گرینگترینیان دوو هوتێلە بەناوبانگەکەیە، تەنانەت شەقامی سەعدونیش کە لە باکووریدا بە گۆڕەپانی تەحریر کۆتایی دێت، ئەمڕۆ جوان دیارە و لە باشووریشەوە بە گۆڕەپانی کەهرەمانە کۆتایی دێت.

شارەوانی بەغدا کە گوایە بەرپرسیارە لە گەشەپێدانی گۆڕەپانەکە، لەسەر زاری حەکیم عەبدولزەهرە، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و راگەیاندن دەڵێ "ئەم گۆڕەپانە بەشێک بوو لە پرۆسەی گەشەپێدانی هۆتێل و شەقام و رێگاوبان و پردەکان کە لە میانی کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە ساڵی 2012 لە بەغدا دەستمان پێکرد و کۆمپانیای بیانیشمان بۆ هێنان و بڕە پارەی زەبەلاحمان بۆ تەرخان کرد".

هەروەها دەڵێت "ئەو دەمەی دەستمان بە چاککردنەوەی شەقامی سەعدون کرد و گەیشتینە گۆڕەپانەکە، وەزارەتی رۆشنبیری داوای لێکردین لە گۆڕەپانەکە گەڕێین، چونکە بۆ دانانی مۆنۆمێنتی عێراق دەستنیشان کراوە، ئەو مۆنۆمێنتەی کە هێشتا دروست نەکراوە و ناشزانین هۆکارەکان چین. بۆیە ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەبانی وەزارەتی رۆشنبیریدایە کە لێگەڕاوە گۆڕەپانەکە کاول بێ لە چاوەڕوانی ئەو مۆنۆمێنتەدا".

وەزارەتی رۆشنبیری لەسەر زاری حامید راوی، راوێژکاری وەزارەت دەڵێ "راستە گۆڕەپانەکە بۆ دانانی ئەو مۆنۆمێنتە دەستنیشان کراوە کە هونەرمەندێکی عێراقی دیزاینی کردووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە هیچ کۆمپانیایەک ئامادە نییە پرۆژەکە جێبەجێ بکات، سەرەڕای ئەوەی بڕە پارەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە کە نزیکەی ٨ ملیۆن دۆلارە". گوتیشی "مۆنۆمێنتە پێشنیازکراوەکە لە مۆنۆمێنتی حوڕیە گەورەترە" کە لە گۆڕەپانی تەحریر دانراوە.

بوونی ئەو هەموو وێنە زۆرەی خومەینی و خامنەیی لە گۆڕەپانی فیردەوس، ئاماژەیە بۆ چالاکیی گرووپە شیعەکان کە زۆرینەیان لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن، ئێرانیش راستەوخۆ دەستی هەیە لە هەڵواسینی ئەو وێنانە.

ئەو وێنانەی هەڵواسراون بە دیواری گۆڕەپانی فیردەوسدا، بزووتنەوەیەکی نوێمان پێدەناسێنێ، بە ناوی یەکەکانی قیامی حوسەینی کە پێشووتر نەبوون.

پاش جەنگێکی هەشت ساڵە لەنێوان عێراق و ئێران لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا کە نزیکەی یەک ملیۆن قوربانیی لێکەوتەوە، دواجار ئەنجامەکەی بەوە گەیشت کە سەرانی رژێمی پێشووی عێراق یەک لەدوای یەک لەناوچوون و وێنەکانی خومەینی و خامنەیی لەناوەڕاستی بەغدا هەڵواسران.

# شارڵ دیگۆل لە کەنداو.. پەیامێکی سیاسی و سەربازی





**رووداو- ئیلاف**

گەیشتنی کەشتی فڕۆکەهەڵگری فەرەنسا "شارڵ دیگۆل" بۆ کەنداوی عەرەبی پەیامێکی سیاسی و سەربازیی روونی هەیە، گرنگترینیان سووربوونی فەرەنسایە لەسەر جەنگی دژی تیرۆر، دوای ئەوەی توندڕەوی لە نێو ماڵی خۆیدا گورزی لێدا، جگە لەوەش دەیەوێ توانا سەربازییەکانی بسەلمێنێ، ئەوەش کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر فرۆشتنی چەکەکانی.

کەشتیی فڕۆکە هەڵگری فەرەنسی "شارڵ دیگۆل" پەیوەندی بە ئۆپەراسیۆنی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتییەوە کردووە لە دژی داعش.

جان ئێف لۆدەریان، وەزیری بەرگریی فەرەنسا ئەو هەنگاوەی بە "راگەیاندنی قۆناغێکی نوێ لە بەشداریکردنی فەرەنسا لە جەنگی دژی داعش" ناوبرد.

کەشتییەکە لەکۆتایی مانگی رابردووەوە لە باکووری کەنداوی عەرەب لەنگەری گرتووە و 21 فڕۆکەی جەنگیی هەڵگرتووە (12 فڕۆکەی راڤاڵ و 9 فڕۆکەی سوپەر ئایتاندار) ئەمە جگە لە ژێردەریاییەکی هێرشبەر و یەکێکی دژە فڕۆکە.

## پەیامێکی سیاسی

ئەم کەشتییە فڕۆکە هەڵگرە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ماوەی پێویست بۆ ئەنجامدانی هێرش لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی هێزی ئاسمانیی فەرەنساوە لە سەربازگەی زەفرە بۆ سەر عێراق، بەو واتایەی دوو کاژێر بە رۆیشتن و گەڕانەوە، لە بری چوار کاژێر کە فڕۆکە فەرەنسییەکانی ئیمارات پێویستیانە.

ئەمیراڵ ئێریک شابیرۆن، فەرماندەی کەشتیی شارڵ دیگۆل دەڵێ "بەشداریی کەشتییە فڕۆکە هەڵگرەکەی فەرەنسا بە تەنیا پێشهاتە سەربازییەکان ناگۆڕێ، بەڵکو پەیامێکی سیاسیشی پێیە کە بریتییە لە بەهێزکردنی پێگەی فەرەنسا وەک هاوبەشی یەکەمی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش، جگە لە پەیامێکی پاڵپشتی وڵاتانی عەرەب لە جەنگیاندا لە دژی تیرۆر".

## گرەوێکی هەڵە

د.خەتار ئەبو دیاب، پسپۆڕی پەیوەندییە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی پاریس، بەشداریکردنی "شارڵ دیگۆل" بە "خۆسەلماندن"ی فەرەنسا وەسف دەکات و دەڵێت "بۆچوونی فەرەنسا لەگەڵ ئەمریکا لە بارەی بە ئامانجکردنی مۆڵگەکانی داعش لە سووریا جیاوازە، بۆچوونی ئەمریکا دەڵێ پێویستە سەرەتا رێکخراوی داعش بکرێتە ئامانج، دواتر لە دژی بەشار ئەسەد دەجەنگین، تەنانەت گرەوی هەندێک کەسانی دەوروبەری ئەسەد لەسەرئەوەیە کە گوایە واشنتن رۆڵ لە دووبارە ئامادەکردن و گونجاندنەوەی دەگێڕێ، ئەوەش گرەوێکی هەڵەیە و واقیعی نییە، گەورەترین نموونەی ئەو راستییەش رێککەوتنی ئەم دواییەیە لەگەڵ تورکیا بۆ مەشقپێکردنی ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەوی سووریا".

بەشداریکردنی فەرەنسا لە شەڕی عێراق، پێشانی دەدات کە فەرەنسا بەرژەوەندی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە و وڵاتانی کەنداویش دەتوانن پشتی پێببەستن. هاوکات گرێبەستی فرۆشتنی فڕۆکەکانی جۆری راڤاڵ بەم دواییە بە میسر، باشترین بەڵگەیە کە جیهانی عەرەبی وەک گۆڕەپانێکی سەرەکی و ناوچەیەکی کاریگەری سیاسەتی دەرەوەی فەرەنسا دەمێنێتەوە.

## زۆرتر لە میحوەرێک

لەگەڵ بەشداریکردنی "شارڵ دیگۆل" لە جەنگی دژی داعش، فەرەنسا ئەمڕۆ فەرماندەیی هەڵمەتە سەربازییەکان دەکات لە زۆرتر لە میحوەرێکدا، چونکە ئەو بەشدارە لە هەڵمەتی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە عێراق و ئەرکی "بارخان" (ناوی ئۆپەراسیۆنی سەربازی فەرەنسایە لە وڵاتی مالی) لە ناوچەی بیابانی ئەفریقا بەجێدەگەیەنێت، هاوکات لە پاراستنی ئاشتی لە کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست بەشدارە.

ئەم بەشداریانە مشتومڕ لە بارەی دەرهاوێشتە ئابوورییەکانی هەڵمەتە سەربازییەکانی فەرەنسا لە دەرەوە دەنێنەوە، پێشبینی دەکرێت تێچووی کردەوە سەربازییەکانی فەرەنسا لە دەرەوە ئەمساڵ بگاتە 450 ملیۆن یۆرۆ، بەڵام ساڵی پار ئەو تێچووە گەیشتە ملیارێک یۆرۆ.

ئەبو دیاب، پسپۆڕی پەیوەندییە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی پاریس دەڵێ "لە فەرەنسا، پلان هەبوو بۆ کەمکردنەوەی بودجەی سوپا و کەمکردنەوەی ژمارەی سەربازەکان، بەڵام دوای هێرشەکانی پاریس لە کانوونی دووەمی رابردوو، حکومەتی فەرەنسا دەستبەرداری ئەوە بوو".

ئەبو دیاب هەروەها دەڵێت "فەرەنسا وەک یاریزانێکی گرنگ دەمێنێتەوە، چونکە دەزانێ چۆن توانا سەربازییەکانی بەکاربهێنێ، ئەو دوای ئەمریکا یەکێکە لە بەتواناترین وڵاتەکان لە رووی دابەزاندنی هێز لە گۆڕەپانەکان و دەستوەردانی خێرا، بەهۆی ئەزموونە سەربازییەکانی، راستیشە ئەمە خەرجی دارایی دەخاتە سەر بودجەی دەوڵەتی فەرەنسا، بەڵام بەبێ سەلماندنی ئەم توانا سەربازییە، فەرەنسا ناتوانێ تواناى رکابەری لە گۆڕەپانی بازرگانیی چەکدا بپارێزێ".

## پاڵپشتی چەپ و دابەشبوونی راست

پەرلەمانتارانی حیزبی سۆشیالیستی دەسەڵاتدار لە فەرەنسا پشتیوانییان لە هەڵوێستی وەزارەتی بەرگریی فەرەنسا کرد لە بارەی بەشداریکردنی "شارڵ دیگۆل" لە جەنگی دژی داعش.

نیکۆلاس بایس، ئەندامی لیژنەی بەرگری لە پەرلەمان، دەڵێ "بەشداریکردنی کەشتییە فڕۆکە هەڵگرەکەی فەرەنسا شارڵ دیگۆل تەنیا نابێتە هۆی زۆرترکردنی فڕۆکەکانی فەرەنسا لە ناوچەی کەنداوی عەرەب بۆ دوو هێندە، بگرە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی کاتی زۆرتر بەهۆی کەمکردنەوەی ماوەی پێویست بۆ ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی فەرەنسا لە ئاسمانی عێراق بۆ کاژێر و نیوێک".

بەڵام پەرلەمانتارانی حیزبی یەکێتی لە پێناوی بزووتنەوەی میللی کە حیزبێکی راستڕەوە، بەسەر لایەنگر و نەیاردا دابەشبوون. ئێکسیل بۆنیاتۆفسکی، جێگری سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی فەرەنسا پێیوایە "شارڵ دیگۆل" باشترین نوێنەری فەرەنسایە لە چوارچێوەی نوێنەرایەتیکردن لە دەرەوە. بەڵام بیا لۆلۆش، پەرلەمانتاری راست گومانی لەوە هەیە ئامانجی بەشداریکردنی کەشتی فڕۆکە هەڵگری فەرەنسا سیمبولی بێت، بە لەبەرچاونەگرتنی کاریگەری لە جەنگی دژی داعش.

ئەبو دیاب، دەڵێ "لە بنەڕەتدا، فەرەنسا لە ئابی رابردوو پێشڕەو بوو لە بانگەشەکردن بۆ جوڵەکردنی نێودەوڵەتی لە دژی داعش و یەکەم کۆنگرەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە مانگی ئەیلولی رابردوو لە ئامێز گرت، فەرماندەیی ئەمریکا ئەمڕۆ دیارە، چونکە هێرشەکانی فەرەنسا یان بەشداریکردنی وڵاتانی هاوپەیمانێتییەکە کە واشنتن رابەرایەتی دەکات تەنیا 10%ی کۆی هێرشەکان پێکدێنێ، بەڵام بەشداریکردنی شارڵ دیگۆل دوای هێرشەکانی پاریس دێت، ئەمەش پەیامێکە کە دەڵێ فەرەنسا بە قووڵی لە جەنگی دژی داعش و تیرۆر تێوەگلاوە".

نازانرێت چ جۆرە ئەنفلۆنزایەکیان هەبووە

# لە کوردستان 8 کەس بە ئەنفلۆنزا مردوون

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی



ئەنفلۆنزا لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە لەگەڵ مرۆڤ بووە و هیپۆکراتی باوکی پزیشکیی مۆدێرن باسی کردووە. لە مێژووشدا کارەساتی زۆر گەورەتری قەوماندووە، کەچی هیچ سەردەمێک وەک ئێستا ئەنفلۆنزا جیاوازەکان نەبوونەتە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ بۆ خەڵکی. ڕەنگە هۆکارەکەشی پێشکەوتنی بوارەکانی پەیوەندیی جیهانی و دەستگەیشتنی میدیاکان بێت بە زانیارییەکانی تایبەت بە کارەساتە تەندروستییەکانی ئەم نەخۆشییە.

## یەک ڤایرۆس و چەندین ناو

ئەنفلۆنزا خێزانێکی بەرفراوانە لە جۆری جیاواز کە سێ گرووپی سەرەکین: (A،B،C). هەر جۆرێکیان چەند لقێکی جیاوازی لێ دەبێتەوە. ئەوەی لەنێو خەڵکیدا زۆر جێگەی دڵەڕاوکێیە ئەنفلۆنزای بەراز و باڵندەن. خەڵکی وا تێگەیشتوون ئەنفلۆنزای وەرزیی جۆرێکی زۆر سادەیە و مەترسی نییە و ئەنفلۆنزای بەراز و باڵندەش ئێجگار مەترسیدارن. بەڵام نە ئەنفلۆنزای وەرزیی هێندە سادەیە و نە دووەکەی دیکەش هێندە کوشندە و مەترسیدارن.

گەورەترین پەتای ئەنفلۆنزا کە تۆمارکرابێت و زۆرترین قوربانیی نابێتەوە، ئەنفلۆنزای ئیسپانییە کە ساڵی 1918-1919 بڵاوبووەوە و نزیکەی 100 ملیۆن کەسی لەنێوبرد.

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ئێستاش ئەنفلۆنزای وەرزی، ساڵانە 250-500 هەزار کەس دەکوژێت. واتا مردن بە ئەنفلۆنزا شتێکی هێندە سەیر و دەگمەن نییە، بەڵکو ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی دەکاتە قوربانی.

پزیشکێکی پسپۆڕی خۆپاراستن دەڵێت هەندێکجار مێدیاکان خوێندنەوەی ناواقعییانە بۆ بڵاوبوونەوەی جۆرە جیاوازەکانی ئەنفلۆنزا دەکەن "مردنی ژمارەیەکی دیاریکراوی خەڵکی بە ئەنفلۆنزا لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا ڕوودەدات و نابێت بکرێتە سەرچاوەی فۆبیا بۆ خەڵکی. بەتەمەنەکان و منداڵان و ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە یان بەرگرییان لاوازە، دوور نییە بە ئەنفلۆنزایەکی ئاسایی وەرزی بمرن"، د.عەبدولفەتاح هەورامی هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە پزیشکیی کۆمەڵ وای بە (رووداو) گوت.

ساڵی 2009 ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لە پسپۆڕێکی جیهانییەوە گواستییەوە کە ڕادەی مردن لە ئەنفلۆنزای بەراز و ئەنفلۆنزای وەرزیدا وەک یەکن.

د.عەبدولفەتاح دەڵێت ئەوەی جێی دڵەڕاوکێیە بۆ ئاژانسە تەندروستییە جیهانییەکان، بریتی نییە لە جۆرێکی دیاریکراوی ئەنفلۆنزا. بەڵکو ترس لەوە هەیە گۆڕانێکی لەپڕ بەسەر جینی ئەنفلۆنزاکەدا بێت و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بڵاوببێتەوە و ببێتە هۆی مردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی.

## هەڵامەت و ئەنفلۆنزا

وەک پزیشکێکی پسپۆڕ باسی دەکات، لە سەرەتای تووشبووندا جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان هەڵامەت و ئەنفلۆنزا نییە و دواتر جیاوازییەکان دەردەکەون.

د.هاوژین فازڵ پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو دەڵێت "سەرەتا ئەنفلۆنزاش وەک هەڵامەت دەستپێدەکات بە نیشانەکانی وەک لووتگیران و سووتانەوەی قوڕگ و لووت و تای کەم، بەڵام لە ئەنفلۆنزادا دواتر ئازاری ماسولکەکان و لەش داهێزران و هەوکردنی سییەکانی بەدوادا دێت".

وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات، هەڵامەت بە سادەیی و بەبێ ماک کۆتایی دێت. بەڵام لە ئەنفلۆنزادا ئەگەری هەوکردنی چەندین ئەندامی سەرەکی وەک سییەکان و دڵ و مێشک هەیە و هەر ئەو ئاڵۆزکارییانەن کە دەبنە هۆی مردن".

بەبڕوای ئەو پزیشکە نابێت فۆبیای ئەنفلۆنزا لەنێو خەڵکی بڵاوبکرێتەوە "لەبری ئەوە با خەڵکی بیر لە خۆپاراستن بکەنەوە و لەسەر ڕێنماییە زانستییەکان بڕۆن".

## هەشت کەس بە ئەنفلۆنزا مردوون

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەنفلۆنزا لە کوردستان قوربانیی گیانی لێکەوتووەتەوە، بەڵام ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە ئەنفلۆنزای بەراز و باڵندە لە کوردستان بڵاوبووبنەوە "ژمارەی قوربانییەکان لە کوردستان هەشت کەسە و لە پشکنینەکانی نێو کوردستان و ئەوانەی بەغداشدا دەرنەکەوتووە ئەنفلۆنزای بەراز یان باڵندەیان هەبووبێت". د.خالس قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان وای بە (رووداو) گوت.

سێ لەو قوربانیانەی د.خالس باسیکردن لە پارێزگای سلێمانی بوونە. دەنگۆیەک لەنێو پارێزگا و تەنانەت هەندێک مێدیای لۆکاڵیش بڵاوبووەوە کە یەک لە قوربانییەکان بەهۆی ئەنفلۆنزای بەراز و یەکێک بەهۆی ئەنفلۆنزای باڵندە مردوون. ئەوەش جۆرێک دڵەڕاوکێی لەنێو خەڵکی بڵاوکردەوە. بەڵام تەندروستی سلێمانی ئەو دەنگۆیەی ڕەتکردەوە.

د.نەورۆز عەسمان، سەرۆکی بەشی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە گوازراوەکان لە بەڕێوەبەرێتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی گوت "ڕاستە ئەو سێ حاڵەتە تووشی پەتای ئەنفلۆنزا بوون و گیانیان لەدەستداوە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە کە بەهۆی ئەنفلۆنزای بەراز یان باڵندەوە مردبن".

د.نەورۆز دەڵێت نموونە لەو کەسانە وەرگیراوە و پشکنینیان بۆ کراوە، بەڵام دەرنەکەوتووە کە ئەنفلۆنزای بەراز یان باڵندەیان هەبێت. وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیش نموونەکانی بردووە بۆ دەرەوەی عێراق بە مەبەستی پشکنین و دڵنیابوونەوەی زیاتر.

## دەبێت کێ خۆی بکوتێ

ئەنفلۆنزا هەموو ساڵێک گۆڕانکاری سادە لەخۆیدا دروستدەکات و بە چەند ساڵێک جارێک گۆڕانکاریی گەورەی تێدا بەدی دێت. بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییە سادەکان، ساڵانە ڤاکسینی تایبەت دژی ئەنفلۆنزا دروستدەکرێت.

د.نەورۆز دەڵێت ساڵانە چەند هەزار دانەیەک لەو ڤاکسینانە دەگەنە سلێمانی، بۆیە ناکرێت کوتان بۆ هەمووان ئەنجام بدرێت و پێویستیش نییە بۆ هەمووان بکرێت.

بەگوێرەی ڕێنماییەکانی سەنتەری کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا، چەند چینێکی کۆمەڵگە زیاتر لە مەترسیی ئاڵۆزکارییەکانی ئەنفلۆنزادان، بۆیە گرنگترە بکوترێن، ئەوانیش منداڵانی سەروو 6 مانگ، ژنانی سکپڕ، کەسانی بەتەمەن، ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە، بەتایبەت نەخۆشییە درێژخایەنەکانی سییەکان، شەکرە، شێرپەنجە و ئایدز.

ئەو کەسانەی هەستەوەرییان بە هێلکە هەیە، نابێت ڤاکسینی ئەنفلۆنزا لەخۆیان بدەن، چونکە بە هەمانشێوە هەستەوەری پەیدا دەکەن.

## بۆچی لە زستان بڵاودەبێتەوە؟

پسپۆڕان بۆ وەڵامی ئەمە، ئەم هۆکارانە دیاری دەکەن:

- چونکە لە وەرزی سەرمادا خەڵکی لە ژوورەوە و لەشوێنی داخراودا دەمێننەوە و بەوەش کاتێک کەسێک تووش دەبێت، بە ئاسانی خەڵکی زۆری چواردەوری تووش دەکات.
- لە زستاندا هەوا سارد و وشکە، بەوەش نێو لووت و کەناڵەکانی هەوا وشکدەکاتەوە و شلە لینجەکەی ناویان وشک دەکاتەوە، بەوەش لووت و کەناڵەکانی هەوا ناتوانن بە ئاسانی ڤایرۆسەکە لەگەڵ شلەکانی نێویان فڕێ بدەنە دەرەوە.
- کەشی فێنک و وشک، ژینگەی نموونەیین بۆ مانەوەی ڤایرۆسەکە و گواستنەوەی.



ئیکرام حوسێن

## وەزارەتی تواناکوژی

وەزارەتی تەندروستی لەجێی گرنگیدان و تاقیکردنەوەی توانای دەرچووانی تواناسازی، خەریکی کوشتنی تواناکانیانە، چۆن؟

لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، لیستێک نووسیبووی تێچووی ساڵێکی بەرنامەی تواناسازی تەنیا 120 ملیار دینارە، جا ئەوکات کە پارە وەکو خۆڵ وابوو، ژمارەکان بچووک بووبوونەوە، بەڵام ئێستا کە ئەو هەواڵانەی باسی مووچە و بودجە دەکەن، جێیان بە هەواڵ و بابەتە سێکسییەکانی نێو سایتەکان لێژ کردووە و پێشیانکەوتوون لە ژمارەی خوێنەردا، لە نیوە زیاتری کورد چاوەڕێی 250 ملیار دیناری بەغدای دەکرد، ئەوجا بزانە 120 ملیار دینار ژمارەیەکی چەند گەورەیە.

بە هەموو خراپییەکانییەوە، قۆناغی یەکەمی بەرنامەی تواناسازی فرسەتێکی گەورەی بۆ هەموو کەسێکی فرسەتخواز دابینکرد بێ جیاوازی. یەکەمین جار بوو لە سەردەمی دەسەڵاتداریی کوردیدا عەدالەتی لەو جۆرە لە بەرنامەیەکدا ببینرێت و کەمترین پاوانکاری تێدا بێت، بەرنامەکە کوڕ و کچی هەژاران و جوتیارانی گەیاندە زانکۆ بەناوبانگەکانی لەندەن و نیویۆرک و پاریس.

تا ئێرە سەرچاو، بەڵام ئێستا ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە بەسەر گەڕانەوەی بەشێک لە دەرچووانی تواناسازیدا، لە وەزیفەشدا پلەکانیان بۆ جێگیر کراوەو مووچەکانیان لە بەکالۆریۆسەوە بۆ ماستەر گۆڕاوە، یاخوا نۆشی گیانیان بێت، بەڵام کوا جێدەست و جێعەقڵیان لە پێشخستن یان گۆڕینی سیستمی ژیاندا؟ یان لەبەر دەست و عەقڵی خەڵکی بێعەقڵ جێی ئەوان نابێتەوە.

لە دوورەوە و لە نزیکەوە بەشێک لە گەڕاوەکانی تواناسازی دەناسم، دەبوو وەزارەتی تەندروستی زۆرترین سوود لە توانای ئەوانە ببینێ، چونکە وامان بیستووە کە ئیشەکەی پاراستنی تەندروستی و ژیان و گیانی خەڵکە، بەڵام دوای گەڕانەوەی ئەو هەموو دەرچووە، وەزیری تەندروستی و ڕاوێژکارەکانی و وەزارەتەکەی و ڕاوێژکارەکانی تەندروستی و ئەنجومەنی وەزیرانیش نەهات بە خەیاڵیاندا کۆنفرانسێک، کۆبوونەوەیەک، چاخواردنەوەیەک، شتێکیان بۆ ڕێکبخەن، هەر نەبێت لێیان بپرسن ئێوە هەر یەکەی نزیکەی 70 هەزار دۆلارتان بۆ خەرجکراوە، چیتان هێناوەتەوە؟

70 هەزار دۆلار پارەیەکی زۆر نییە بۆ هێنانەوەی عیلم، بەڵام ئێجگار زۆرە بۆ شتێک کە جێ نەگرێت.

ئێشتاشی لەگەڵدا بێت، گەورەترین هۆکار و بناغەی پێشکەوتنی ژاپۆن و کۆریا ناردنە دەرەوەی خوێندکارانیان بووە بۆ ئەوروپا و ئەمریکا، جارێک گوێم لە وەزیرێک بوو دەیگوت: کەسێک کە دەنێردرێتە دەرەوە، هەر بە سواربوونی تەیارە، بیرکردنەوەی بەرەو پێشەوە دەگۆڕێت. کەچی وەزیرێکی تر بە دەرچوویەکی تواناسازی گوتبوو: کاکە تۆ بۆ سەفەر و سیاحە ڕۆیشتووی، خوێندنی چی؟

پێویستە وەزارەتی تەندروستی دەرچووانی تواناسازی کۆبکاتەوەو بەپێی پسۆڕییان ئەرک و لێپرسراوێتییان پێ بسپێرێ، پزیشک هەیە پسپۆڕیی شەکرەی خوێندووە لە بەریتانیا، کە هاتووەتەوە ئیشکگری هەناوییان پێکردووە لە دەربەندیخان و لە قەڵادزێ!
هەیە لێکۆڵینەوەی لە ڕەگە خانەکاندا خوێندووە، ئێستا لە هەڵەبجە ددان دەکێشێ!

دەڵێن لەو هەموو ئەندازیارەی سەندیکای ئەندازیاران، جاروبار چاپچییەکەیان بە نەخشەکاندا دەچێتەوە.

ئینجا با لەجێی 2231 خوێندکاری تواناسازی، هەزاران فەیلەسوفمان لە ئەمریکا و ئەوروپاوە بۆ بێتەوە، کاتێک وەزیرەکانمان عەقڵیان پێنەشکێ مەرحەبایەکیان بکەن، ئیتر ئاو کێڵان چ سوودێکی دەبێت؟ گەر لەوێ تواناشیان ساز کرابێت، لێرە تواناکانیان دەکوژرێت.

# زانیارییە هەڵەکان لەبارەی شەکرەوە



د.زانیار نووری

شەکرە یەکێکە لە نەخۆشییە باوەکانی ئەم سەردەمە و پێنجەم هۆکاری مردنە لە جیهاندا، ئەگەری هەیە لە ساڵی 2020دا ببێتە چوارەم. کاتێک هەر نەخۆشییەک بڵاو بێت، جۆرەها باس و خواس دێت بە دوایدا و زۆرجار زانیاری هەڵە لەبارەی بڵاودەکرێنەوە.

## چی بکەین؟

سەرەتا زۆر گرنگە هەر تاکێک لە ئێمە زانستانە بیربکەینەوە، واتە بزانین سەرچاوەی ڕاست کامەیە؟ ئەگەر وا نەبێت ئەوا دەکەویتە هەڵەوە و گوێ لە کەسێک دەگریت کە ئاستی زانستی نزم بێت، بۆ نموونە تۆ مامۆستا بیت و شەکرەت هەبێت و گوێ لە چارەسەری پیرەژنێک بگری کە نازانێت ناوی خۆی بنووسێت. دەبێت ئاگادار بین کە تەنانەت هەندێک لە میدیاکانیش، بە داخەوە، خەریکی بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵەن لەسەر نەخۆشییەکان و زۆربەیان ڕاوێژکاری پزیشکیان نییە.

## کورتەیەک لەسەر شەکرە:

شەکرە: واتە بەرزبوونەوەی ڕێژەی شەکر لە خوێندا لە ئەنجامی نەمان یان سست بوونی ئینسۆلین لە لەشی مرۆڤدا. چەندجۆرێک شەکرە هەیە، دووانیان زۆر باون: جۆری یەک و دوو. جۆری یەک ئەوەیە کە هیچ ئینسولین نییە لە لەشی مرۆڤەکەدا، زۆربەی کات منداڵ و گەنجن تووشی ئەو جۆرەیان دەبن جاران کە دەرمانی ئینسولین نەبوو ئەم نەخۆشانە نەدەگەیشتنە 20 ساڵی و دەمردن! جۆری دوو: ڕژانی ئینسولین سستە، ئەمەش زیاتر لە کەسانی بەتەمەن و قەڵەو ڕوودەدات، ئەم جۆرەیان بە حەب چارەسەر دەبێت.

## زانیارییە هەڵەکان:

1- وا باوە کە مادەم تۆ شەکرەت هەیە ئەوا تاڵی و ترشی بخۆیت باشترە، ئەمە هەر زۆر هەڵەیە: تاڵی هیچ ڕۆڵی نییە و زۆر لە ترشییەکانیش وەکو لیمۆ پڕن لە شەکر.

2- دەگوترێت کە شەکرەت بوو ئیدی نابێت میوە و خورما و هەنجیر و شووتی بخۆیت، بۆیە دەبینیت نەخۆشەکە 10 ساڵە شووتی ناخوات کە زۆریشی حەز لێیە، بەڵام سێ ژەم شەکری ناو چا دەخواتەوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هەڵەیەوە کە جیاوازی شەکرەکان ناکرێت. تەنیا شەکری سپی مەترسیدارە بۆ شەکرە، بەڵام شەکرەی میوەکان بە سوودن بە گشتی.

3- نەخۆش وا لێ دەکەن کە گۆشت نەخوات، بەڵام گۆشتی ئاژەڵ هیچ مەترسی نییە لە شەکرەدا مەگەر زۆر خۆری تێدا بکرێت. بەڵکو هەندێکجار پێویستە بخورێت بۆ ئەوەی نەخۆشەکە لاواز نەبێت. دەبینیت نەخۆشەکە ساڵێکە شیشێک گۆشتی نەخواردووە، بەڵام ڕۆژانە برنج و نان دەخوات کە خەستترین سەرچاوەی شەکرن.

4- زۆرباوە کە نەخۆشی شەکرە خۆی دەدزێتەوە لە زانینی ڕاستی نەخۆشییەکە، هەوڵ دەدات دووربکەوێتەوە لە پشکنینی مانگانە و چارەسەرەکان. قەناعەتی هەڵە بۆ خۆی دروست دەکات کە ئەو شەکرەی نییە یان هەوڵ دەدات بە شتی "سروشتی" چارەسەری خۆی بکات نەک دەرمان. بەڵام ئەوە ڕاست نییە بڵێیت سروشتی، چونکە دەرمانەکانیش هەر سەرچاوەیان سروشتە. زۆر لەو شتانەی پێیاندەگوترێت سروشتی دوورت دەخەنەوە لە چارەسەرە ڕاستەقینەکە.

5- دەگوترێت ئەگەر نان زۆر ببرژێنیت باشە بۆ شەکرە، ئەمە زۆر هەڵەیە: جارێ نان هەر نانە، ئەو نانە برژاوە هەندێکجار دەبێتە برینداربوونی دەمی نەخۆشەکە کە چاک بوونەوەی زۆری دەوێت.

6- زۆر باوە کە شەکرە لە خووڕپەوە دروست دەبێت: شەکرە میکانیزمێکی لەشە تێکدەچێت، ڕاستە بەهۆی خەفەت و ماندوویەتی بەرز دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز خەفەت دروستی ناکات!

7- دەرزی ئینسولین یەکێکە لە باشترین چارەسەرەکانی شەکرە، بەڵام وا باوە کە ئەگەر بەکاری بهێنیت ئیتر گیرۆدەی دەبیت، ئەمەش هەڵەیە چونکە هەرگیز گیرۆدەی نابیت. زۆربە نەخۆشەکانی جۆری دوو لە پاش 15 ساڵ چیدی حەبەکان چارەسەریان ناکات، بۆیە هەر دواجار ئینسۆلینمان دەوێت.



## زارین بۆ نانخواردن نەهاتووە



**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**

زارین، کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان بەهۆی نەبوونی سپۆنسەر کارەکانی وەستاندووە و دەشڵێت ئەگەر وا بڕوات هیچ بەرهەمێک بڵاوناکاتەوە.

زارین کە دوو ساڵە لە باشووری کوردستان دەژی، گوتی "بەداخەوە لێرە زۆر بە کەمی ڕێز لە هونەری ئافرەتان دەگیرێت و ئەگەر هەشبێت بە مەبەستە، تاوەکو ئێستا نەمتوانیوە سپۆنسەرێک بۆ کارە هونەرییەکانم بدۆزمەوە". زارین دەمێکە گۆرانی دەڵێت، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەلبوومی نییە، ئەو لەوبارەیەوە دەڵێت "گۆرانی سینگڵم زۆرە، دەتوانم دوو ئەلبوومی گۆرانی لێ دروست بکەم، بەڵام کە داوا لەکەسێک دەکەم ببێتە سپۆنسەرم، بەشێوەیەکی دیکە سەیرت دەکەن، تەلەفۆن دەکەن دەڵێن کەی نانێک بە یەکەوە بخۆین، بەڵام من نەهاتووم نان بخۆم، هاتووم خزمەت بە هونەری کوردی بکەم".



# بڵند فێڵ ناکات

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو – هەولێر**

هونەرمەند بڵند ئیبراهیم بۆ ئاهەنگی نەورۆز دەچێتە ئەوروپا و چەند کۆنسێرتێک دەکات و دەڵێت "من فێڵ لە خۆم ناکەم، داهاتی کۆنسێرتەکان دەبەخشم".

بڵند ئیبراهیم بە (ڕووداو)ی گوت "لە ڕۆژانی جەژنی نەورۆزدا چەند کۆنسێرتێک لە ئەڵمانیا، سویسرا و دانیمارک ساز دەکەم و لەوێشەوە هەوڵی ئەوە دەدەم زۆرترین داهات کۆبکەینەوە".

سەبارەت بە چۆنیەتی گەیاندنی داهاتی کۆنسێرتەکان بە ئاوارەکان، بڵند گوتی "من لە نەورۆزدا 3 کۆنسێرت ساز دەکەم، داهاتی ئەم کۆنسێرتانە دەدرێت بە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان/ لقی دهۆک و لەرێگای ئەوانەوە داهاتەکان دەگەیەنرێت بە ئاوارەکانی کوردستان و بەتایبەتی بنەماڵەی شەهید هوجام".

سەبارەت بە بەرهەمی تازەش، بڵند گوتی "سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکم کە ڕەنگە لە 13 تراک پێکبێت و 4 تراکیان بە شێوەزاری سۆرانی دەبێت، هەروەها خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکیشم بۆ پێشمەرگە".



# کەژێ گۆرانی بۆ بێ سەرپەرشتان دەڵێ

**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژ کەژێ هاوتا گۆرانییەک بۆ منداڵانی بێ سەرپەرشت تۆمار دەکات.

هاوتا ئەسعەد، باوکی کەژێ لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم گۆرانییەی کەژێ گۆرانییەکی مرۆییە لەبارەی ئەو منداڵانەی بێ سەرپەرشتن. ئێمەی مرۆڤ زۆرجار تەنیا خۆمان دەبینین، بۆیە ویستم بە دەنگی کەژێ بەرهەمێک تۆمار بکەم بۆ ئەوانەی جێگا و ڕێگایان نییە، تەنانەت لە یاسای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیش شوێنیان نابێتەوە".

ئەم گۆرانییە تێکستەکەی لەلایەن شەفیق بەیادەوە نووسراوە و هاوتا ئەسعەد ئاوازی بۆ داناوە.

خێرخوازێکی شاری هەولێر ماڵێکی بۆ ئەو منداڵە بێ سەرپەرشتانە کردووەتەوە کە یاسا و ڕێنماییەکانی خانەی نەوجەوانان نایانگرێتەوە.



# دەستیان شکاند

**ڕووداو- هەولێر**

ژنە ئەکتەری کورد تەلار هیرانی تووشی ڕووداوی هاتوچۆ دەبێ و دەستێکی دەشکێت، بەو هۆیەشەوە کارە هونەرییەکانی رادەوەستن.

تەلار هیرانی بە (ڕووداو)ی گوت "لە چەند ڕۆژی رابردوودا لە هەولێر تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ بووم و دەستێکم شکا، بۆ وەرگرتنی چارەسەریش ناچار بووم بگەڕێمەوە سوێد".

هیرانی باس لە کارە هونەرییەکانی دەکات و دەڵێت "لەگەڵ د.فازڵ جاف پرۆژەیەکی هونەریم هەبوو، بەڵام ئەم ڕووداوە بووە ڕێگر لەبەردەم کارەکانم، چونکە ناتوانم دەستی ڕاستم بجوڵێنم". تەلار دەشڵێت "بەشداریم کردووە لە درامای پەناگەی هیوا لە دەرهێنانی محەممەد جانۆ و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا نمایش دەکرێ".



# شاخەوان: خەلیفەی خەیاتم

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**


گۆرانیبێژی لاو شاخەوان کەرکووکی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە هونەرمەند شوکر خەیاتی کردبێت بە پردێک بۆ ناوبانگ پەیداکردن و دەڵێت "ئەو هونەرمەندە بە خەلیفەی خۆم دەزانم".

شاخەوان کە گەنجێکی شاری کەرکووکە، تاوەکو ئێستا چەند گۆرانییەکی بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند شوکر خەیات تۆمار کردووە، بۆیە هەندێک کەس دەڵێن بەم کارەی دەیەوێ ناوبانگ پەیدا بکات.

شاخەوان دەڵێت دوای هونەرمەند عەلی مەردان، شوکر خەیات وەستای مقاماتە و حەز دەکات ببێتە خەلیفەی ئەو "حەزدەکەم لە شوکر خەیات بچم و لە ئایندەدا شوێنی ئەو بگرمەوە لە مقام گوتندا".

شاخەوان کەرکووکی نوێترین کاری خۆی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "نوێترین بەرهەمم گۆرانییەکە بەناوی کوردستان کە ڕێدار سابیر تێکستەکەی بۆ نووسیوە و سابیر کوردستانی ئاوازی بۆ داناوە، حەمەی شەمیش کلیپی بۆ کردووە".

# سالار و عەتا سەبریان نەما





**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هەردوو هونەرمەند سالار مەحمود و عەتا ئەحمەد یەکەمین ئەلبوومی خۆیان لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی داعشەوە بڵاودەکەنەوە و دەڵێن ئیدی کاتی دەربڕینی خۆشییە.

عەتا ئەحمەد بە (ڕووداو)ی گوت لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەلبوومەکەیان لەلایەن سەنتەری کیژێ لە شاری سلێمانی بڵاودەکرێتەوە.

ناوەڕۆکی ئەلبوومەکە پێکهاتووە لە 8 تراک کە چوار گۆرانییان دوێتە، ئاوازی سەرجەم گۆرانییەکان و تێکستی شەش لە گۆرانییەکانیش عەتا ئەحمەد دایناون.

لەوەتەی پێشمەرگە لە شەڕدایە لەگەڵ داعش، هونەرمەندانی کورد بڵاوکردنەوەی ئەلبوومیان ڕاگرتووە و تەنیا خەریکی سروود تۆمارکردنن، ئەلبوومەکەی سالار و عەتا دەبێتە یەکەم ئەلبوومی گۆرانی بڵاوبکرێتەوە، بۆیە ڕەنگە ڕووبەڕووی ڕەخنە ببنەوە. عەتا دەڵێت "ڕەخنەی هەموو کەسێک لەسەرچاوان، ڕاستە ئەلبوومەکەی ئێمە سۆزدارییە، بەڵام لە ماوەی ڕابردووشدا گۆرانیمان بۆ شەهید و پێشمەرگە گوتووە هەر ڕەخنەیان لێگرتووین".



# عەزیزیە بەڵام عەزیز نییە

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ کۆرش عەزیزی ڕەتیکردەوە کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ گۆرانیبێژ عەزیز وەیسیدا هەبێت و گوتی ئەو قسانەی دەکرێن تەنیا پڕوپاگەندەن.

کۆرش عەزیزی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ستایلی خۆی و گۆرانییەکانی زۆر لە عەزیز وەیسی دەچێت، بۆیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وا بڵاوکراوەتەوە کە عەزیز وەیسی نیگەرانە لەوەی کۆرش لاسایی دەکاتەوە. بەڵام کۆرش عەزیزی لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی گوت "بەداخەوە خەڵکانێکی بێ ویژدان قسەی بێ بنەما بڵاودەکەنەوە گوایە من لاسایی عەزیز وەیسی دەکەمەوە و لەسەر ئەوە کێشە کەوتووەتە نێوانمان، بەڵام ئەوە دوورە لە ڕاستی، من و عەزیز هاوشارین و وەکو دوو براین".


کۆرش دەڵێت ئەو هیچ کاتێک نەیویستووە لەهیچ هونەرمەندێک بچێت و ستایلێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام دەڵێت شێوازی کارکردنی لەگەڵ عەزیز وەیسی لەیەک دەچێت و هەردووکیان زۆرتر گۆرانی شاد دەڵێن.

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com




# بەختی ڕووداو

### کاوڕ



هەندێک جار زۆر درەنگ بڕیار لەسەر شتەکان دەدەی، بەڵام کاتێک بڕیار دەدەی بەجددی کارێکی باش دەکەیت. بیرکردنەوەت سەبارەت بە سۆزداری ڕاستە و ڕەنگە بۆ ئێستا کەمێک نامۆ بێت، وا باشە پەلە نەکەیت.

### گا




فرسەتی زیاتر دێتە پێشەوە بۆ ئەوەی ئامانجەکانت بەدی بهێنی. ئەو گوشارە داراییەی کەوتووەتە سەرت کەمتر دەبێتەوە. بەبێ ئەوەی پێویست بەماندووبوونی زۆر بکات، کارەکان بەباشی بەڕێوە دەچن. چاوەڕوانی بیستنی هەواڵێکی خۆش بە.

### جمک




ئەو کارکردنەی ئێستات سوودێکی زۆری بۆ داهاتوو دەبێت، بەهەمان هێز و توانا بەرەو ئەنجامی کۆتایی بەردەوام بە. ئەو شتانەی لە ڕابردوودا ماندوویان کردوویت، ئێستا بەئاسانی دەتوانی ئەنجامیان بدەیت. حەزەکانت بەرەو سەرکێشی زیاد دەکەن و لە بەدیهاتنی ئاواتەکانت نزیک دەبیتەوە.

### قرژاڵ




گۆڕانکاری زۆر بچووک دەتوانێ زۆر دڵخۆشت بکات، بەڵام هێشتا لەو ئاستە نییە کە بە ئاواتی دەخوازی. بێزاریت لە کارکردن کۆتایی دێت، پێویست دەبێت خۆت بۆ ئەنجامدانی کارێکی نوێ ئامادە بکەیت. مەهێڵە کاتت بەفیڕۆ بڕوات.

### شێر



کارەکانت زیادیان کردووە و توانای پێویستە، بڕوابوون بە توانای خۆت کارەکانت بۆ ئاسانتر دەکات. گوشارێک لەسەر باری دەرامەتتان هەبوو، لەم هەفتەیەوە ئەو گوشارە کەمتر دەبێتەوە.

### گوڵەگەنم



گرفتەکان زۆر ئاسایین، بەڵام ئەوە خۆتی کە گەورەیان دەکەیت. ئەنجامدانی هەر کارێک کاتی خۆی هەیە و فرسەتی بۆ بڕەخسێنە. تێگەیشتن و هاوکاری لەگەڵ چواردەورەکەت متمانەت لای ئەوان زیاتر دەکات.

### تەرازوو




گرنگی بە وردەکاری زیاتر بدە لەکارەکەت، ڕەنگە ڕووبەڕووی کەسانێک ببیتەوە کە ڕەخنەت لێدەگرن. لە کۆتاییدا باشکردنی کارەکەت دەبێتە هەنگاوێکی دیکە بەرەو سەرکەوتن. ڕێگایەک دەبینیتەوە بۆ زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات یان ڕزگاربوون لە قەیرانەکان.

### دووپشک



لە ماوەیەکی کەمدا لە کارە نوێیەکەت دەستبەکار دەبیت، بەڵام ئەم کارە هەندێک ماندووبوونی پێویستە. کاریگەری دەخەیتە سەر چواردەورەکەت و خۆشەویستیت زیاد دەکات. چەند ڕۆژی داهاتوو پەیوەندیەکانت زۆر دەبن و دەتوانی سوود لە خەڵکانی دیکە وەربگری.

### کەوان



ماوەیەکە دۆخەکان زیاتر بێزارت دەکەن لە جاران، ئەم هەفتەیە چالاکییەکانت زیاد دەکات و دەتوانی چەند کارێک ئەنجام بدەی. بەهۆی کارە قورسەکانی ڕابردوو ستایش دەکرێی. ڕەشبین مەبە، ڕاستییەکان خۆیان دەردەخەن. دەست بە خەرجییەوە بگرە با نەکەویتە ژێر فشاری دارایی.

### کاژۆڵە




بیرکردنەوەی زیاتر لە پێویست تەنیا کاتت بەهەدەر دەدات. هەموو تواناکانت بخە کار و بەسەر بەربەستەکاندا هەنگاوبنێ، گۆڕانکاری گەورە دروست بکە. لە ڕێکخستنەوەی کارەکانت سەرکەوتوو بوویت، ئێستا دەتوانی پڕۆژەکەت پێشبخەیت و سەرکەوتن بەدەست بهێنی.

### سەتڵ



دەتوانی لەگەڵ چواردەورەکەت خۆت بگونجێنی، بەڵام ناکرێ هەموو کەس وەک تۆ بیربکەنەوە. ئەوەندە تێکەڵاویت قووڵ مەکەرەوە لەگەڵ کەسانێک کە بەتەواوی نایانناسیت. باشترین کاتە بۆ پەیوەندی ئەڤینداری و لە هەموو جێگەیەک ڕووبەڕووی خۆشەویستی دەبیتەوە بەهۆی سەرنجڕاکێشیت.

### نەهەنگ




بەهۆی بیرکردنەوە لاوەکییەکانت، کارە سەرەکییەکانت دوادەخەی. پشوویەک بدە پاشان پلانەکانت جێبەجێ بکە. هەستەکانت بەهێز دەبێت، دەتوانی پشت بەخۆت ببەستی، توانیوتە بەسەرکەوتوویی چەند کارێک بگەیەنیتە ئەنجامی کۆتایی کە هاوڕێکانت هێشتا لەنیوەی ڕێگان.

## جەلال بەرزنجی:

# شیعر نووسین شەیدابوونە



**ساڵی 2007 و لەپای کتێبی (پیاوێکی بێجامە شین) کە زانکۆی ئەلبێرتا (شەشەمین زانکۆی جیهان) بۆی چاپ و بڵاوکردەوە، نووسەرانی نێونەتەوەیی لە کەنەدا، نازناوی (نووسەری یەکەمی تاراوگە)یان پێبەخشی.**

**بەرلەوەی کتێبەکەی بکەوێتە بازاڕ، سەدان کەس لە ڕێگای (amazon.com) و کتێبفرۆشییە ناسراوەکانی (چاپتەر و ئیندیگۆ)، پێشوەختە ناوی خۆیان بۆ کڕینی دانەیەک لە کتێبەکەی بەرزنجی تۆمار کردبوو. (پیاوێکی بێجامە شین) لە فێستیڤاڵی نیونەتەوەیی ئەدەبی (نەن فەکشن) (لێت فیست) لە ئیدمنتۆن و لەسەر رادیۆ و تەلەفزیۆنی کەنەدی و لە هۆڵی شانۆی کتێبخانەی گشتیی ئیدمنتۆن ئاهەنگی بڵاوبوونەوەی بۆ سازکرا کە بلیتی چوونەژوورەوە بە 10 دۆلار بوو. هەر لە فێستیڤاڵەکەدا و لە میانی دوو کۆڕدا، نووسەری کتێبەکە و پیتەر ماگملندی و سەباح ساڵح، وەرگێڕی پەرتووکەکە، قسەیان لەسەر کتێبەکە کرد.**

**(جۆن رۆڵسن سۆ)ی رۆماننووس و سەرۆکی PEN ی نێونەتەوەیی کە 144 سەنتەری هەیە لە دونیادا بۆ داکۆکی لە ئازادیی رادەربڕین و پێشەکی بۆ کتێبەکەی بەرزنجی نووسیوە، دەڵێ: "من ژیانی جەلال نەژیاوم، بەڵام رایکێشامە ناو ژیانی خۆی، خوێنەر لەگەڵ نووسینەکەی جەلال دەبێتە یەک، بەدرێژایی رێگا لەگەڵ خۆی دەمانهێنێتە ئیدمنتۆن... وەک من تێبیگەم، ئەو کارە داهێنانێکی جوامێرانەیە).**

**خەڵاتی (سالوت فۆرئیکسیلنس)ی ئەدەبی لە ساڵی 1951ـەوە لە ئیدمنتۆنی کەنەدا، بەو کەسانە دەدرێت کە لە یەکێک لە بوارەکانی (ئەدەب، هونەر، سۆسیۆلۆژیا، کولتوور) داهێنانی نموونەییان کردووە. ساڵی 2014 ئەنجوومەنی شارەوانی ئیدمنتۆن لە کەنەدا، ئەو خەڵاتەی بەم شاعیر و نووسەرەی کورد بەخشی.**

**ئەو کە تاوەکو ئێستا لە ناوخۆی کەنەدا و ئەوروپا و ئەمریکا چەندین جار خەڵاتکراوە، ساڵی 2012 لە بەریتانیا و لە پڕۆژەی ساڵێک بۆ خوێندنەوەی دونیا لە ڕێگەی کتێبەوە، خەڵاتی (وایەڵد)ی لە نێوان 196 کتێبدا پێ بەخشرا. هەر لە هەمان ساڵدا لە ئەمریکا، خەڵاتی (فۆرم وۆرد)ی لەسەر کتێبی (ئۆتۆبایۆگرافی) بردووەتەوە.**

**لەم هەڤپەیڤەنەدا لەگەڵ ئەدەب و کولتووری رووداو، جەلال بەرزنجی، شاعیر و نووسەری کوردی تاراوگەنشین، وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار لەمەڕ پرۆسەی نووسین و داهێنان دەداتەوە.**

**نووری بێخاڵی**

بەرزنجی لە تەمەنی گەنجێتییەوە شەیدای نووسین دەبێت. ئەو لەبارەی یەکەم ئەزموونی خۆیەوە دەڵێ "ساڵی 1970 لە پۆلی چواری گشتی بووم لە ئامادەیی کوردستان لە هەولێر، بە هاوکاریی هەندێک لە قوتابیەکانی پۆلەکەمان، مانگێ جارێک بڵاوکراوەیەکی هەمەڕەنگی سەر دیوارمان بڵاودەکردەوە.

یەکەم نووسینم، پەخشانە شیعرێک بوو لەوێ بڵاومکردەوە. دوای بەیانی 11ی ئادار، بزووتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی بووژانەوەیەکی باشی بەخۆیەوە بینی، هەر لە ئامادەیی کوردستان، بیرم نەماوە بیرۆکەکە هی کێ بوو، بە سەرپەرشتی مامۆستای زمانی ئەدەبی کوردی عەبدولڕەحمان سەعدی و دەستەی نووسەران کاردۆ گەلاڵی، عەبدوڵڵا زەنگەنە، جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا و تاهیر هەمەوەندی، گۆڤاری (چوارچرا، رەهێڵە و بیری نوێ) مان دەرکرد".

زۆر دەگمەنن ئەوانەی لەناو کورددا بە شیعر دەستیان پێکردبێت و تاسەر بەردەوام بووبن، کەچی بەرزنجی تاوەکو ئێستاش هەر بەسەر باڵی رەنگینی شیعرەوە ئەم جیهانە تەی دەکات. ئەو، نهێنی ئەو بەردەوامییەمان ئاوا بۆ دەگێڕێتەوە "شیعر لای من بەرهەمی ساتێکی هەڵچووە، ئیشێکی کاتی، یان ئامراز نییە لە قۆناغێک بوەستێ. شیعرنووسین لەلای من شەیدابوونە، لەززەتە، چارەسەرییەکی روحی ئازار و نیگەرانییەکانمە، هۆکاری بوونمە. بۆیەش ناتوانم پێشبینی ژیانی خۆم بەبێ شیعرنووسین بکەم".

"پێویستە لە سەردەمە جەنجاڵ و پڕ لە ئاژاوەکانیشدا بە هێمنی بیربکەینەوە- باسترناک"، بەرزنجی بەم کۆدە، کۆمەڵە شیعری "سەمای بەفری ئێواران" دەستپێدەکات. وەک خۆی باسی دەکات، دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە شتێکمان پێبڵێت: "ئەو کۆدە زیاتر هزرییە، وامان لێدەکات لە کاتی تەنگژە، یان کارەساتێکی گەورە، ئۆقرەمان لێ هەڵنەگیرێ، خۆمان نەدەینە دەست ساتەکانی هەڵچوون. ئەو کاتەی ئەم کۆدەم کردە دەروازەی (سەمای بەفری ئێواران)، لە 1997 کورد بە ئەزموونێکی دژواردا تێدەپەڕی. رەنگبێت ئەویش کاریگەری هەبووبێت بۆ حەزلێبوونی ئەو کۆدە. لەگەڵ ئەوەی کۆدەکە هزرییە، دەکرێ لە شیعر نووسینیش سوودی لێوەربگرین، بۆ ئەوەی نەکەوینە بەر تەوژمی هەڵچوون، سۆز، زمانی سادە و رووکەش. جگە لەوانەش، ئەو کۆدە فێری ئارامیمان دەکات".

لێم پرسی: ئێوە دەڵێن: شیعر شەیدابوونە... گەزۆ نییە لە ئاسمانەوە ببارێت، ئایا ئەمە تێپەڕاندنی ئەو تێگەیشتنەیە کە پێیوایە شیعر ئیلهامە؟

ئەو بە بەڵێ وەڵام دەداتەوە: "بۆ هونەری شێوەکاری، رەنگە بەهرە تۆخمێکی سەرەکی بێت، بەڵام بۆ شاعیر، ئیلهام بەس نییە. بەهرە وەک هەوێنە. لەگەڵ ئەوەیش دەبێ ئەزموونی ژیان، زمانێکی چڕو پوخت، چاوێکی قووڵ، خەیاڵێکی چڕ و بناغەیەکی تۆکمەی زانیاری زۆر هەبێت. نەک هەر بەهرە، وشە و خەیاڵ کە دوو توخمی سەرەکیی نووسینن، بەڵام زۆرجار هەست دەکەین ئەوانیش بەس نین و شتێکی ترمان پێویستە".

### سرووشت توخمێکی سەرەکی شیعرەکانی بەرزنجییە

هەرنا لە (سەمای بەفری ئێواران) دا. ئەو پێیوایە لەرێگەی ئەو توخمەوە دەیەوێت یادەوەری خۆی زیندوو رابگرێت: "من لەناو سرووشتدا لەدایک بووم، چاوم کردەوە، چیای سەرکەش و درەخت و بەفربارین، گوڵی هەمە رەنگم لە بنارەکان بینی، بەڵام ئەوکات منداڵ بووم، لەناو ئەو دیمەنانەدا دەژیام، بووبوومە بەشێک لێیان، چێژم لێیان دەبینی، توانای دەربڕینی سەرسامیم بەرامبەر شتەکان نەبوو. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی 1961 گوندەکەمان لەلایەن سوپای عێراقەوە سووتێنرا و دەربەدەری هەولێر بووین، قۆناغەکانی خوێندنم لە هەولێر تەواو کرد. لە گوندێکی جوانی ناو سرووشت بەناوی سکتان بە مامۆستا دامەزرام. ئەوجارە بە دیدی کوڕێکی شاری چوومەوە ناو سرووشت، جگە لەوەش، وەک شاعیر مامەڵەم لەگەڵ دەکرد. سرووشت بووە بەشێک لە پێکهاتە شعرییەکانم، بۆ گێڕانەوە و لێکچوواندن، یان نزیککردنەوەی رەوشی ناوەوە و دەرەوەم".

سەرەڕای جیاوازیی زمانی دەربڕین، بەڵام لە هەرسێ شیعری "شەڕ، تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی رۆژئاوا و سەبەتە کۆترێکی رژاو"، هەست بە هارمۆنیایەک دەکەین، راچەنین و یاخیبوونی شاعیر لە جەنگ و نەهامەتییەکانی. ئەو، روونتر قسەیان لەبارەوە دەکات و دەڵێت: "لە شیعری شەڕ، پەیامەکە بە زمانێکی روون نووسراوە، بەڵام لە تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی رۆژئاوا و سەبەتە کۆترێکی رژاو، سومبل و دەمامک بۆ جوانکردنی شیعرەکە، نەک دوورکەوتنەوە لە زمانی دڵ و هونەر، بەکارهاتووە. بە وێنەی شیعری وردەکاریم لەسەر کاریگەریی شەڕ لەسەر ژیان و شەقام پیشانداوە. لەو سێ شیعرەدا هەوڵ دەدەم دیمەنی قێزەوەنی شەڕ پیشان بدەم".

شاعیر لە شوێنێکدا دەڵێت شیعری (شەڕ)، مانیفێستی منە. پرسیمان: ئەم مانیفێستە لە پای چی و رووبەرەوکێ؟ لە وەڵامدا گوتی: "ئەو شیعرەم لە 1996-1997 رووبەڕووی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی نووسی. هەتا ئێستاش بە مانیفێستی خۆمی دەزانم. جگە لەو شیعرە لەدژی ئەو شەڕە، ساڵی- 1996 1997 هەڵوێستی بێلایەنیم لەو شەڕەی نووسەرانی کوردیشی دابەشی سەر دووبەرە کردبوو وەرگرت، زێد و ئەوەی هەمبوو، بەجێمهێشت، بۆ بڕینی سنوورەکان، چارەنووسی خۆم دایە دەست قاچاخچیان".

بەرزنجی رووداکاتە هەندەران و بوێرانە دەڵێ (هەڵاتم)، وەلێ لەوێشدا دەرگیری ئازاری برینی یادەوەرییەکانی ئێرەیە و بۆی ناشاردرێتەوە و ئەوەش بە دایکییەوە دەیبەستێتەوە: "ئێستایش بە شانازییەوە دەڵێم: لە شەڕی کورد و کورد هەڵاتم، بەڵام لە زێدم، نیشتمانم و یادەوەرییەکانم هەڵنەهاتووم. لەگەڵ خۆم بردمنە تاراوگە. کاتێ من لە هەولێر لەدایکبووم، منداڵ بووم، رەش و سپی بوو، ئێستا ئەو هەولێرە نییە کە من لێی لەدایکبووم. پەیوەندیم بەو کات و




ئەتمۆسفێرەی ئەوکاتە لەگەڵە، ئەوەیش لە هەموو شوێنێک زیاتر بیر لە هەولێر دەکەمەوە. لە وێندەر هەست دەکەم بە تەواوی خۆمم. وەک ئۆرهان پامۆک دەڵێ: دایکت لەکوێ بێت، ئەوێندەر ماڵتە، منیش هێشتا دایکم لە هەولێرە".

لە تەمەنی پەنجا ساڵی نزیک بوو کە چووە هەندەران، لەو دۆخە ناسەقامگیر و نائارامییە رۆحییەی ئێرە و سەرکردن بە تەنیایی و غوربەتی تاراوگەدا، چۆن توانیویەتی بێتەوە سەر پێیەکانی و تێهەڵچێتەوە، بۆ خۆی چیرۆکێکی دیکەیە کە لە سایەیدا خەڵاتکراوە "ئەوە چیرۆکێکی درێژە، (پیاوێکی بێجامە شین)ی لێکەوتەوە. هەوڵ دەدەم لێرە هەندێک گرتەی ئەو گەشتە بگێڕمەوە. دوای ئەوەی لە 1996 لەشەڕ هەڵاتم، چوومە تورکیا. لەوێشەوە ئۆکراینا. لە فرۆکەخانەی ئۆکراینا دیپۆتیان کردمەوە تورکیا. 11 مانگ لە تورکیا مامەوە، ئەوکات رەوشی تورکیا وەک ئێستا نەبوو کە رۆژانە گەشتی ئاسمانی لە نێوان کوردستان و تورکیا هەبێت، لە سوڵتان ئەحمەد و تەقسیم دەیان کورد ببینی، کوردەکانی تورکیاش نەدەوێران بڵێن کوردین. بەر دەرگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئەنقەرە هەمیشە چەند کوردێکی پەناهەندەی لێبوو. ئەوکات فەیسبووک و تویتەر نەبوو بۆ زانیاری و هەواڵی کوردستان، دەبوایە بچیتە ئەوێندەر. ئەو 11 مانگە من بێ ئیقامەی پۆلیس لە تورکیا بووم. لەترسی گرتن زوو زوو جێگەی خۆمم دەگۆڕی. ئەو ماوەیە بە تەواوی لە نووسین دابڕام. دوای ئەوەی لە ساڵی 1998 حکومەتی کەنەدا بردمیە وڵاتەکەی، هەر زوو زانیم لەو وڵاتە ئازادی رادەبڕین هەیە و نووسەر لەسەر بیروباوەڕ ئازار نادرێت، بەڵام فێربوونی زمان، دۆزینەوەی کار، فیت بوون لەناو سیستەم، باوکایەتی لەناو کولتوورێکی جیاواز، دوورکەوتنەوە لە زێد و ژیانی تاراوگە، کۆسپی گەورەبوون لە پێش سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی ژیان. دەمزانی وردە وردە بەسەر ئەو بەربەستانەدا زاڵ دەبم، بەڵام ئەوەی نیگەرانی کردبووم، ئەوەبوو چۆن بتوانم جارێکی تر ببمەوە نووسەر. لەڕێگەی برادەرێکی نووسەری کەنەدی پەیوەندیم لەگەڵ کۆمیونەتی نووسەرانی ئەو شارەی لێی دەژیام دروست بوو، بوومە ئەندام لە کۆمەڵەی پیاسەی شاعیران، سەندیکای نووسەرانی هەرێمی ئەلبێرتا، نووسەرانی نێونەتەوەیی کەنەدا (پێن). بۆ ماوەی ساڵێک دوو نووسینگەم هەبوو، یەکیان لە کتێبخانەی شارەکە، ئەوەیتر لە زانکۆی ئەلبێرتا. دەستبەتاڵ بووم بۆ نووسین. ئەو ماوەیە دەیان کۆڕم لەسەر نووسین لەژێر سانسۆر و ئەزموونی نووسینی خۆم لە زانکۆ و سەنتەرە ئەدەبی و کولتوورییەکان لە کەنەدا پێشکەش کرد. لە دەیان کۆنفراس بەشدار بووم، شیعرم لە گۆڤار و رۆژنامەکانی کەنەدا بڵاوکردەوە. ساڵی 1987-1988 لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی گشتی، لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی گیرام. ئەو ئەزموونە تاڵەم لە یادەوەریمدا هەڵگرتبوو، لە 2011 چیرۆکی ژیانم کە لە چیرۆکی نەتەوەکەم جیاناکرێتەوە، لە فۆرمی رۆمان بە زمانی ئینگلیزی بەناوی (پیاوێکی بێجامە شین ) لە کەنەدا، ئەمریکا و دەیان ماڵپەڕ و ئای بووک بڵاوبووەوە، دوو جار بووە پڕ فرۆشترین کتێب، هەتا ئێستا دوو خەڵاتی کەنەی و دوو خەڵاتی نێونەتەوەیی بردۆتەوە. لە پێشبڕکێیەکی خوێندنەوەی دنیا لەڕێگەی کتێبی نووسەرانی 196 وڵاتی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە بەریتانیا کرا، (پیاوێکی بێجامەشین) ی نووسەری وڵاتێک کە هێشتا ئەندام نییە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، خەڵاتی یەکەمی بردەوە. خەون بینین، بۆ پێشەوە روانین و بڕوا بەخۆبوون، وایانکرد بەمجۆرە دەستپێبکەمەوە".

لە بەرزنجیم پرسی: "یادەوەری زیندانم/پیاوێکی بێجامەشین" یاداشتکردنی بیرەوەرییەکانە، یان رۆمان؟ روونتر بڵێم، هەوڵ و دەستپێکێک نییە بۆ ئەزموونکردنی نووسینی رۆمان؟ ئەی لەگەڵ نووسینەوەی ئەزموونی سەفەری 2008 بە کوێ گەیشتی؟

ئەو گوتی: "پیاوێکی بێجامەشین لە فۆرمی رۆماندایە. زۆربەی ئەوانەی لەسەریان نووسیوە، دەڵێن: جەلال بە زمانێکی روون و کوالێتیەکی هونەریی بەرز، چیرۆکی ژیانی خۆی گێڕاوەتەوە. (برتن) نووسەرێکی بەناوبانگی کەنەدایە، 50 کتێبی چاپکراوی هەیە، لە داسن، نزیک ئالاسکا، لە بەستەڵەکی باکوور ماڵێکی هەیە، پێش ئەوەی بمرێت، پێشکەشی نووسەرانی نێونەتەوەیی کەنەدی (پێن)ی کردووە، پێنیش کردوویەتی بە پرۆگرام، هەر سێ مانگ جارێک رێز لە نووسەرێکی ناسراوی کەنەدی دەنێن و لەسەر ئەرکی PEN، دەینێرنە ئەو شوێنە، بۆ ئەوەی دەستبەتاڵ بێت بۆ نووسین. کاتی خۆی جاک لەندەنی رۆماننووس و رۆبەرت سێرڤسی شاعیریش چوونەتە ئەو شوێنە. ساڵی 2008 نووسەرانی نێونەتەوەیی جارێکی دیکە رێزیان لێنام، منیش لە مانگی بەفرانبار کە پلەی گەرما 70 لەژێر سفر بوو، چوومە ئەو شوێنە. ئەزموونی ئەو گەشتەم کردووە بە رۆمانێک، ئەو ماوەی لە کوردستان بووم، تەواوم کرد".

(ناوم بنێن ماڵەوە)، بە قەد نامەئلوفی ناونیشانی دەقەکە لە زەینی خوێنەردا، کەچی کەرەستە و دەربڕینەکانی نزیکترین شتی مرۆڤ خۆیین. روونتر بڵێم: کە (ناوم بنێن ماڵەوە) دەخوێنینەوە، هەست دەکەین شاعیر خۆی نووسیوەتەوە. نۆستالژیا رووخسارە هەرە گەشەکەیەتی. بە مانایەکی دیکە دیزانکردنەوەی یادەوەرییە لە فۆرمێکی ئەدەبیدا. لەم دەقەدا شاعیر دەستوپەنجەی لەگەڵ شتە نزیکەکاندا گەرم کردووە و دەڵێ: "زۆرجار لە شیعردا نامەئلوف دەبێت بە مەئلوف و مەئلوفیش لە دیمەنێکی شیعریدا، دەبێتە نامەئلوف. زۆرجار دیمەن و گرتە شیعرییەکان بەشێکن لێمان، یان زۆر نزیکن، راوچییەکی باشی دەوێت بە کەرەستەی هونەری و جوان، ئەو دیمەنانە راو بکات و بیانخاتە ناو وشە. لە کۆمەڵە شیعری (ناوم بنێن ماڵەوە)، دیمەنەکان لە ژیانی سیخناخبووی تاراوگە هەڵێنجراون. لەو شیعرانەدا مەودام داوە بە خوێنەر، تاوەکو لەگەڵ خوێندنەوەیان هەستی رەنگبداتەوە و لێکدانەوەی خۆی بۆ بکات. رەنگە لەو شیعرانەدا هەوڵم دابێت ئەتمۆسفێرێکی ئارام و خۆشییەک بۆ خۆم دروستبکەم. هەرچەندە رابردوو بەشێکە لە یادەوەریمان، بەڵام ناتوانین بیگۆڕین. من خۆم لە گریانی رۆمانسییانە بەسەر رابردوودا، بەدوور دەگرم، بەڵام ئەوەش مانای وانییە لە ڕێگەی وشە و بە چاوی منداڵێکی گەورەی ناخی شاعیرێک، زیندوویان نەکەمەوە".

بەرزنجی دوای ئەو هەموو تەمەن و ئەزموونە، پاش گیرسانەوە و سەقامگیربوون لە تاراوگە، منداڵی ناوەوەی هەر بێدارە و دەڵێ: "ئەو منداڵەی ناخم، پێش ئەوەی سانسۆر وای لێبکات وەک گەوران بیربکاتەوە و دونیا ببینێ، بێدارە، رابردووم بۆ دەگێڕێتەوە. حەزدەکەم هەتا ماوم ئەو رابەرایەتیم بکات".

مەبەستم نییە بڵێم کە نووسەران بۆ خەڵات و خۆدەرخستن دەنووسن، بەڵام جەلال بەرزنجی لە تاراوگە لەپای کار و چالاکییە ئەدەبییەکانی و تەنانەت لەسەر توانای راهاتن لەگەڵ ژینگە و کۆمەڵگە و کولتووری نوێ خەڵات دەکرێت، ئاخۆ لە نیشتیمانی خۆی ئەگەر بەشێوەیەکی سیمبولیش بێت بۆچی رێز لە کارەکانی نەگیراوە و خەڵات نەکراوە؟ بەرزنجی بە خاکەڕایی و جۆرێکیش لە گلەیی دەڵێت: "گرنگیی خەڵاتکردن لەوەدا نییە ناوت لەسەر پارچە برۆنزێک دەنووسرێت و پێشکەشت دەکرێت. گرنگی خەڵات لەوەدایە بە کارەکانت دەزانرێ و رێزیان لێدەگیرێ. لە کەنەدا لەسەر ئەو کتێبانەی چیرۆکی تراژیدی کوردم بە دونیا ناساندووە، خەڵاتیان کردووم، بەڵام لەبەر ئەوەی من نووسەرێکی سەربەستم، بەداخەوە هێشتا لە کوردستان رێز لە ئەدەب و رۆشنبیری ناگیرێ، کاریگەری حیزبیش لە خەڵاتکردن و رێزلێنانی ئەدیبباندا هەیە. بۆیە نەک هەر خەڵات نەکراوم، بگرە هێشتا لە میدیاکانیشدا بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگی بەو چالاکییانەم نەدراوە. رۆژێک لەگەڵ برادەرێک باسی ئەو بابەتەمان دەکرد، گوتی "ئەگەر سەر بە حیزبێکی کوردستان بایت، لەوێندەرەوە کامێرایان دەنارد بۆ رووماڵکردنی ئەو خەڵاتانەی وەریاندەگری".

لە نێوان دەقی شیعری "هەمیشە لە پشت ئاسمان، پەنجەرەیەکی شین دیارە" لەگەڵ یادەوەرییەکانی "پیاوێکی بێجامەشین"، رەنگێک سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ: "شین"! جۆرێک لە پەیوەستبوونی شاعیر بەو رەنگەوە دەبینرێت و ئەو خۆیشی ددان بەوەدا دەنێت و دەڵێت: "هەر لە منداڵییەوە رەنگی شینم خۆشدەوێ. رەنگی شین، ئارامی، هەستکردن بە ئاشتیم پێدەدات. ئێوارەی 1986/2/8 کە چەند پیکابێکی دائیرەی ئەمن لە هەولێر بەسەر ماڵەکەمیاندا داو قۆڵبەستیان کردم، بێجامەیەکی شینم لەبەردا بوو، هەر ئەوەش بووە ناونیشانی یادەوەرییەکانم".

چەند رۆژێک پێش ئێستا جەلال بەرزنجی شاعیر گەڕایەوە کەنەدا، لەوێ بەبێ پشوودان بە شوێن کتێبە شیعرییەکەیەوە چوو، کە کراوەتە ئینگلیزی و لەلایەن زانکۆی ئەلبێرتا چاپکراوە و باسی ئەو ئەزموونەمان بۆ دەکات "هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی دیوانی سەمای بەفری ئێواران 1997، گەرم نەبوونەوە 1985، بارانی رەحمەت 2003، یادەوەری کەسێکی بەربا 2004، ناوم بنێن ماڵەوە 2006، هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەداکان 2009 ، بەیەکەوە تەنیاین، بە ئینگلیزی لە 2015/2/18 لەلایەن زانکۆی ئەلبێرتا لە کەنەدا چاپکرا. منیش شەوی 2/24/ 2015 لە کوردستانەوە گەڕامەوە کەنەدا. بەیانییەکەی چوومە نووسینگەی چاپخانەی زانکۆی ئەلبێرتا، ستافی چاپخانە زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێکردم. بەدەستەوەگرتنی کتێبەکەم ماندووبوونی 32 سەعات رێگای بیربردمەوە".

وا بڕیارە ئێوارەی رۆژی 2015/4/25 لە هۆڵی یانەی زانکۆی ئەلبێرتا لە ژێر تایتلی (کۆکتێلی ئەدەبی) ئاهەنگی ئیمزاکردنی بۆ بکرێت.



پشتیوان عەلی

# مردنم رزگارکردنی دونیایە لە دەستی دونیا خۆی



ژیان ڕەگەزێکی توندە
دڵم پارچەیەکە لە گوناهێکی زەرد، خەڵکی بنەماڵەی منن
من نەریتی میوانداری نازانم، مێرووەکان باوەڕی کۆنی ئێمەن
چەقۆ لێدوانی منە، مردنم رزگارکردنی دونیایە لە دەستی دونیا خۆی

بەتەنیشت جیهانەوە ناتەواویم ڕێگە دەگرێ
ڕێگاکەم ژانی ئەم تێپەڕینە لەئێسکەکانیدا ونە
سوێند و دەربەستیم پێکەوە لە قووڵاییدا جێگە دەگرن
خرۆشانم ئەم زەمینە لە ئالآنێکی نوێ گیردەکات
لەجوڵە و دەربەستی رامدەگرێ شێوەی ئەم پەیداکارە ئەمباتە بناری کێوێکی ئەستوور

ئازارەکانم لەپەیوەندیدان گیانی بەرەنگاریم لەوەدایە ئاشنابێت
هێزی نیشتوو بێدەربەست بە دەمارەکانمدا ئەگەڕێ
چاوی خەواڵوو نیگاکردنی ئەم کێوانە ئەبێتە ئەدگاری
ئازایەتیم دادوەریم ئەکات، مەزنیم مەوداکان ئەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی

ئاسمان لە دوورەوە هی من بوو، دارایی و خەونەکانم باوەڕم بوون
ناکارایی هەستەوەریم بوو بەرامبەر سۆزداریم
جیاکاری پەیوەستبوونم مانایەکی شێوەداربوو
ئامانج لە گەڕاوان ناوێکی ڕۆشن بوو لە ئارەزوومەندانی جێگیر

هەوادار، دوور لە شادی شارەکان گوزەرام
هۆداریم بەرەو داڕووخانێکی سەیر برد
تووشی هەڵگەڕانەوە لە ئەخلاقی خۆم بووم، پایەداریم فەرامۆش کرد
ڕۆیشتم لەگەڵ ئەو خەڵکانەی لە هەوەس و تێکشکاندا ئەلەرزین

لە وێستگە و چاوەڕوانی و گەشتە دوورەکان نەگەیشتم
ئازیزانم بەخەون و ئازارەکانیانەوە جێهێشت
پەسەندی شوێن و مانەوەم تیایدا نەکرد، لەو دوورانە بەشوێن ناوێکەوە بووم
بۆ گەڕان یاوەرم شتە لە دەستچووەکان بوو، خوێنم ترساوی جێمان بوو لە باوەشی ئاسیای بچووک

لە هۆشیاری دونیا نەخۆش کەوتم
لاوازیم کەوتە دەست خەڵکی، جێگیربوونم ئارەزوویەکی لاوازبوو
ناوی مەزن شۆڕەتێک بوو، بۆ ئەوەی لەپاڵیدا بژیم

ئازادیم هۆشمەندانە خۆشویست
بۆ دیدەنی دونیا لە ژوان بووم ، جیهان بە هەموو واتایەک جەنجاڵ بوو
بوونم بە ئاگاییەوە لێرە بوو
هاوڵێیەک بۆ بیرکردنەوەکانم نەهاتەپێش
ئاشنا و پەرۆش بە نیگەرانییەوە دەژیام
بریندار و جێماو لە نێوان ئەم بەردانەدا لاشەم جێکەوتەی وەفابوو
...

بەسامێکەوە بەتەنیشت ئەم ئامێزانەدا ئەڕۆیشتم
بێ پایانیی ئەم گیانە ماندووە نەناس بوو.
ڕووتیم گیانی بیرکردنەوە بوو لەجلەکان
ئالۆزیی بوونم بەژیانمەوە هەواڵێک بوو لە نیگەرانیم.
نادیدەنیم ژوانی هەمیشەییم بوو لەگەڵ دونیا

ڕێگای دووبارە هەمیشە بەو هێمنیە ڕوون نەبوو
ترسم لەنزیکی لە گیانێکی پەیداوە باربوو
خودام بەئارامییەکەوە دەژیا
دووبارە هەرای ڕەنگین و نازەنین دەربەستی ڕۆژانی خۆی بوو
لاساری و سۆزی ئەم دیوارانە لەپەنامدا ئەکەوتن. ئاپۆڕەی ئاوەدانی مردووان دەنگدانەوەی بیرکردنەوەی خۆم بوو

بەنیگای سوور و هەڵچوونەکانمەوە دووبارە تێدەپەڕیم
نەویو و نووساو، قورساییم هاوەڵی تەنیاییم بوو
حەزی گیرۆدە بەندبوو بە ئارەزوویەکی توندەوە
باری شێواو نزیک بە بەرزاییەکان بانگی دەکردم
ئاسمانم بە هەموو توانایەوە دەبینی، دۆزەرەوەی ڕۆشناییەک لەسەر چاوەکانم بوو

لە گەردوون رادەمام و بە تووڕەییەکی زۆرەوە نیگارم بە هەوادا بلاودەبووەوە
دڕ و خوێناوی، باوەڕم لە بەردەم ڕیزێک ڕۆژی وشک و بێ تاودا جێدەهێشت
پەرۆشیم بۆ ئازارەکانم زیاد ئەبوو ... رقم ئەگۆڕا
وتنی ژمارەی دانیشتووان بێزاری ئەکردم
دەبەنگ دەبووم لەو شوێنەوەی کە تەماشای هەستکردن بە دونیا لەدایک دەبوو

# هەڵەی زمانەوانیی ڕۆژنامەنووس و نووسەران



**هەرمان سوڵتانی**

–ڕووبەڕووبوونــەوە: دەســتەواژەی ڕووبەڕووبوونــەوە، واتــە بەرەنگاربوونــەوە. کەچــی لــە زمانــی ڕاگەیاندنی کوردیــدا ڕێک بە پێچەوانــە بەکاردەهێنــرێ. بۆ وێنە دەنووســن: کۆبانــێ ڕووبەڕووی کاولبــوون بووەتەوە. لەبری ئەوەی بڵێن: کۆبانێ کاول بووە. کۆبانێ کاول کراوە. ئەم دەستەواژەیە لە کوردیدا ئاوا بەکاردەهێنرێ:

ئەمڕۆ پێشــمەرگە لــە بەرەی خــازر ڕووبەڕووی داعــش بوونەوە. ڕووبەڕووبوونەوە واتە بەرەنگاربوونەوە، نەک تووشبوون. ناکرێ بڵێی سلێمانی ڕووبەڕووی بوومەلەرزە بووەتەوە. چونکە بوومەلەرزە فرمانی خۆی هەیە. دەبێ بڵێین بوومەلەرزەیەکی سووک لە سلێمانی داوە.

– لێکۆڵینــەوەی لەســەر دەکــەم، هەڵەیــە. کــورد دەڵــێ: لێــی دەکۆڵمەوە. نموونە لە رســتەدا: ئەو بابەتەی باســمان کرد، هێشــتا لێمان ڕوون نییە و دڵنیابن لێی دەکۆڵمەوە.

– بەدواداچوونــی بۆ دەکەم: هەڵەیە، کــورد دەڵێ بەدوایدا دەچم. ئاخر کەس هەیە ئەگەر شــەوێ کوڕەکــەی نەهاتەوە ماڵێ، یان دیار نەما، بە پۆلیس بڵێ بەدواداچوون بکەن بۆ کوڕەکەم؟ یان بڵێ ئەوە بەدواداچوونی بۆ دەکەم بزانم لە کوێیە؟ کورد لێرەدا دەڵێ:

ئــەوە بەدوایدا دەچم. تکایە بەدوایدا بچن. ... دەی کوڕی گەورەم هەستە بەدوای برا بچووکەکەتدا بچۆ بزانە چیی بەسەرهاتووە.

– دەســتەواژەی (لەلایــەن خۆمــەوە) بــەردەوام بە هەڵە دەنووســرێت. لەلایــەن خۆمەوە، یــان لەلایەن خۆیەوە، لە راســتیدا بــە مانــای ئەوەیە، خۆی نەیکــردووە، بگرە ناڕاســتەوخۆ یەکێک لە نوێنەرایەتیــی ئــەو کردوویەتــی. نموونەی ڕوون لە زمانــی کوردیدا، دەڵێ: کە چوویەوە، لەلایەن منەوە سڵاوی بگەیەنە و هەردوو چاویم بۆ ماچ بکە.

یان ئەگەر فلانە کەست بینی، لە لایەن منەوە پێی بڵێ....

بــەڵام لێــرە ڕۆژنامەنووســی کــورد ڕێــک بــە پێچەوانــەوە ئــەم دەستەواژەیە بەکاردێنن، چونکە لە مانا و کاکڵەکەی تێنەگەیون:

ئەوەتا دەنووسن: کاری وێنەگرتنەکەی "لەلایەن خۆمەوە" بۆ کراوە.

ئــەم ڕســتەیە، لە زۆربــەی هەرە زۆری ئــەو ڕاپۆرتانــەدا بەرچاو دەکەوێــت، کــە باسوخواســەکانی پەیوەندیدار بە کلیــپ و هونەر بۆ ڕۆژنامــە و گۆڤارەکان دەنێرن و داڕشــتەکەی هەڵەیە. دەســتەواژەی (لەلایەن خۆمەوە) مانای ئەوەیە خۆم نەمکردووە، بەڵکو ڕامسپاردووە بۆمی بکەن. باشە ئەگەر خۆم کردوومە، بۆ ناڵێم خۆم کردوومە؟ بۆ دەبێ لە لایەن منەوە کرابێ؟



گۆران محەممەد

# جاعش

خۆ مەرج نییە هەموو داعشێک سەتی سەت داعش بێت، ئاخر تەنیا ئەو کەسە سەتی سەت داعشە کە چەکی بۆ خەلیفەکەی مووسڵ هەڵگرتووە. با ئەوانە حەواڵەی فرۆکەی هاوپەیمانان بن و ئێمە خەم لە جۆر و پلەکانی دیکەی داعش بخۆین.


وەک چۆن هەموو بەهەشتییەک یەکسان نییە و لەوێ پلەبەندیی هەیە، وەک چۆن دۆزەخییەکانیش یەکسان نین و لەوێش فرە لێقڵ هەس، ئاوهاش هەموو داعشییەک چوونیەک نین، نەک هەر وەکو یەک نین، بەڵکو بەدران حەبیب گوتەنی، جۆرەیلی داعش فرەترن. مەلا خرە (نازناوی مەلا شوان) ناکرێ تەنیا داعش بێت و تەواو، ئاخر ئەو هاوزەمان جاش و داعشە، خۆ دەکرێ بڵێین جاعشە، جا قوربان ئەو جاعشە خاوەن هەڵوێست و بوێرە، ئاخر ئەو باکی بە هەموو ئوممەتی موحەممەد نەبوو بە رۆژی نیوەڕۆ دوای خەلیفە کەوت، کێ گرەنتی دەدا، کۆمەڵە جاعشێکی ئاوها، لێ ترسنۆک، هێشتا شانەی خەوتوو نەبن؟

قوربان هەشە کەرەستەی دەستی داعشە، یانی ئەو داشی دەستی داعشە و داعشی تەواو نییە، ئەوانە هەندێکیان لەو عەرەبۆک و مەرەبۆکی ئەو گوند و موندانەن کە بە شەو داعش و بە رۆژ شوانی مەڕن.

نموونەی وەک مەلا کەتەریش هەیە کە نەک هەر داعشە، بەڵکو پیس داعشە، ئاخر ئەو بە ئاشکرا جنێو بەو سەرکردانەی کورد دەدا کە وان لەبەرەی شەڕ، کەچی بە زاری پۆخڵیدا نایەت بە خەراپە ناوی جەنابی خەلیفە ببات. کەچی هەر مەلا کەتەر لەوانە مەردترە کە لە فەیسبووک بە ناوی خوازراوەوە بەرگری لەو کەتەروەشێنە دەکەن، ئاخر ئەوانە نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی جاعشیش بن. لە بادینان، حیز یانی ترسنۆک، لەو روانگەیەوە، دەکرێ ئەوانەی روویان نایەت بە ناوی راستەقینەی خۆیانەوە بەرگری لە مەلا کەتەر بکەن، ناوبنێین، حیزەداعش.

لەسەر کێشی سەوزە و مەوزە، چیمەن و میمەن، کە یەکەمیان واتادارە و دووەمیان بێ واتا، داعش و ماعشیش هەیە، داعش مەعلوومن، ماعشیش دەشێ هەندێ تورکمان بن لە بەرگی حەشدی شەعبیدا. خۆ داعش مەرج نییە هەر ئەهلی سوننە بن، ئاخر حەشدی داعش، ئەگەر لە سوپاکەی خەلیفە دڕندەتر نەبن، هەرگیز دلۆڤانتر نین، جا ئەوانە چونکە ئێستا شیعەن و سبەی ئەگەری داعشبوونیان زۆرە، لەوانەیە ناویان ببێتە شاعش.

ئەو مەلا بێ ئیشانەش کە ئەمیان لە هەشتی مارسدا هێرش دەکاتە سەر ئافرەتی سفوور و ئەویان لە ڤالانتایندا پەلاماری گەنجێکی کڵۆڵ دەدا، ئەوانە نەرمە داعشن و هیچ مەترسییەکیان نییە، بە پێچەوانەوە ئەوانە کەرەستەی جۆک و بەرهەمهێنانی خەندەن، ئاخر لە کن ئەو مەلایەی پێیوایە سمێڵ و ریشتاشین کەمدینییە، هیچ دوور نییە بزن، لەبەر زۆر تووکیی، ئیمام بێ.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# سیاسەت و سێبەری چەک

کودەتای سەربازیی 12ی ئەیلولی 1980 لە تورکیا، بە راماڵینی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی باکوور، هەم فەزای سیاسیی وڵاتی میلیتاریزە کرد و هەمیش وایکرد کە پەکەکە ببێتە هێزێکی بێ رکابەر و تاکە دەمڕاست و نوێنەری کورد لە تورکیا. لەو مێژووە بەدواوە، لەلایەک حکومەتی عەسکەرتاریی تورکیا و لەلایەکەی دیکەشەوە پەکەکە، نە رێگەیان دا هێزێکی کاریگەری سیاسی لە کوردستانی باکوور بێتە ئاراوە، نە بواری ئەوەشیان دا کە گرووپی دیکەی چەکداری دروست بن (جگە لە پاسەوانی گوند کە وەک هێزی کوردی لایەنگری دەوڵەت، لە دژی پەکەکە چەکدار کران).

لە سێ دەیەی رابردوودا، ئەو چەکەی پەکەکە بۆ خەبات لەدژی تورکیا هەڵیگرت، چەند لە خزمەتی لێدانی بەرژەوەندییەکانی تورکیادا بووبێت، هێندەش بۆ سەرکوتکردن و چاوترساندنی نەیارانی پەکەکە بەکارهاتووە. ئەوەش شتێکی نامۆ نییە لە مێژووی خەباتی چەکداریی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. چونکە کورد لە هەر چوار پارچە، بزووتنەوە چەکدارییەکانیان لە پاڵ شەڕ لەدژی لەشکری وڵاتان، شەڕی خۆبەخۆشیان کردووە، تا فیشەکێکیان بە داگیرکەرەوە ناوە، دووانیشیان لەخۆیان داوە.

لەو رۆژانەدا بانگەوازە چاوەڕوانکراوەکەی ئۆجەلان سەبارەت بە چەکداماڵین لە پەکەکە راگەیەندرا. میدیای تورکیا ئەو بانگەوازە و ئەو رۆژەیان بە رۆژێکی مێژوویی وەسف کرد! بەڵام ئایا پەکەکە دەتوانێ ئەو خواستە دێرینەی تورکیا بێنێتە دی؟ چونکە تورکەکان لەو رۆژەوەی باسی پرۆسەی ئاشتی دەکەن سەریان لە خۆیان و خەڵکیش شێواندووە. جارێ هەر دەستەواژەی پرۆسەی ئاشتی یان چارەسەری دەستەواژەیەکی هەڵەیە. بۆ؟ ئاشتی لەگەڵ کێ و چی چارەسەر دەکەن؟ بەرامبەری دەستەواژەی پرۆسەی ئاشتی لای تورکیا ئەوەیە کە پەکەکە بێ قەید و شەرت چەکەکانیان تەسلیمی تورکیا بکەن و بچنە بەردەم دادگا و ئەگەر شمولی کردن ئەوا سزا وەربگرن، دەنا بچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان! واتا کە پەکەکە چەکی پێ نەما، ئەوا لە تورکیا ئاشتی بەرقەرار بووە! ئەم تێزە ناکۆکە لەگەڵ مێژووی تورکیا. تورکیایەک کە تەنها لە دوای دامەزراندنی کۆمارەوە لە 1923 وە تا ئێستا نزیکەی 25 راپەڕین و سەرهەڵدانی بەخۆوەبینیوە کە ئامانجی زۆربەیان بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان بوونە. ئینجا دەستەواژەی پرۆسەی چارەسەری ئەویش هەر راست نییە، چونکە دەوڵەتی تورکیا باوەڕی بەوە نییە کێشەیەک بەناوی کێشەی کورد لەو وڵاتە هەبێت، بگرە ئەوان پێیانوایە کە دەوڵەتی مەرکەزگەرا، لە سۆنگەی ئەوەی کورد لە تورکیا مافیان نەبێ، هەندێک مافیان لە خەڵکی تورک و غەیرە تورک زەوت کردووە و ئێستا ئەوان ئەو مافە مەدەنیانە دەگەڕێننەوە. پێشیانوایە بە گەڕانەوەی ئەو مافانە نە کورد، نە تورک، نە لاز و نە چەرکەس لە ژێر یەک ئاڵا و لەنێو پێناسی گەلی تورکدا هیچ کێشەیەکیان نامێنێ!

ئەو 10 ماددەیەی کە لەلایەن ئیمراڵییەوە (واتا ئۆجەلان) بۆ دانوستاندن و خەباتی سیاسی دیاریکراون، مادده گەلێکن کە ئەمڕۆ خەباتکردن بۆیان پێویستی بە چەک نییە، چونکە ئەزموونی 30 ساڵی رابردوو نیشانی داین کە پەکەکە پتر لەوەی چەک بۆ کۆنترۆڵکردن و پاراستنی خاکی کوردستانی باکوور بەکاربێنێ، وەک ئامرازێکی گوشار لە دژی تورکیا و هێزە کوردییەکانی دیکە لە ناوەوە و دەرەوەی باکووری کوردستان بەکاردێنێت. هەندێکجاریش چەکەکەی لە بەرژەوەندیی وڵاتانی ئیقلیمی دەخاتەگەڕ. ئەگەر مەتڵەبی پەکەکە لە ئێستای ناوچەکەدا کارکردن نەبێ بۆ دروستبوونی کیانێکی نەتەوەیی لە کوردستانی باکوور، ئەوا هیچ بیانوویەکیان بۆ بەکارهێنانی چەک لە دژی تورکیا نەماوە، چونکە ئەوان ئێستا پتر لەوەی کار بۆ کیانی نەتەوەیی بکەن، کەوتوونەتە دەردی ئەوەی کە تورکیا وەک دەوڵەتێکی عەلمانی بمێنێتەوە و بتوانن باڵە سیاسییەکەی ناو تورکیایان وەکو حیزبێکی سەرتاسەری نیشان بدەن کە جگە لە کورد خەڵکی دیکەش دەنگیان پێبدات.

ئەستەمە پەکەکە، واتا ئەوانەی لە قەندیلن وا بە ئاسانی دەستبەرداری چەک بن، راستە جارێ لە دژی تورکیا بەکاری ناهێنن، بەڵام لە زۆر مەیدانی دیکەدا پێویستیان بە چەکە. چونکە ناوچەکە میلیشیای لێ هەڵدەقوڵێ و مانەوەی پەکەکەش وەک هێزێکی سیاسیی کاریگەر چ لەسەر ئاستی کوردستان و چ لەسەر ئاستی ئیقلیمی پێویست دەکات کە چەکی پێبێت.



عارف قوربانی

# راگەیەندراوەکەی ئۆجەلان و بێدەنگبوونی هەولێر

گەرچی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای گفتوگۆکانی لێکگەیشتن و پاشان لە قۆناغەکانی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا وەک نێوەندگیر لە نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا بەشدار بووە، بەڵام ئەوەی مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، بێدەنگیی ناوەند و دامەزراوە شەرعیەکانی هەرێمی کوردستانە لەمەڕ راگەیاندنی دوا پەیامی ئۆجەلان. بەتایبەتیش کە راگەیەندراوی ئەمجارە پێچەوانەی رابردوو، جۆرێک لە دانپێدانان و خستنە قاڵبی فەرمی دەوڵەتی تورکیا بوو بە پەکەکە و راگەیاندنی گفتوگۆ و رێگەی چارەسەری بۆ پرسی کورد لە تورکیا.

پێشتر کە جۆرێک لە راگەیەندراوی تاک لایەنە لە راگرتنی شەڕ لە دەستپێکردنی قۆناغی چارەسەری لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتی یاخود لە پرسی دیموکراسیدا، کورد وەک پەراوێزێک و پەکەکەش بە ناڕاستەوخۆ دەخرایە ناو پرۆسەکەوە، هەرێمی کوردستان خۆی دەکرد بە خاوەن و شانازی بە رۆڵ و پێگەی خۆیەوە دەکرد وەک کارتێکەرێک لەسەر رەوشی باکوور.

بەڵام ئێستا بۆ یەکەمینجارە لە مێژووی تورکیای دوای عوسمانی کە لە راگەیەندراو و لە نمایشێکی دیبلۆماسیدا وتووێژی فەرمیی نێوان کورد و دەوڵەت بە ئاشکرا قسەی لەبارەوە بکرێت. خەڵک لە تورکیا دەزانن گفتوگۆی چارەسەری لەگەڵا ئیمراڵی بەڕێوەدەچێت، دەزانن لە دەرئەنجامی گفتوگۆی نێوان تورک و پەکەکەیە کە تفەنگەکان بێدەنگن و سەرباز ناکوژرێت، بەڵام دانپێدانان بە ئەنجامی گفتوگۆکان و راگەیەندراوی هاوبەش ئاماژەی چوونەپێشی قۆناغی زۆر گرنگن.

ئێستا لە تورکیا ترسێک نەما لە دانپێدانان بە پەکەکەو بە فەرمی مامەڵەکردن و پێکەوە هەڵبژاردنی رێگەچارەی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد، بەڵام لایەنێکی تری ئەم پرۆسەیە کە هەوێنی گفتوگۆکان و چارەسەریەکەشە، ئێستا نادیارە و هەڵوێستی روون نییە کە ئەویش هەرێمی کوردستانە. بەتایبەتی لە قۆناغەکانی رابردوودا هەرێم سڵی لە گوتنی ئەو راستییە نەکردووەتەوە کە ناوبژیوان و رۆڵی پێکگەیاندن دەگێڕێت، ئەوەی جێی پرسیارە بێدەنگیی هەرێمە لەم پرسە چارەنووسسازە.

چاوەڕوان دەکرا لەیەکەم چرکەساتی راگەیەندراوەکەدا هەڵوێستی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە پەیامەکەی ئۆجەلان رابگەیەندرایە، جێی تێڕامانێکی زۆرە هەرێم بێدەنگ بوون و هیچ ئاماژەیەک نەخرایەڕوو. بەتایبەت کە قۆناغی ئەمجارە باس لە تێپەڕاندنی قۆناغی خەباتی چەکداری دەکات و ئەم پرسە پەیوەستە بە ئایندەو ستراتیژی هەموو ناوچەکەوە.

دەبێ بۆچی هەرێمی کوردستان بێدەنگ بێت؟ ئایا جێی سەرسوڕمان نییە کە هیچ قسەیەکی فەرمی لەوبارەیەوە نابیسترێ؟

لانیکەم پێویست بوو ئەگەر تەنها بە راگەیەندراوێکیش بووە هەڵوێستی خۆی راگەیاندایە. بەتایبەتی لەبەر ئەوەی لە داهاتووی هاوکێشە هەرێمایەتیەکاندا تورکیا رۆڵی یەکلاکەرەوە لە پرسی کورد دەبینێت. نەک تەنها بۆ باکوور، بەڵکو لە ستراتیژی هەر چوار پارچەی کوردستانیشدا.

لێکەوتەی خراپی ئەم جۆرە لە سیاسەتکردن لە هەرێمی کوردستان، وێڕای دروستبوونی گومان لە هەوڵەکانی رابردووش کە دەشێ بۆ مەرام و بەرژەوەندی ئەو هەنگاوانە نرابن، نەک وەک ستراتژێک بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ناوچەکە، دامەزراوە شەرعی و هەڵبژێردراوەکانیشمان دەخاتە بەردەم پرسیارەوە، دەرفەت بۆ ئەوە خۆش دەکات جارێکی تر حیزب و هەڵوێستە حیزبیەکان دەربڕی دەنگ و رەنگی خەڵکی ئەم هەرێمەی باشوور بن، نەک دەزگا دەوڵەتیەکانی.

چونکە هەر لە یەکەم رۆژی دەستپێکردنی پرۆسەی چارەسەرییەوە لە تورکیا تا دوا راگەیەندراو کە پەیامێکی ئۆجەلان بوو، هەڵوێست و تێڕوانینی حیزبەکانی باشوور بە گەورە و بچووکیانەوە روونن لەوبارەیەوە. ئێمە خوازیاری ئەوە بووین وردە وردە هەرێمی کوردستان ئەو ئاراستە راست و دروستە بگرێتەبەر و پەرەی پێبدات کە دەزگا شەرعیەکانی دەربڕی خواست و ئیرادەی خەڵکەکەی بن. بەڵام تەراجوعی ئەم دامەزراوانە لە پرسێکی ئاوا گرنگ و چارەنووسسازدا، ریسەکانمان دەکاتەوە بە خوری.

گەرچی تازە دەبێت بە هەڵوێستێکی درەنگ وەخت، بەڵام هەم بۆ مێژوو، هەم بۆ وەرگرتنەوەی شەرعیەتی نوێنەرایەتی باشوور گرنگە هەرسێ دامەزراوەی نیشتمانی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت، راگەیەندراوی فەرمییان لەمەڕ ئەو پرسە بخەنەڕوو.



هێمن خۆشناو

# تاقیکردنەوەی کورد و ئەردۆغان تەواو بوو

نزیکەی 10 ساڵ بەسەر ئەو بەڵێنەدا تێدەپەڕێ کە رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا بە کوردی دا. رۆژی 2005/8/12 لەو کاتەی ئەردۆغان سەرۆک وەزیران بوو، لەبەر قرچەی گەرمای هاویندا بە ئامادەبوونی هەزاران کەس گوتی: "کێشەی کورد کێشەی منە".

ئەو قسەیە سەرەتایەک بوو بۆ دەستپێکردنی تاقیکردنەوەی کورد لەگەڵ ئەردۆغان. ساڵی 2008 بە گفتوگۆی میت- پەکەکە کە بە گفتوگۆکانی (ئۆسلۆ) ناسراوە، تاقیکردنەوەکە بەکردەوە دەستییپێکرد و بێ ئەنجامیش کۆتایی هات.

لە دوا رۆژەکانی ساڵی 2012 گەڕێکی تری تاقیکردنەوەکە ئەمجارەیان لە چوارچێوەی (پرۆسەی ئاشتی) دەستییپێکردەوە، بە نامەکەی ئۆجەلانیش لە نەورۆزی 2013 بە هیوای ئەزموون دەرخستن لە وانەکانی رابردوو، تاقیکردنەوەکە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. تاوەکو ئەمڕۆ ئەو گەڕەی تاقیکردنەوەکە بە دارشەق دەڕوات و بەردەوامە. بەڵام نەبوونی هەنگاوی بەرچاو مەترسی دووبارەبوونەوەی هەمان دەرئەنجامی گەڕەکانی پێشووی لەسەر ئەو گەڕەی تاقیکردنەوەکە پەیدا کرد. بۆ بەلاوەنانی مەترسیەکە چەندین جار بە پینە و پەڕۆ ویستیان بڵێن نەخێر، تەواو نەبووە، تاقیکردنەوەکە بە هەورازێکدا تێپەڕ دەبوو، پێویستی بە پشوویەک هەبوو.

رووداوەکانی ئەم رۆژانەی دوایی ناو تورکیا، پەردەی لەسەر هەموو شتەکان هەڵدایەوە، لەگەڵ خۆی نیشانەکانی کۆتاییهاتنی تاقیکردنەوەی کوردی لەگەڵ ئەردۆغان هێنا. ئیتر پینە و پەڕۆ لە توانایدا نییە چیدی حاشا لەو راستیە بکات.

بەڵام لەبەرژەوەندیی کورد و ئەردۆغانیشدایە تا دوای هەڵبژاردن کۆتاییهاتنی تاقیکردنەوەکە ئاشکرا نەکەن. هەردوولا بە گۆڕینی هاوکێشەی هەڵبژاردن لە بەرژەوەندیی خۆیان، هەوڵ دەدەن هۆکاری کۆتاییهاتنی تاقیکردنەوەکە بخەنە ئەستۆی لایەنەکەی دیکە.

ئەگەرچی هێشتا کۆتاییهاتنی تاقیکردنەوەکە رانەگەیەنراوە، ناشزانین کۆتاییهاتنەکەی بە بەرژەوەندی کامەیان تەواو دەبێت، بەڵام چیرۆکی دەست لەکارکێشانەوەی دەنگیر میر محەممەد فورات لەساڵی 2008 لە ئاکپارتی و بوونە کاندیدی HDP بۆ هەڵبژاردنی حوزەیرانی 2015 چیرۆکی دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی تاقیکردنەوەی کورد لەگەڵ ئەردۆغانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

دەنگیر فورات سیاسییەکی کوردە، بەڵام چالاکییە سیاسیەکانی لە دەرەوەی بازنەی بزووتنەوەی سیاسی کورد ئەنجامداوە. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئاکپارتی، سەردەمانێک کەسی دووەمی ئەو پارتە بووە. دوای ئەوەی ئاکپارتی بۆ جاری دووەم لەسەر یەک لە هەڵبژاردنی گشتی دەباتەوە و بە تەنیا حکومەت دروستدەکاتەوە، عەبدوڵڵا گویلیش کە کاندیدی ئاکپارتی بوو دەبێتە سەرۆک کۆمار، دەنگیر فورات لەساڵی 2008 لە کۆبوونەوەیەکی فەرمی پارتەکەی، رووی قسەکانی لە ئەردۆغان دەکات و دەڵێت: "بەڕێز سەرۆک وەزیران، هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرکۆمارمان بەڕێکرد. لە دۆسیەی داخستنی ئاکپارتی رزگارمان بوو. هەڵبژاردنێکی دیکەمان لە پێشە (هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە 29ی ئاداری 2009) پێویستە لەسەر دیدی دوارۆژمان قسە بکەین".

دەنگیر فورات دەڵێت: "لەسەردەمی دەسەڵاتی ئێمەدا موسڵمانان گەیشتنە زۆربەی مافەکانیان. بەڵام هێشتا کورد بە مافەکانی نەگەیشتووە". لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانی ئەردۆغان دەڵێ: "ئەو مافانە چین؟". میر دەنگیر فورات دەڵێ: "بۆ نموونە خوێندن بە زمانی دایک... دەزانم دەستبەجێ ئەمە زەحمەتە. بەڵام دەکرێ چەند هەنگاوێک بنێین". ئەمجارەیان ئەردۆغان گاڵتەئامێزانە دەڵێت:

"لە هەموو کون و کەلەبەرێکی باشووری رۆژهەڵات گەڕام. بە رێکەوتیش کەس داوای زمانی کوردی لێ نەکردم. ئایا کورد دەوڵەتی هەیە تاوەکو خوێندنی بە زمانی دایک هەبێ؟".

میر دەنگیر فورات کە ئەوکات جێگری سەرۆکی ئاکپارتی، واتە جێگری ئەردۆغان بووە، رێگا نادات قسەکانی سەرۆکەکەی بێ وەڵام بمێنێتەوە: "بەڵێ کورد دەوڵەتی هەیە، بەڕێزیشت سەرۆک وەزیری ئەوانی. لە پێناوی منداڵەکانم داوای فێربوونی زمانی کوردیتان لێدەکەم". ئەمجارەیان ئەردۆغان وەڵامی جێگرەکەی ناداتەوە و کۆبوونەوەکە کۆتایی دێت.

کۆبوونەکە تەواوبوو، بەڵام چیرۆکەکە بەردەوامە:

دوای کۆبوونەوەکە دەنگیر فورات یەکسەر بەرەو نووسینگەی ئەردۆغان دەچێت و دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش دەکات! ئەردۆغان دەڵێ: "تۆ تووڕە و هەڵچووی، برۆ کەمێک پشوو بدە". بەڵام میر دەنگیر گوێ بە قسەکانی ئەردۆغان نادات و دەڵێ: "نەمتوانی باوەڕت پێ بێنم، تۆش ناتوانی باوەڕم پێ بهێنی، بۆیە لە بڕیارەکەم پاشگەز نابمەوە".

ئەردۆغان کاتێک دەزانێ کەللەڕەقیی میر دەنگیر لە لووتکەدایە و قسەکردنی زیاتر سوودی نییە، دەڵێت: "دەست لەکارکێشانەوەت کێشەم بۆ دروست دەکات". میر دەنگیر دڵنیای دەکاتەوە: "دەڵێم بە هۆکاری تەندروستی دەستم لەکارکێشایەوە". چیرۆکەکە کۆتایی هات! بەڵام تا دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا لە 2014 کەس ئەو چیرۆکەی نەبیست.

ئەگەرچی چیرۆکی تاقیکردنەوەی دەنگیر میر محەممەد فورات لەگەڵ ئەردۆغان ئاشکرا بوو، بەڵام هێشتا هەندێک سوورن لەسەر ئەوەی کە تاقیکردنەوەی کورد لەگەڵ ئەردۆغان تەواو نەبووە. داوای لێبووردن لەوانە دەکەم کە بەم شێوەیە بیردەکەنەوە، تاقیکردنەوەکە تەواوبووە!

تکایە فێڵ لە خۆتان مەکەن، تاقیکردنەوەکە کۆتایی هاتووە. گەمە سیاسیەکانی ناو تورکیا لەم رۆژانەی دوایی پێماندەڵێ تاقیکردنەوەکە کۆتایی هاتووە، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر دەنگدەریش نەبێ، وەکو چیرۆکەکەی دەنگیر فورات ماوەیەک نایدرکێنن! بەڵێنتان پێدەدەم لە دوای هەڵبژاردنی 7ی حوزەیران وردەکارییەکانی چیرۆکی ئەو تاقیکردنەوەیە دەبیستین.

دوای ئەو بەرواره چارەنووسی چیرۆکی تاقیکردنەوەی میر دەنگیر دەبێتە چارەنووسی هەموو کورد، بە کوردی نێو ئاکپارتیشەوە.



کامەران محەممەد عەزیز

# کورد.. جەنگ و سیاسەت

جەنگ بەردەوام بژارەیەکی سیاسی بووە و لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا لە خەیاڵی دەوڵەتمەدارادایە، بەردەوامیش وەکو پلان B لە ژووری دانوستاندنەکاندایە. کلاوزڤیتز دەمێکە گوتوویەتی "جەنگ بریتییە لە سیاسەتکردن بە رێگایەکی دیکە"، بە پێچەوانەشەوە هەر راستە وەک میشێل فۆکۆ دەڵێت "سیاسەت بریتیە لە جەنگکردن بە رێگایەکی دیکە". هەموو کات تەقەمەنیی جەنگ بریتی نییە لە چەک و تفاق، بەڵکو بریتییە لە سیاسەتیش. سیاسەت لای کلاوزڤیتز، دەبێتە هۆی گۆڕینی بارودۆخی تێکشکاوی جەنگ بۆ بارودۆخێکی بەرهەمدار. هەر لەبەر ئەمە نابێت بارودۆخی جەنگ بە ئاراستەیەکدا بڕوات لەگەڵ ئامانجە سیاسییەکان یەکنەگرێتەوە. رەنگە لە بەرەی جەنگدا براوە بی، بەڵام کاتێک ئەمە یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئامانجە سیاسییەکان ئەوا ئەو سەرکەوتنە هیچ مانایەکی نابێت. جەنگ و ترسی بەرپابوونی جەنگ، بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز هەمیشە بەشێکی سەرەکی مێژووی هزر و سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بووە. رەنگە ئەستەم بێت یەکێک بتوانێت لە سیاسەت تێبگات بەبێ ئەوەی لە جەنگ تێبگات. یان رەنگە هەر لە یەکەم هەنگاودا جیاوازییەک لە نێوان سیاسەت و جەنگدا نەبێت. زۆربەی دەوڵەتەکان لە دەرئەنجامی جەنگەکانەوە دروست بوونە، لەبەرئەوە مێژووی نەتەوەکان مێژووی جەنگەکانە و بە پێچەوانەشەوە. رەنگە لە ژێر باری هەندێ هەلومەرجدا مومکین بێت هەندێک جۆری جەنگ دووربخرێتەوە، رێگە نەدرێت رووبدات، یان بە خێرایی کۆتایی پێ بهێنرێ، بەڵام بە قەولی سۆسیدیس تا "ترس، شەرەف و بەرژەوەندی" مابێت، جەنگیش دەمێنێ، جەنگ بەشێکی ئەبەدییە لە بوونی ئینسان.

کورد ئێستا لە جەنگدایە، بەڵام چۆن لەم جەنگە تێگەیشتووە؟ کێشەی گەورە ئەوەیە هەستکردنی ئەوەی کورد چەوسێنراوەتەوە و ستەمی لێکراوە، بووەتە بەشێکی سەرەکی سیاسەتکردنی. ئەم هەستەی کە کورد بەردەوام قوربانی بووە، بەرچاوی گرتووە کە تێبگات لەوەی ئەم جەنگەش وەکو هەموو جەنگەکان بریتییە لە سیاسەت. بریتی نییە لە نواندنی ئازایەتی بە تەنیا، بریتییە لەوەی چۆن لەو جەنگە تێدەگەی. کاتێک میکاڤیلی دەڵێت "هەرگیز هەوڵ مەدە بەڕێگای هێز ببەیەوە کاتێک دەتوانی بە فریودان ئەوە بکەی"، ئەمە لەگەڵ کوردێتی. مەرج نییە هەزار پێشمەرگە ببێتە قوربانی بۆئەوەی بیسەلمێنی کە ئێمە دژی داعشین. دەبێت کورد فێر ببێت درۆ بکات، فێر ببێت فێڵ بکات. هەر کاتێک ئەوانەی کرد دەتوانێت ببێتە "مرۆڤ". دەبێت هەموو تاکێکی کورد فێر بکرێت چۆن جەنگ دەتوانێت خزمەتی سیاسەت بکات، چۆن قوربانی بۆ قوربانیدان نییە، بەڵکو بۆ سیاسەتکردنە، سیاسەتکردنیش بە واتای ژیان. دەبێت لە رێگای جەنگەوە هەموو کوردێک فێری جوگرافیا و نەخشەی کوردستان بکرێت، دەبێت لە رێگەی جەنگەوە وێنەیەکی نوێ بە کوردبوون بدرێت. من نازانم سیاسەتی کوردی شێوە و باڵای چۆنە، بەڵام دەزانم هەرچۆنێک بێت سیاسەتێکی بێ دایک و باوکە. جەنگی داعش چەندین وێنەی جیاوازی بە کورد بەخشی، بەڵام بێ ئەوەی سیاسەتێک و تێگەیشتنێکی کوردیانە هەبێت لەسەر بنەما، بەها، بەرژەوەندی، ئامانج، هەڕەشە، مەترسی و کێشە گرنگەکان. دەنگێک هەیە حەزی لە جەنگە لەبەر خاتری جەنگ، نەوەک سیاسەت. دەنگێک هەیە حەز دەکات کورد شەڕی شیعەش بکات، چونکە باکیان بە ئامانجە سیاسییەکان نییە. رەنگە هەر وابزانن ئەمە جەنگێکە یەخەی کوردی گرتووە و بێ دایک و باوک لەدایک بووە. ئەوەندەی پێویستە قسە لەسەر سیاسەتی پشتەوەی جەنگی دژی داعش بکرێت، ئەوەندە پێویست نییە خەریکی قسەکردن بین لەسەر دڕندەیی داعش.

جەنگ عیبارەتە لە دەرفەتی گەورە کە رەنگە بێ ئەو جەنگە دەرفەتی وا نەیەتە ئاراوە. دەرفەتێک هاتووەتە ئاراوە بۆئەوەی "نەتەوەی کورد" دروست بێت. سنووری بێ مانای نێوان رۆژئاوا و باشوور کراوەتەوە، رەنگە زۆر کاتی بێت و بە خێرایی دابخرێتەوە، کاتی ئەوەیە نەتەوەی کورد لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بەهای سیاسیی نوێ دروست ببێت، نەتەوەیەک لە قوربانییەوە بۆ دروستکەر. لە خۆشاردنەوەوە بۆ خۆدەرخستن. لە راستگۆییەکی ساویلکانەی بێ پاساوەوە بۆ فریودەرێکی ئامانجدار. لەبەرئەوە سروشتی ناوازەی جەنگ دەبێت بە رێزەوە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



هێمن عەبدوڵڵا

# نەورۆزتان بیرنەچێ

کاتێـک ئـەم دێڕانە دەنووسـم خـۆم ئامادە دەکـەم بۆ سـەفەرێکی کار و دڵنیانیم بۆ نەورۆز دەگەڕێمەوە یان نا. بەڵام ئەگەر لێرەبووم گەرمتر لە ساڵان دەیکەمە جەژن. ناشتوانم لەوانە تێبگەم کە پێیان خراپە ئەمسـاڵ جەژن بکرێت. دەڵێی لەبیریان چووەتەوە بۆچی نەورۆز جەژنە.

گۆرانیبێژێکی زەوقانیی کورد بانگەشەیەکی بۆ کۆنسێرتێکی کرد کە بۆ نەورۆز بەڕێوەدەچێت، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کردیانە ماری ژنان کوشتوو. هەبـوو و هەیـە دەڵێـت کاتێک هوجام سـەری بڕدرابێت و ئەو هەموو شـەهیدەمان هەبێت چۆن دەتوانن نەورۆز بکەنە جەژن و بچنە کۆنسـێرت؟ ئەوانە دەڵێن دەبێ ئەمساڵ بە بێدەنگی لێگەڕێین نـەورۆز تێپەڕێت، نابێ پێبکەنین و ناکرێ دڵمان خۆشکەین. دوای ئەو بەزمەی بەو گۆرانیبێژە کرا، ئەوانەی دیکەش کە بەتەمای کۆنسێرتی نەورۆزانە بوون دەنگیان لەخۆیان بڕی.

راسـتییەکەی ئەو تێگەیشـتنە لە نەورۆز زۆر هەڵەیە. لەوە گەڕێن کە چەندی راستە و چەندی درۆیــە، بەڵام خۆ سـاڵەهایە بڕوامان هێناوە کە زوحاکێکـی خوێنمـژی داعشئاسـا هەبـووە و سەری هوجامەکانی بڕیوە و مێشکەکەی داونەتە مارەکانی سەرشـانی. بڕوامان بەوەشـهێناوە کە کاوەیەکـی ئاسـنگەری پێشـمەرگە هەبـووە و توانیویەتــی زوحاکی داعش لەناوببات و لەسـەر تەپۆڵکەکانی نیشـتمانەکەی ئاگری سـەرکەوتن بکاتەوە. ئەگەر بڕیاربێت لەبەر نیشتمانپەروەری نـەورۆز نەکەینـە جەژن، ئەوە دەبـێ بزانین بەو کارەمان دەبینە نیشـتماننەپەروەر. چونکە ڕێزی خوێنی ئەو گەنجانەمان ناگرین کە زوحاک سەری بڕین. ڕێزی سەرکەوتنەکەی کاوەش ناگرین کە بۆ نەهێشتنی زۆرداری ریسکی بە ژیانی خۆی کرد.

داعـش لـە ئێمە باشـتر لـە واتـای جەژنی نەورۆز تێگەیشـتووە. بۆیە لە ڕۆژانـی ڕابردوودا لـە ڕۆژهەڵاتــی کوردسـتان هەڕەشـەنامەی بڵاوکردووەتــەوە و دەڵێـت لە هەرکـوێ جەژنی نەورۆز بکرێت، تەقینەوەی تێدا دەکەین. هەروەها دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردسـتانیش باش لەو جەژنە تێگەیشـتوون، بۆیە لە شـوێنێکی وەکو ئامەد چەندین جەسـتەی ئاگرتێبەربوو پێویست بـوون تاوەکـو گەیشـتنە ئـەو ڕۆژەی جەژنەکە ڕێگەی پێبدرێت.

لـە وڵاتێکدا کە کێشـەی بودجـە و مووچەی هەبێت، داعش یەخەی پێگرتبێت، هێشـتا تەواو ئاوەداننەکرابێتەوە و جارێ دەوڵەتیشـی نەبێت، ئاسـانترین ڕێگـە بـۆ خۆدزینەوە لـە خەمۆکی هەوڵدانە بۆ شادبوون. هاوڕێیەکی کوردی ئێزدیم دەیگـوت کە لە چیای شـنگال داعـش گەمارۆی دابووین، برسی و ترسـاو بووین، بەڵام لەبیرمان نەدەچوو گاڵتە و گەپ بکەین و نەهامەتییەکانمان بکەینـە نوکتە بـۆ یەکدی. چیرۆکـی نەورۆزیش چیرۆکی سـەرکەوتنە، بەڵام باکگراوندێکی پڕ لە نەهامەتیـی هەیە. بۆیە سـەیرە کورد هەبن دژی جەژنی کۆتاییهێنان بە نەهامەتییەکان بن.

مـن لەجیاتی گۆرانیبێژانی کوردسـتان بم بە ئەرکی نیشـتمانیی خۆم هەڵدەستم و خۆشترین کۆنسێرت بۆ جەژنی ئازادی دەکەم. ئەوەی لێشی تێناگات و نایەوێ بەشـداریی تێدابکات حەواڵەی ئاهورامەزدای دەکەم!



بێستون عوسمان

bestoon.othman@rudaw.net

# پەیامەکەی ئۆجەلان خزمەتی کێ دەکات؟

24 سـاڵ بەسەر ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991دا تێپەڕی. لەم 24 ساڵەدا ئازار و مەینەتی وا گەورە ژیایـن کە هەندێکمان خۆزگەمان بە پێش ڕاپەڕین خواسـت. من پێش ڕاپەڕینم بیرنایە، ژیانی پێش ڕاپەڕینم لە گێڕانەوەکانی دایکمدا ناسـی. راسـتە دەیـان ڕەخنـەم هەیە لە قۆناغـی دوای ڕاپەڕین، بـەڵام هەتـا لە ژیاندا بـم سوپاسـگوزار دەبم بۆ ئـەو قارەمانانـەی ڕاپەڕینیان کـرد و هیچ نەبێت لەژێردەستەیی ئەو جەللادانە ڕزگاریان کردین. من دەڵێم پێویستمان بە ڕاپەڕینێکی نوێیە.

ئـەم گەلـە پێویسـتی بـەوە هەیـە جارێکی دیکـە ڕاپـەڕێ. هەرکەسـە و ڕاپـەڕێ بەرامبـەر بــە خـۆی. فەرمانبەر و فەرمانکـەر، خوێندکار و مامۆستا، نووسـەر و خوێنەر، هەموو پێویستیان بـە سـەرهەڵدانە بەرامبەر بە هەسـت نەکردن بە بەرپرسـیارێتییەکانیان. کەس هەوڵ نەدات خۆی بەری بکات لەم ئەنجامەی لە 24 سـاڵی ڕابردوودا بەدەستمان هێنا. هەموو بەشدارین لەم بەرهەمەدا. لـە بێدەسـەڵاتترین تاکـی کۆمەڵـگاوە هەتـا دەسەڵاتدارترین کەسی ئەم وڵاتە. هەموو دەستمان لەگەیشتن بەمرۆدا هەیە. جا هەرکەسە و بەگوێرەی پێگەی خۆی.

یەکێـک لە گەورەترین کێشـەکانی مرۆڤی ئەم وڵاتە "کورت بیری"یە. زوو شـتمان بیردەچێتەوە. بۆ نموونە، دەمی هەرکەسێک دەکەیتەوە ناڕازییە لە حکومەت، لە بێ مووچەیی، لە بێ کارەبایی، لە ناعەدالەتی و دەیان شـتی دیکە. بەڵام هەموویان کاتێک ڕۆژی دەنگدان دێتەوە، وەکو شێت ڕادەکەن و سـەرە دەگـرن بۆ ئـەوەی دەنگ بدەنـەوە بەو کەسانەی کە لەوەتەی هەن دەنگیان پێدەدەن. ئەم کۆمەڵگایە وەک ئەوەی بیرکۆڵە و بەبێ وەسـتان دەنـگ دەداتەوە بەو سـەرکردانەی لێیان بێزارە، هاوکات ئیفلیجە لە دروستکردنی سەرکردەی نوێ.

بـا سـەیرێک بکەیـن، بزانین لەم 24 سـاڵەدا چیمان دەسـتکەوت و چیمان لەدەستچوو؟ ئەگەر ڕاستتان دەوێ، سەدان دەرفەتمان هاتە بەردەم و هەموویمان لەدەستچوو. دەرفەتمان لەبەردەمدابوو سـوپایەکی نیشـتیمانی بەهێـز دروسـتبکەین، کردمان بە قوربانی شـەڕی ناوخۆ و شـەڕە پەڕۆ (کە دەرهاویشـتەکانی هەتا ئەمڕۆش کاریگەرن). دەرفەتمـان لەبەردەمدا بـوو ژێرخانێکی ئابووریی بەهێـز بۆ ئەم وڵاتە دابڕێژین، کردمان بە قوربانی دوو شت: یەکەمیان دەوڵەمەندکردنی گرووپێک و دووەمیـان مووچەبڕینەوە بـۆ دەیان هەزار خەڵک بەبێ ئـەوەی کارێک بکـەن. دەرفەتـی ئەوەمان لەبەردەمـدا بوو لەسـەر ئاسـتی جیهانی خۆمان بناسـێنین و دۆسـت دروسـتبکەین، ئەوەشـمان کـرد بەقوربانـی سـەرقاڵبوون بـە ناکۆکییـە ناوخۆییەکانمان.

وابزانـم ڕاگەیاندنـی دەوڵەتـی کوردسـتان خەونـی هەمـوو کوردێکە. بـەڵام دەوڵەت کاتێک ڕادەگەیەنرێـت کـە بـە کـرداری لەسـەر ئەرزی واقیـع وجودی هەبێت. دەبێت سـوپایەکی بەهێز و ئابوورییەکی سـەربەخۆت هەبێـت. لە جیهاندا پەیوەنـدی دیپلۆماسـیی سـەرکەوتووت هەبێت، چالاکیی لۆبیت هەبێت هەتا ببیتە دەوڵەت. دەبێت گەلێکی زیندووت هەبێت کە تەنیا خەون نابینێت، بەڵکـو کاردەکات بۆ بوون بە دەوڵەت. گەلێک کە جیاوازیـی ئایدیۆلۆژی نەیکردووە بە 10 کەرتەوە، بەڵکو هەستی هاونیشـتیمانیبوون کردوویەتی بە یەک نەتەوە. بەرپرسـی دانـا و بوێرت دەوێت کە بتوانێت بە کرداری ئیـداری وڵاتەکە بکات، نەک پۆسـتەکەی بـۆ بەرژەوەندیی خـۆی و خێزانی و عەشیرەتی و کوتلەکەی و حیزبەکەی بەکاربهێنێ.

لـەم وڵاتەدا لە سـاڵی 1991ەوە هەتا ئێسـتا بۆشـاییەکی ئیـداری هەیە کە لـە بەرزترین یەکە ئیدارییەکانەوە شـۆڕبووەتەوە هەتـا نزمترینیان. هۆکاری سـەرەکیی ئەمەش بوونی ناوەندی هێزی ئەڵتەرنەتیڤـن کە لـە دامودەزگاکانـی حکومەت بەهێزتـرن. کاتێـک یەکێـک هـەر پۆسـتێک وەردەگرێت، بێ لەو بەرپرسـە ڕاسـتەوخۆیەی لە چوارچێوەی پەیکەری ڕێکخستنی فەرمیدا هەیەتی، چەنـدان کەس و لایەنـی دیکە هەن کە کاریان بۆ دەکات. پێـش هەموو شـتێک کار بۆ حیزبەکەی خـۆی دەکات، ئینجـا ئـەو باڵـەی کـە کاندیدی کردووە. کار بۆ سـەرۆک عەشـیرەتەکەی دەکات. خزمەتـی هەمـوو ئەمانـە دەکات، تەنیا شـتێک خزمەتی نەکات ئەو ئەرکەیە کە پێی سـپێردراوە. ئەم گەڕەلاوژێیە لە ساڵانی ڕابردوودا سەدان گوندە و دەوڵەمەندی یاسانەناس و مافیای دروستکرد.

هەتـا لەم وڵاتەدا بە ئەرک بگوترێت "پۆسـت" و بەپێـی ئینتیمـای حیزبـی بەسـەر کادری پارتەکانـدا دابەشـبکرێت، لە چنگـی گەندەڵی و دزی و بۆشـایی ئیداری ڕزگارمان نابێت. لە یادی ڕاپەڕیندا پێویستە ڕاپەڕینێکی نوێ بکەین. ڕاپەڕین بەرامبەر بەم غیابی ئیدارەیە. کوردستان پێویستی بە حکومەتێکی بەهێز هەیە کە لەسـەروو هەموو ناوەندەکانـی دیکـەی هێزەوە بێـت. حکومەتێک کە وەزارەتەکانی دابەش نەکرابن بەسـەر حیزب و باڵی ناو حیزبەکاندا، بەڵکو لە کۆمەڵێک کەسـی دڵسۆزی تەکنۆکرات پێکهاتبێت کە چاوبرسی نەبن و مەبەستیان خزمەتی گەل بێت، نەک خۆیان.

لەسـەر ئاسـتی باڵا، ئەمجارە دەبێت ڕاپەڕین ڕاپەڕینی سیسـتەم بێت بەسەر فەوزادا، ڕاپەڕینی دەوڵەتـداری بەسـەر خێڵەکیـەت، ڕاپەڕینـی موئەسسەساتی بوون بەسەر کوتلە و کوتلەچێتی. بەکورتـی ڕاپەڕینـی حکومـەت بەسـەر ناوەندە نایاساییەکانی هێز. لەسەر ئاستی تاکیش، ڕاپەڕین بەسەر تەمبەڵی و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی و بیرکۆڵی و بەشداربوون لە بنیادنانی گەندەڵی و ناعەدالەتی.



محەممەد حاجی کەریم

# کورد لە بەغدا چ کارەیە؟

وەک ئەوەی نوێنەری عەبادی بێت، ڕاوێژکارێکی سەرۆک کۆماری عێراق لە شاشەی تەلەفزیۆنێکی کوردییەوە قسـەی دەکرد. دەیویست بیسەلمێنێ کە عەبـادی پیاوێکی چـاک و نیازپاکە، چونکە چەنـد جارێک لـە کۆبوونەوەکانـی ئەنجومەنی وەزیران ستایشی پێشمەرگەی کردووە.

ئـەو، بـە لۆژیکـی گیرفانـی گەرمـەوە، بـۆ حکومەتێـک دەپاڕایـەوە کـە پتـر لە سـاڵێکە میللەتەکەی برسی دەکات.

ئـەوەی عەبادی لـە کۆبوونـەوە داخراوەکاندا دەیڵێت، نەک هەر گرنگ نییە، بەڵکو وەک ئەوە وایە نەگوترابێ. ئاخر قسە چ بایەخێکی هەیە کە تۆ بە کردەوە درێژە بە سیاسـەتی برسـیکردنی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بدەی.

بـەو پێوەرە بـێ، عەبادی ناحەقی نییە نەک هـەر نانمان ببڕێ، باش نییە خەونبینینیشـمان لێ قەدەخە ناکات. سـەرۆک وەزیرانی عێراق ئەو جۆرە پارێزەرە کوردانەی هەبێ، باکی بە چییە؟ بۆچـی تۆزقاڵێک لە سیاسـەتی پەراوێزخسـتن و برسـیکردنی خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان بسڵەمێتەوە؟

ئـەو، بە هەمـوو ئەقڵـی خۆیـەوە دەیگوت، کێشـەی نێوان هەرێم و بەغدا کێشـەی سیاسی نییە. ئۆباڵی قوڵبوونەوەی کێشەکانیشی دەخستە ئەستۆی خودی کورد.

ناکرێ حکومەتی هەرێم لە هەڵە و بەرپرسیارێتی ئەو دۆخە بەدوور بگرین، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییـە خۆمان ببینە دەهۆڵکـوت و زوڕناژەنی ئەو حکومەتە بۆگەنەی، ئامانجی ڕەزیلکردنی خەڵکی کوردستانە.

دەبـێ ئـەوە بزانیـن، بەڵێـن و قسـەکانی کاربەدەسـتانی بەغـدا بۆ کورد لـە موجامەلەی سیاسـی زیاتر نین. بەداخەوە کـورد لە گەرمەی مافخـوران و غەدرلێکردنیدا، بـە موجامەلەیەکی درۆزنانەی کاربەدەسـتێکی بەغدا، هەموو کەف و کوڵەکەی دادەمرکێتەوە.

ئـەو غـەدرەی بەغدا لە هەرێمی کوردسـتانی دەکات، هی ئەمڕۆ نییە، ئەوە نەک هەر سیاسەتێکی نوێ نییە، بەڵکو هەر لە دەستپێکی عێراقی بەزۆر پێکـەوە لکێنـراوەوە، مێژوویەکـی ڕەگداکوتاوی هەیـە. لە هیچ قۆناخێکـدا حکومەتەکانی عێراق وازیان لە سیاسەتی تەنگپێهەڵچنین و ستەمکاری خۆیـان نەهێناوە. ئینجا ئەگەر کێشـەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا سیاسی نەبێت، ئەی دەبێ چی بێ؟ ئەگەر بڕوا بەو ڕاستییە نەهێنین، کەواتە هێشتا لە ئەلف و بێی سیاسەت تێنەگەیشتووین و ڕوانینمان بۆ کێشـەکان نەک هەر ڕۆشـن نییە، بەڵکو زۆریش ساویلکانەیە.

لەم قۆناخەدا، کاربەدەستە کوردەکانی بەغدا، هەر لە سەرۆک کۆمارەوە بگرە تا جێگرانی سەرۆک وەزیران و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و وەزیر و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران، بێ کاریگەرین و وەک مێروولەی ژێر پێی فیلیان لێهاتووە. بەڵام وەک ئەوەی بەخۆیان نەزانیبێ، زۆر جار خۆیان لێ وندەبێ و بە بیانوو هێنانەوە و هۆنینەوەی بەندو باڵۆرەی جیا جیا، مەبەستیانە خۆڵ بکەنە چاوی میللەتەکەیان و وای نیشـان بدەن، ئەوان شتن و زۆریان لەدەست دێ.

ئـەی ئەگـەر ئـەو کاریگەرییەیـان هەیە، ئەو گاڵتەجارییـەی بەغدا بەرامبـەر هەولێر بۆ تەواو نابـێ؟ بوونـی کـورد لـە بەغـدا چ مانایەکی بۆ دەمێنێتەوە، ئەگەر خەڵکی کوردسـتان هەمیشە چـاو لە دەسـتی بەغدا، بە چەشـنی سـواڵکەر بمێنێتەوە؟

ئاخـر بەغدا وادەزانێ خێرمـان پێدەکات، بە لۆژیکـی ئەوەتـان دەدەینـێ و ناتاندەینــێ کات دەکوژێ و دەمانترسێنێ.

لـەم سـۆنگەیەوە، هەسـت دەکرێـت ڕۆڵـی بەرپرسـانی کورد لە بەغدا تەنێ لەسـەر ئاستی قسە و لێدوان بۆ میدیا کورتبووەتەوە. ئەوان قسە گەورەی بێ کردەوەن. لەو دۆخە سەختەدا، هەزار قسە هیچ بە هایەکیان نییە.

ئەگەر بڵێین ئامادەیی بەرپرسانی ئێستای کورد لە بەغـدا، لە ئامادەیی ئەو بەرپرسـە کوردانەی سەردەمی حکومەتەکانی پێشووی عێراق دەچێ، ڕەنگـە زێدەڕۆییمـان نەکردبـێ. ڕاسـتە لەڕووی قۆناخ و ئەرک و کەساییەتییەوە، لێکچوونەکە ڕەوا نییـە، وەلێ لەڕووی دەسـتکەوت و ڕۆڵبینینەوە، مەودایەکی دووریان نییە.

گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا کورد لـە بەغـدا چ کارەیە؟ نەک هـەر زەحمەت نییە، بەڵکـو زۆریش ئاسـانە. بە خوێندنـەوەی واقیع تێدەگەین، بەشداری کورد لە بەغدا تەنیا شکڵییە، ئەگەر خێرێکیشی هەبێ، بۆ خودی ئەو بەرپرس و نوێنەرانەیە.

تا ئەمڕۆ بەڵێنەکانی بەغدا لە قسەی ڕووکەشانە ڕەتی نەکردووە، بەمەش کێشـەی نێوان هەولێر و بەغدا، نـەک ڕێگەی چارەسـەری نەدۆزیوەتەوە، بەڵکو تا دێ ئاڵۆزتر و پڕ گرێتر دەبێ.

پرسـیار ئەوەیە، بەغدا لە کاتێکدا کە خوێنی لەبەر دەچۆڕێ و لەوپەڕی شکست و پشێویدایە، کەمتریـن مافمان پێ ڕەوا نابینێـت، ئەی ئەگەر سبەی خۆی لە دۆخێکی بەهێزدا بینییەوە، دەبێ چ مامەڵەیەکمان لەگەڵدا بکات؟.

هەنووکە کورد سـەنگی مەحەکی لە هاوکێشە سیاسـییەکانی عێـراق لـە دەسـتداوە و توانای بەدەسـتهێنانی مافەزەوتکراوەکانـی نییـە. زۆر زەحمەتـە بەغدا بە ئاسـانی بکەوێتـە ژێر باری داواکانمـان. هەروەک دەبینین لە کردنەوەی گرێ کوێرەی کێشەکاندا، هیچ جددیەتێکی لێ نابینرێت.

حکومەتی عێراق لە کێشـەی نێـوان هەرێم و بەغـدادا بێ زیانە، ئەوەی باجەکە دەدات خەڵکی کوردسـتانە. بەغـدا دەیەوێـت بـە سیاسـەتی برسـیکردن و بێبەشـکردن لـە مافەکانمـان، بە هێواشی بمانکوژێ.

هێـزی عێراق لـە دیکتاتۆریەت و سـڕینەوەی ئەوانـی دیکەدایە. عێراق توانایەکی بێ هاوتای لە بەرهەمهێنانی ئازار و نەهامەتییەکاندا هەیە. ڕاستە بارودۆخەکـە گـۆڕاوە، وەلێ هێشـتا دەوڵەت بە هەمان فەلسەفە و ئەقڵیەتی جاران بەڕێوەدەچێ. عێراق ڕووبەرێکی ڕاسـتەقینەیە لە نادادپەروەری و پەراوێزخسـتنی بەشـێک لە نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکان.

بـە کورتی ئەگەر بە فورمێکی تریشـەوە بێ، عێراقی سـەردەمی عەبادی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ عێراقی سـەردەمی سـەدام و جەعفەری و مالیکیـدا نییە. بۆیە بێ هۆ نییـە کە دەگوترێ، لە سـایەی ئەو ئەقڵیەتەدا، هیوایەکی باشـتر بۆ داهاتوو زۆر دژوارە.



دانا نەوزەر

# خەونەکەی خومەینی

ماوەیـەک بەر لە شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێران، ڕوحوڵـڵا مسـتەفا خومەینـی کە دواتـر بە ئیمام خومەینی ناسرا، خەونێک دەبینێ. لە خەونەکەیدا دەخرێتە گۆڕەوە، بەڵام بەردێک ئازاری پەراسووی دەدات. لـەو کاتەدا ئیمـام عەلی دێت و ئەو بەردە دەردێنـێ و لە ئازارەکە ڕزگاری دەکات. یەکێک لە دۆسـتانی خومەینی بەناوی ئایەتوڵڵا کشمیری وا ڕاڤەی خەونەکە دەکات کە شـا دەڕوات و شۆڕشی ئیسلامی سەردەکەوێت.

"پیاوانی ئاینی نایانەوێ دەسەڵات بگرنە دەست"، "ئەوانەی پێیانوایە کە دەبێت پیاوانی ئاینی دوور بن لە دەسـەڵات، دژی بەرژەوەندییەکانی ئێرانن و ژینگەکە ژەهـراوی دەکەن". ئـەو دوو لێدوانە زۆر جیـاواز و دژ بەیەکە هەردووکیان لێدوانی ئایەتوڵڵا خومەینی، دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانن. یەکەم قسـەی هی ئەو کاتەیە کـە پەناهەندە بوو لە پاریس و دووەم لێدوانیشـی شـەش مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانیەکانە دژی شا. لە نێوان هەردوو لێدوانەکەشدا تەنیا یەک ساڵ هەیە.

شۆڕشـی ئێرانیـەکان دژ بە شـا شۆڕشـێکی ئیسـلامی نەبوو، بەڵام زیرەکی و لێزانیی ئایەتوڵڵا خومەینـی وایکـرد کە ئـەو مێژوو بنووسـێتەوە. خومەینـی تەنیـا یەکێک بـوو لە سـەرکردەکانی شۆڕشـەکە، بەڵام بە هێمنی یەک بە یەکی دوژمنە سـەرەکیەکانی خۆی ڕەوانەی گۆڕسـتان و زیندان و ماڵــەوە کرد. لە ماوەی تەنیا 5 سـاڵدا، حیزبی تـودەی کۆمیونیسـت و موجاهیدینـی خەلـق و کوردەکان و سوننەکانی یەک لە دوای یەک لاوازکرد و کۆمـاری ویلایەتـی فەقیهـی لەسـەر مەزهەبی شـیعەی 12 ئیمامی دامەزراند. لە ئێرانی ئەمڕۆدا تەنیـا خومەینی و میراتەکەی ماون و ئەوانی دیکە یان لە گۆڕسـتانن، یان لە زیندان یان لە دەرەوەی ئێرانـەوە چاوەڕێـی ئـەو ڕۆژە دەکەن کە لەسـەر دەبابەکانی ئەمریکا بگەڕێنەوە بۆ تاران.

بـەڵام ئـەوەی ئێسـتا ڕوودەدات، پێچەوانـەی چاوەڕوانیـی نەیارەکانـی کۆمـارە ئیسـلامیەکەی خومەینیە. ئێسـتا دیمەشـق و بەیروت و بەغدا و سەنعا، چوار پایتەختی گەورەی عەرەبی، بوونەتە دەستەخوشـکی تـاران. سـوپای پاسـداران کـە بەرهەمی خەیاڵدانی ئایەتوڵڵا خومەینیە، ڕاستەوخۆ یـان لەڕێـی وەکیلەکانیـەوە ئامادەگـی هەیە. لە 2008 حیزبوڵڵای لوبنانی بە سەرۆکایەتی حەسەن نەسروڵڵا کە بە "خومەینی عەرەب"یش ناودەبرێت، لـە ماوەی چەند سـەعاتێکی کەمدا دەسـتی گرت بەسـەر بەیروتـی پایتەختـی لوبنانـدا. ئەگەرچی دواتر هێزەکانی کشاندەوە، بەڵام توانی ئەو پەیامە بـە هەموو نەیارەکانـی بدات کە قسـەی ئەوەڵ و ئەخیـر لای "خومەینی عـەرەب"ە. دواتریش توانی حکومەتەکەی سەعد حەریری هاوپەیمانی سعودیە بڕووخێنـێ و بـە هاوپەیمانیەکـی زیرەکانە لەگەڵ مەسیحیەکان، حکومەتێکی نوێ دروست بکات کە حیزبوڵڵا برا گەورەیە تێیدا.

لەگـەڵ هەڵگیرسـانی شۆڕشـی سووریاشـدا، فیدائییەکانـی سـوپای قـودس بەناوی پاراسـتنی "مەقامی سـەیدە زەینـەب" و نزرگـە پیرۆزەکانی شیعەوە بەرەو سووریا کەوتنەڕێ و بوونە بەشێکی گرنگی شـەڕی پاراسـتنی دیمەشـق. ئێران سڵی نەکردووەتـەوە لەوەی بە ئاشـکرا هەواڵی کوژرانی سـەرکردە گەورەکانی خۆی لە دیمەشق و حەڵەب بڵاوبکاتەوە. ئەگەرچی ئێران دەڵێت کە سـەرکردە سـەربازییەکانی تەنیـا وەک ڕاوێژکاری سـەربازی لەوێـن، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئەگەر ئێران و حیزبوڵڵا نەبوونایە، سوپا دابەشبووەکەی بەشار ئەسەد توانای مانەوەی نەبوو.

لە یەمەن، بزووتنەوەی حوسیەکان کە بەشێکی زۆری سـەرکردەکانی سـەر بە مەزهەبی شـیعەی زەیدیـن، سـاڵانێکی زۆر لە ناوچە شـاخاویەکانی پارێـزگای سـەعدە دژ بـە حکومـەت جەنـگان. دواجار دوای بەهاری عەرەبی و شۆڕشـی یەمەنی، حوسـیەکان بوونە بەشـێک لە هێـزی جەماوەری دژ بە عەلی عەبدوڵڵا سـاڵح، سـەرۆکی پێشـووی یەمـەن. ئەگەرچی بۆ ماوەیـەک بوونە هاوپەیمانی هێزە شۆڕشـگێڕەکان، دواجار کۆتایی 2014 باری ناسـەقامگیری یەمەنیان قۆستەوە و بە ماوەیەکی کەم دەسـتیان بەسـەر باکووری یەمەن و سەنعای پایتەختدا گرت. ئێستاش ڕۆژانە فڕۆکە ئێرانییەکان چەک و تەقەمەنی قورس و سووکیان پێدەگەیەنن.

لـە عێراقیـش، لـەدوای 2003 و کەوتنـی سـەدامەوە، شـیعەکانی عێـراق کـە زۆرینەیـان هاوپەیمانـی سـتراتیجیی ئێرانن، بوونـە خاوەنی پێگـەی یەکەم لە وڵاتدا. ئێـران لەڕێی هاوپەیمانە سیاسیەکانیەوە دەستی بەسەر سیاسەتی عێراقدا گرت و لەڕێی میلیشیاکانی هاوشێوەی بەدر و سەدر و ناوەکانی دیکەشـەوە گەورەترین سەرئێشەی بۆ ئەمریکا دروستکرد. ئێستاش جەنەراڵە ناسراوەکەی سـوپای قودس، قاسم سـلێمانی، وەک ڕێکخەری گشـتی میلیشیا شـیعەکانی عێراق مامەڵە دەکات و لـە وەزیری بەرگریی عێـراق زیاتر ئاگاداری باری ئەمنیی وڵاتەکەیە. بە وتەی خۆی، ئەوان هەولێریان پاراست لە هێرشی داعش و وێنەی ماچ و تەوقەکانی لـە نزیک جەلەولا بڵاوبوونەوە و لەم ڕۆژانەشـدا لە تکریتە و سەرپەرشتی هێرشی 30 هەزار سەرباز و حەشدی شیعە دەکات بۆ سەر داعش.

لەکاتێکـدا ئێران پـەل دەهاوێت، ئیسـرائیل و ئەمریـکا و ئەورووپـا ناکۆکـن لەسـەرئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ "بۆمبە ئەتۆمیـە چاوەڕێکراوەکە"ی بکەن. جەمسەرەکانی سیاسەتی سوننیش، تورکیا و سـعودیە و میسـر، بەهـۆی جیاوازییـە قووڵـە سیاسـی و ئایدیۆلۆجیەکانیانـەوە دەستەوەسـانن لەئاسـت هەژموونی ئێراندا. هەموو لایەکیش باش ئەو ڕاسـتیە دەرک دەکەن کە لەمەودوا شەڕ بکەن یان دانوسـتاندن، مامەڵە لەگەڵ ئێرانێکی بەهێزتر دەکەن.

خەونـی خومەینـی ئەوەبـوو کـە شۆڕشـە ئیسلامیەکەی هەناردەی نزیک و دوور بکات. خۆی شکسـتی هێنا لەوەی ئـەو خەونە جێبەجێ بکات و لە یەکەم هەوڵیدا ڕووبەڕووی شـەڕێکی هەشـت سـاڵە بـووەوە لەگـەڵ عێراقدا. بـەڵام ئەمڕۆ هەر ڕۆژە و پایتەختێکـی عەرەبـی وێنەکانی خومەینی بەرزدەکاتـەوە و ئینتیمـای خـۆی بـۆ ئایدیاکانی خومەینـی دەردەبڕێت. وەک شـێخ نەعیم قاسـم جێگری سەرۆکی حیزبوڵڵا دەڵێ "ئیمام خومەینی خەونی پێشینانی بەدیهێنا، ئێمەش خەونەکەی ئەو بەدیدێنین".



سوهێر قەیسی *

# تەنووری قوڕ

ئەمساڵ لەکاتێکدا ساڵرۆژی ئافرەتان پیـرۆز دەکـەم، خـوای گـەورە چاکەی لەگەڵ کردم و لە چەند مانگی ڕابردوودا ئـەو ئافرەتانەم بینین کـە بۆ من بوونە ئیلهامبەخش.

لـە چیرۆکـی ئافرەتێکـی ئێزدییەوە دەسـتپێدەکەم کـە لەسـەر تەنوورێکی قوڕ چاوم پێیکەوت. تەنوورەکە لەلایەن ئافرەتـە دەربـەدەرە ئێزدییەکانـەوە دروسـتکرابوو کە لە کەمپـی خانکێ لە دهـۆک گیرسـاونەتەوە. هـەر زوو بـە زمانی دڵ نەک وشـە لێک تێگەیشـتین. فێریکردم چۆن هەویرەکە ئامادە بکەم پێش ئەوەی بیخەمە تەنوورە گەرمەکەوە، بـۆ ئـەوەی ببێتـە نـان. دوای چەند سـاتێک لـە پێکەنیـن لەنێو سـەرمای سەختی دهۆکدا، داوام لە وەرگێڕەکە کرد کە لەبارەی نهێنی زەردەخەنە دیارەکەی پرسیاری لێبکات، هەروەها لەبارەی ورە بەرزییەکەی پرسیاری لێبکات لەنێو ئەو ڕەوشـە خراپەی دەربەدەریـی خۆیاندا. ئەویش بەوشـێوەیە وەڵامی دایەوە: من دڵخۆشـم سـەرەڕای ئەو ژیانە سەختە، چونکە توانیم کچەکانم لە کۆیلەکردنی داعش ڕزگاربکـەم. دوای وەڵامەکـەی نازانم چۆن فرمێسکەکانی خۆم گرتنەوە، لەوکاتیشـدا وێنەی کچانی هاوتەمەنی خۆم و بچووکتر هاتنە خەیاڵم کە لە ژێر ئەشـکەنجەدا ناچاری شـووکردن بکرێن لەگـەڵ هەنـدێ جانـەوەردا لەژێر ناوی "جیهادی نیکاح"ی لەعنەتیدا. هەستم بە بچووکی و دەستەبەستراوی کرد بەرامبەر کێشـەی ئەوانە کە هێشـتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـی دەسـتەوەسـتانە بەرامبەر ڕزگارکردنیان.

ئـەو ئافرەتـە ئێزدییـە، زۆر ئازایانە توانی لەگەڵ کچەکانیدا خۆی ڕزگاربکات، چەندین کاژێر بەپێ ڕۆیشتووە بۆ ئەوەی پێـش ئەوانیدیکـە خـۆی ڕزگار بکات. سـەرەڕای سـەختیی ژیان، هێشـتا بە گەشبینییەوە تەماشای ئایندە دەکات.

چیرۆکـە ئیلهامبەخشـەکەی دیکەش لەلایـەن ئافرەتێکـی پەککەوتـەی نێو کەمپـی عەلیاوە بـوو لـە خانەقین. لە یەکەمین ئەو کەسانە بوو کە لەو کەمپە پێشـوازیی لێکـردم. سـەرەڕای هەموو شـتێک ئـەو ئافرەتە هێشـتا هیوایەکی زۆری بە ژیانـە. ئاواتی گەورەی ئەوەیە ژن بۆ کوڕە گەورەکەی بێنێت و پێیوایە نـە داعش و نە گەورەترین تیرۆر ناتوانن ڕێگـەی ئـەوەی لێبگرن کـە نەوەکانی خۆی ببینێ. کەسایەتییەکی گەشبین و تایبـەت بوو، لەلای ئەو ژیان سـەرەڕای هەموو شتێک بەردەوام دەبێت.

چیرۆکی سێیەم، چیرۆکی ئافرەتێکی کریسـتیانە کە لەنێو هەیکەلی مۆڵێکی عەنـکاوەدا نیشـتەجێیە لـە هەولێـر. ئـەو ژنە ئازایـە هەموو بەرپرسـیارێتی خێزانەکەی لە ئەسـتۆدایە. وانە دەداتە منداڵەکانـی، بەهـۆی نەبوونـی توانای چوونـە قوتابخانە، هەمـوو زێڕی خۆی فرۆشـتووە بـۆ ئـەوەی هاوسـەرەکەی بتوانێت کارێکی پێ بدۆزێتەوە. من لەنێو ئەو هەیکلەدا ئەوم بینی، لەو بەیانییەدا زۆر چالاکانـە خەریکی لێنانی فاسـۆلیا بوو لەسەر تەباخێکی بچووک. زۆر ئارام و زۆریش گەشبین بوو کە شوێنێکی زۆر باشتر بۆ خێزانەکەی دەدۆزێتەوە.

دەمـەوێ بـە چیرۆکـی ئافرەتێـک کۆتایـی بێنم کـە هێشـتا نەمبینیوە و زۆر حەزدەکەم بەردەوام قسـەی لەگەڵ بکـەم. ناوی (ئـوم کەریمە)یە هەروەک لـە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا ناو دەبرێ. ئـەو ئیلهامبەخشـەی مـن تەمەنـی گەیشـتووەتە نزیکەی حەفتا سـاڵ و لە نەخۆشـخانەیەکی بەغدا کاردەکات. ئەو لـە بنەڕەتـدا خەڵکی شـاری سـەدرە. سـەرەڕای ڕەوشـی تەندروستیی خۆی، بڕیاری داوە سەربەرزانە خۆی بژێنێت. مـن لێرەدا بێدەنـگ دەبم، چونکە هیچ قسە نامێنێ و کڕنۆشت بۆ دەبەم پوورە ئوم کەریمە.

هەمیشـە ئێوەم بەبیردێتەوە و هێزی خۆم لە ئازایەتـی ئێوە وەردەگرم. زۆر سوپاستان دەکەم.

***ڕۆژنامەڤانێکی عێراقییە و میدیاکارێکی گرووپی mbcیە، هەفتانە ئەو گۆشـەیە بۆ ڕووداو دەنووسێت.**

**ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# ئەڤین ئاسۆ: پێویستم بە پڕوپاگەندە نییە

« 10

**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** ساڵح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران :** هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net





